# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٦٠)- (١٠)ی نیسان ٢٠٢٣

ئاوات و ئامانجی مەسرور بارزانی لەوەی ئەنجام دراوە زۆرتر و زیاترە

ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم ڕۆڵی لە تێپەڕاندنی یاسای بودجەی عێراقدا دەبێت

# قۆناخێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵی






# بڕیاری ئەمەریکا بۆ ڕووخانیی ڕژێمی سەددام حوسێن

## سەردانەکەمان بۆ واشینگتۆن، ڕووداو و هەنگاوەکانی دوای سەردان

٦١

دوای ئامادەکارییەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان، ڕۆژی ١٥ی نیسانی ٢٠٠٢ لە فرانکفۆرت و بە فڕۆکەیەکی تایبەت کە بۆمان ئامادەکرابوو لەگەڵ هۆشیار زێباری و مەسروور بارزانی بەرەو ئەمەریکا بەڕێ کەوتین. لە ئەمەریکا مام جەلال و بەرهەم ساڵح و پاڤێل لە بابەتی هاتوچۆ و شوێنی مانەوە ئامادەکاریی پێویستیان کردبوو. سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا سەردانێکی ڕانەگەیەندراوبوو.

هەر ڕۆژی دوای گەیشتنمان بۆ واشینگتۆن کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ ئەمەریکییەکان دەستی پێ کرد و لە یەکەم دانیشتندا ماک لۆخلن، جێگری سەرۆکی سی ئای ئەی و جەنەڕاڵ وین داونینگ، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و ڕایان کرۆکەر، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە بەشدار بوون. بە واتایەکی دی بەیەک جار لەگەڵ نوێنەرانی کۆشکی سپی و سی ئای ئەی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کۆ بووینەوە.

ئەوان بە ناوی ئیدارەی ئەمەریکاوە قسەیان کرد و ئەم پەیام و بابەتانەیان خستە ڕوو:

- ئەمەریکا بڕیاری داوە کە پێویستە ڕژێمی سەددام لە دەسەڵاتدا نەمێنێت.
- پێویستە کورد بەتەواوی بە مافەکانیان بگەن.
- ڕێگە بە هیچ جۆرە دەستوەردانێکی دەرەکی نادرێت.
- ئەمەریکا بە سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق ڕازییە.
- هیوایەکی زۆرمان بە ڕۆڵی کورد هەیە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا.

# چاپکراوی نوێ




لە بڵاوکراوەکانی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی (پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان- قەزای مەخموور وەك نموونە ٢٠٠٤-٢٠٢٠) لە نووسینی (دیار مەلا خدر) کە پووختەی توێژینەوەیەکە نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٢١ پێشکەشی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەڵاحەدینی کردووە، لە دووتوێی (٢٦٧) لاپەڕە کەوتە بەردیدی خوێنەرانەوە. هەروەکو لە ناونیشانی کتێبەکەڕا دیارە باس لە قەزای مەخموور دەکات کە هەرچەندە بە کردەیی لە ساڵی ١٩٩١ لە پەناگەی ئارام کە پێشینەی هەرێمی کوردستان بوو جیاکرایەوە، بەڵام بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە پارێزگای هەولێر دابڕێنراو، بە پارێزگای نەینەوا لکێندرا، دوای ڕووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ گرفتی مەخموور بووەتە بەشێك لە پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان و چارەنووسی قەزاکە بەستراوەتەوە بە چارەسەری گشتیی پرسەکە.


لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی بابەتیانە لە هۆکارو فاکتەر و پاڵنەرەکانی گرفتی دابڕاندنی ناوچەکان بە گشتی و قەزای مەخموور بە تایبەتی دەکۆڵرێتەوە، قۆناغ و پەرەسەندن و دەرهاویشتەکان بە وردی شی دەکرێنەوە. بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە و کات و شێوازی دابڕانی جیاوازی دەڤەرەکە لە دەڤەرەکانی دیکەی هاوشێوەی ڕوون دەکرێنەوە، لەگەڵ شێوازی تایبەتی چارەسەری گرفتی قەزای مەخموور وەك سەرەتا بۆ دەستپێکردنەوە بە تەواوکردنی چارەسەری پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەپێی دەستوور.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە لە ڕیشە و پەرەسەندن و ڕەهەندەکانی ئەو پرسە گرنگ و هەڵپەسێردراو و ئاڵۆزکراو و مەترسیدارە بکۆڵدرێتەوە.

نووسەر بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژنەوەیە پشتی بە دەیان سەرچاوە بەستووە، لە کتێب و گۆڤار و وتار و بڵاوکراوەی مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران و سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکانی زانیاری بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.. دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




دیندار دۆسکی:



**نابێت ململانێی سیاسیی نێوان حزب و لایەنەکان بگاتە ئەو ئاستەی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بەر مەترسییەوە**

محەمەد ئەمین فارس:




**رێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەنگاوێکی گرنگە بۆ دارشتنەوەی رەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی**

خەدیجە عومەر مزووری




**لە رۆژە سەختەکاندا کارامەیی و لێهاتوویی سەرۆکی حکومەتی خەڵک دەرکەوت**

پ. د.کامەران ساڵحی



**لاوازیی بەهاکانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی هۆکار و چارەسەر**

کلارا ئۆدیشۆ:



**بە پێداگریی سەرۆک بارزانی مافی کریستیانەکان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا جێگیر کرا**


خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

بەرێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

بەرگ:
لوقمان رەشیدی

وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی


بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو:



**پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق چووەتە سەردەم و قۆناغێکی نوێوە**

ئاڤان عەزیز:

**فێرکاریی خۆبەخشانەش هەلی کار بۆ زۆر کەس دەڕخسێنێت**



**وشکبوونی پێستی ژێر چاوەکان**



**ماوسێکی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی**



کارۆخ ئیبراهیم:

**دەمانەوێت لە هەشت دیواردا جیاوازییەک نیشان بدەین و تاکی کورد تەنیا لە بابەتی کرچوکاڵیی ڕۆژانەدا کۆنەکەینەوە**



بەهار رەحیم:

**یاریزانی باش هەیە لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە یانەکان بایەخی پێ نادەن**





# مانگی ڕەمەزان و پرسی ئیمان و نیشتمان

مانگی ڕەمەزان وێڕای ئەوەی مەوسمێکی تایبەتمەند و شەعیرەییەکی گەورەی ئیسلامە، لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی گرنگە بۆ دووبارە نوێکردنەوەی هەست و بەرپرسیارێتیی تاکی موسڵمان بەرانبەر ئەرکە ئایینی و نیشتمانی و مرۆڤایەتییەکان، چونکە دینداری و هەستی نیشتمانپەروەری وەك دوو چەمکی وابەستە، هەمیشە وا دەخوازن مرۆڤ لە ڕێی ئایینیەوە خزمەتی نیشتمان بکات و لە ڕێی هەستی نیشتمانیشەوە خزمەتی نەتەوەکەی بکات و ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و پاراستنی ئارامی.

لەو سۆنگەوە گەلی کورد هەمیشە دوو شت بەلایەوە زۆر گرنگ بووە و لێکیان جیا ناکاتەوە، یەکەمیان ئینتیما بۆ دین، دووەمیان ئینتیما بۆ نەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەمنی قەومی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەرەی سەندووە، کەواتە ئینتیما بۆ دین و نەتەوە تەواوکەری یەکترن و زۆر جار دین ڕۆڵی ڕابەری گێڕاوە لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییدا، بۆیە کە دەڵێین ئەمنی نەتەوەیی واتە دابینکردنی ئارامی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوە و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی.

ئەگەر سەیری ئیسلام بکەین، دەبینین مەبەست و بنەماکانی کار بۆ ئەوە دەکەن ئەم ڕەهەندە فەراهەم ببێت، بەشێکی زۆری ئەرك و پەرستشەکان بە ئامانجی دروستکردنی ئارامیی کیان و کۆمەڵگە مرۆڤ ئاراستە دەکەن و ڕایدێنن لەسەر هەنگاوە ئەرێنیەکانی پەیوەست بە دەوروبەریەوە، ئەوەتا پێغەمبەر ئیبراهیم کاتێ لە شاری مەککە نیشتەجێ بوو، یەکێك لە نزایەکانی ئەوە بوو: «خودایە ئارامی بە سەر ئەم شارەدا بێنە و خێر و پیتوبەرەکەت بە سەر خەڵکەکەیدا بڕێژە».

بە پەیڕەوی لەم ڕەهەندە گرنگە، ئیسلام وەك دوایین ئایین سەرچاوەیەکی گەورەی هێنانەدی، ئەمن و ئارامیی کیان و کۆمەڵگەی لە بەرچاو گرتووە و لە دیاریکردنی سیستمی گونجاو بۆ دابینکردنی ئارامیدا پێشکەوتووە، ئەوەشی بە یەکێ لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی شەریعەت داناوە، لەبەر ئەوە مەسەلەی ئەمن لە چوارچێوەی ئیسلامدا هەڵقوڵاوی دەرەنجامی ئەو ئیمانەیە کە لەسەر دەستی ئیماندار بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دێت، پابەندیی دینداری و ئەکتیڤکردنی پتری ڕۆڵی مینبەر و گەڕانەوە بۆ پەیامی ڕاستەقینەی ئیسلام و فیقهی ئیسلامی، بەو تێگەیشتنە زانستی و لۆژیکییەی کە گەورە زانایانی پێشوو چوارچێوەیان بۆ داڕشتووە، هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەسەندن و بەرەوپێشەوەبردنی پرسی ئەمن و ئاسایش لە هەر زەمان و زەمینێکدا، نەخاسمە لە ناو مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کە وێستگەی ئارامیی دڵان و هێوربوونەوەی هەست و دەروونی مرۆڤە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە ئارامیی تاکەوە بۆ ئارامیی کۆمەڵگە بڕۆین و سەرەنجام هەمووان بە پاڵنەری ئایینی لە خزمەت ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی پێکەوەژیانی خۆماندا بین. بەو پێیەی ئەم ئەرکە درێژەپێدەری ڕێبازی ڕاستەقینەی پێغەمبەری ئیسلام و تەواوی پێغەمبەرانە- سەلامی خوایان لەسەر بێت.

مانگی ڕەمەزان یەکێکە لەو وێستگانەی دەکرێ مرۆڤ لە ڕێیەوە نزای خێر بۆ بەرژەوەندیی وڵات و گەل و ئارامیی کیان و کۆمەڵگە بکات و، لە ڕێی چاکە و عیبادەتکردنەوە ببێتە کەسێکی خاوەن هەست و هەڵوێستی نیشتمانی و وەك کوردپەروەرێکی موسڵمان هەنگاوەکانی بە ئاراستەی خزمەتی گشتی و پێکەوەژیان و بڵاوکردنەوەی تەبایی و ئاشتەوایی بێت، چونکە وەك چۆن مانگی ڕەمەزان کەشێکی تایبەت و جیاوازی بۆ خوداپەرستی هەیە، گرنگە بەو ئەندازەیەش هەڵمەتی خۆشەویستیی نیشتمان ببێتە بەشێکی گرنگی ژیانمان، بۆ ئەوەی بتوانین لە چوارچێوەی دادپەروەری و ماف و کەرامەت و یەکڕیزی و ویژدانی مرۆڤبوونەوە خزمەت بکەین.

گەلی کورد هەمیشە دوو شت بەلایەوە زۆر گرنگ بووە و لێکیان جیا ناکاتەوە، یەکەمیان ئینتیما بۆ دین، دووەمیان ئینتیما بۆ نەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەمنی قەومی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەرەی سەندووە

بەشێکی زۆری ئەرک و پەرستشەکان بە ئامانجی دروستکردنی ئارامیی کیان و کۆمەڵگە مرۆڤ ئاراستە دەکەن و ڕایدێنن لەسەر هەنگاوە ئەرێنیەکانی پەیوەست بە دەوروبەریەوە



**د. عەبدوڵلا شێرکاوەیی**
بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

بینیمان لەگەڵ دەستپێکی ڕەمەزان بە دەست بێت، یان بە قەست، دەنگۆ و لێدوانی دژ بەم کیان و قەوارەیە لێ دەدرا و بڵاودەکرایەوە، لێرە و لەوێ لە ناو سۆشیال میدیا و لە ڕێی ئەم جۆرە هەنگاوە ناجۆرانە؛ هەست دەکرا کەسانێك بە بیانووی جیا جیا لە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی کەم دەکەنەوە و، بە بیستن و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ڕووخان و پاشەکشەی هەرێم و هەڵوەشانەوەی قەوارە و تێکچوونی کیان و داڕووخانی ئابووریی کوردستان شادی دێتە سەر لێویان، وەك بڵێی ئاواتیان ئەوە بێت هەرێم کەی بڕووخێت! لەم پێناوەدا هەواڵی بێ بنەما و پەیامی ئاژەوەگێڕی و هەڵایسانی شەڕ بە ئەملا و ئەولادا بڵاو دەکەنەوە، بێ ئاگا لەوەی ئەم جۆرە هەست و بیرکردنەوە و ئاراستەیە نەك پێچەوانەی کەلتوور و بەهای نەتەوەییە، بەڵکو پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیشە.

مەگەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) باسی گەورەیی عیبادەتی مانگی ڕەمەزان ناکات، بەوەی هۆکاری ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و هاریکاری یەکتری و وەلانانی بوغز و ڕق و کینە و زمانی هەڕەشە و شەڕ بێت؟ ئەی مەگەر هەمان پێغەمبەر نییە لەبارەی پارێزگاریکردن لە کیان و نەتەوە و نیشتمان دەفەرموێ: (خَيْرُكُمْ الْمُدَافِعُ عن عَشِيرَتِهِ ما لم يَأْثَمْ) واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە پارێزگاری لە نەتەوەکەی خۆی بکات، مادام گوناهباری تێدا نییە.

مەگەر ئەم هەستە تا ئەندازەی تێکۆشان و گیانی بەرگری لە پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمان لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) گرنگ و هەستیار و زیندوو نەبووە؟ هەر وەك ئاماژەی بۆ دەکا و دەفەرموێ: (عن عَمَّارٍ أَنَّ النبي صلى اللَّهُ عليه وسلم كان يَسْتَحِبُّ لِلرَّجُلِ أَنْ يُقَاتِلَ تَحْتَ رايَةِ قَوْمِهِ) واتە: لە عەممارەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) حەز و ئارەزووی لەوە بووە هەر کەسەو لەژێر ئاڵای هۆز و نەتەوەکەی خۆیدا بجەنگێت.

لە دونیای نوێدا کاری لەپێشینەی ئایین چاککردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دینداریە لە چوارچێوەی پاراستنی سنوور و بەها گرنگەکاندا، نەك پیشاندانی ڕەشبینی و نائومێدی و پەیامی ڕقەکاری و نانەوەی پشێوی و پەیامی دژ بە کیان و نەتەوە و نیشتمان، دینداری بۆ ڕاستکردنەوەی پەیوەندیی خود بەرانبەر خودا و خەڵك و خاکە و پاڵفتەی دەروون و بیناکردنی کەسایەتیی مرۆڤ و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە دونیایی و قیامەتییەکانە، نەك بۆ هەڕەشە و تێکدانی ئارامی و دژایەتیی گەل و نیشتمان.

**دینداری بۆ ڕاستکردنەوەی پەیوەندیی خود بەرانبەر خودا و خەڵك و خاکە و پاڵفتەی دەروون و بیناکردنی کەسایەتیی مرۆڤ و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە دونیایی و قیامەتییەکانە، نەك بۆ هەڕەشە و تێکدانی ئارامی و دژایەتیی گەل و نیشتمان**

کەواتە گرنگە ڕەهەند و دیوی دووەمی دینداری، بەتایبەت لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لەبەر چاو بگرین، بەوەی وەك چۆن پەیڕەوی لە جێبەجێکردنی پایە و ڕوکنێکی گەورەی ئیسلام دەکەین کە بەرۆژووبوونە، بە هەمان شێوە پابەندی ئەو دەق و هەڵوێستە نەبەوییانەش بین کە فێرمان دەکەن خزمەتی نەتەوە و نیشتمان بە بەشێك لە دینداری بزانین.

پەیام و کرداری ڕێبەر و گەورە زانایانی کورد هەمیشە وا بووە بە دەستێك خزمەتی ئایین و بە دەستەکەی دیکە خزمەتی نیشتمانیان کردووە، لەو نێوەشدا خۆشەویستی بۆ ئایین و نیشتمان بووەتە هەوێن و بناغەی کوردایەتی و کاری گەورە و ئاسۆ و ئومێدی ئایندەی خۆیان و گەلەکەیان.

بە کورتی زۆر گرنگە بە ئەندازەی نوێبوونەوە و گەرموگوڕی و کۆکردنەوەی زادیی ئیمانی لە ناو مانگی ڕەمەزاندا، تێڕوانین و هەڵوێست و خۆشەویستیمان بۆ گەل و وڵاتی خۆمان هەبێت و هیچ گلەیی و دۆخ و ویست و دەستێك لە مەبدەئی بوونمان بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان کەم نەکاتەوە.

**زۆر گرنگە بە ئەندازەی نوێبوونەوە و گەرموگوڕی و کۆکردنەوەی زادیی ئیمانی لە ناو مانگی ڕەمەزاندا، تێڕوانین و هەڵوێست و خۆشەویستیمان بۆ گەل و وڵاتی خۆمان هەبێت**



دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو
سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ گوڵان:

# پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق چووەتە سەردەم و قۆناغێکی نوێوە

**ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت، بنەمایەکە بۆ سەردەمێکی نوێ بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و خزمەتکردنی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، تەنانەت نەخشە ڕێگایەکیشە بۆ تێپەڕاندن و دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و ڕەشنووسی بودجە بۆ سێ ساڵی داهاتوو و کۆتاییهاتن بە هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگانەی ئەم دواییەی بەردەم هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و هەنگاوەکانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەنجام دا.**

*** واژووکردنی ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەردەمێکی نوێی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدای لێ دەکەوێتەوە، سەرەتا پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ دەکەین، لە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیەدا تا چەند دەتوانرێت پێداگری بکرێت لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان؟**

- مافەکانی گەلی کورد و کوردستانییان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە یەکێک لەو پرسە گرنگ و چارەنووسسازانە دادەنرێت کە کورد بە درێژایی مێژوو دەریایەك خوێنی لەپێناودا بەخشیوە، داواکاریی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی ئەوە بووە کە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی مافی گەلی کوردستان بپارێزرێت، ئەمە بووەتە پرەنسیب و ستراتیژیەتی سەرکردایەتیی کورد و، سەرۆك بارزانی لە چەندین بۆنەو وێستگەدا داکۆکیی توندی لەسەر ئەم مافانەی گەلی کوردستان کردووە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەکو درێژەپێدەری ئەم پرسە نەتەوەییە جەختی لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد و کوردستانییان کردووەتەوە، ئەوە بوو هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق، تەنانەت ڕاستەوخۆش دوای دەستبەکاربوونی کابینەکە لە پێناو چارەسەرکردنی هەموو کێشە و گرفتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق بەڕێزیان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا کۆبووەوە و گفتوگۆی کرد و نییەتپاکی بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشە و گرفتانە خستەڕوو، لە سەرووی هەموویانەوە پرسی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لە ئێستاشدا تێپەڕاندنی هەر دوو ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و ڕەشنووسی بودجەی گشتی و دووبارە پێداچوونەوە بە دامەزراوە فیدراڵییەکانی وەکو دادگای فیدراڵی و بانکی ناوەندی و کۆمپانیای سۆمۆ و دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی بە یەکێك لە ستراتیژییەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

*** بەڵام پێت وانییە کێشەی کورد لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەدا ناگونجێت کە بە پێچەوانەی فیدراڵییەت کار دەکات و هێشتا بە ئاراستەی بەمەرکەزیکردنی حکومەت هەنگاو دەنێت؟**

- لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سێ حکومەتی عێراقمان بینی، حکومەتی بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی، کازمی و محەمەد شیاع سوودانی. لەگەڵ

هەرسێ حکومەت گفتوگۆ و دانوستانمان کردووە و لەسەر کۆمەڵێك کێشە و گرفت پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەبووە، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش کە ئەم حکومەتەی محەمەد شیاع سوودانییان دامەزراندووە، پەیوەندیی باشمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێك دۆسێی گرنگ کە بەشێکی پەیوەندیدارە بە گیروگرفتی خەڵکەوە و بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هەیە، تێبینی ئەوەشمان لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق هەیە کە لەگەڵ فیدراڵییەتدا ناگونجێن، یان مامەڵە ناکەن، تێبینی و سەرنجمان لەسەر دادگای فیدراڵی و یاسای دادگاکەو یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی و کۆمەڵێك یاسای دیکەی وەکو یاسای نەوت و گاز هەیە کە پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە قسەی جددی لەسەر بکرێت و دووبارە ئەم دامەزراوانە ڕێك بخرێنەوە. لە سەرجەم حکومەتەکانی پێشوو وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە تیمە حکوومی و تەکنیکی و ئیدارییەکانمان کارمان لەسەر سەرجەم ئەو دۆسێیانە کردووە و هەوڵمان داوە مافەکانی گەلی کوردستان لە مەنهەجی وەزارییاندا و لە چوارچێوەی بۆچوونی ئێمە و لە ڕووی یاسایی و بەدەقی دەستوور جێگای ئەم مافە بکەینەوە، دامەزراوەکانی دەوڵەتیش وەکو دامەزراوەی فیدراڵی کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە بە جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لە ٢٠٠٥دا گشت عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانەوە دەنگیان لەسەر دا، تەواوی ئەو مافەی ئێمە و عێراقییەکان دەپارێزرێت و لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراقە بە خەڵکی هەرێمی کوردستانیشەوە. ئێمە مەبەستمانە لەناو دەوڵەتێکی لاوازدا نەبین، بۆیە هەمیشە لە تیمەکان هەوڵی ئەوەمان داوە بیروبۆچوون و داواکارییەکانمان بەو ئاراستەیە بێت، دەوڵەتێکی بەهێزی فیدراڵی لە عێراق دروست بێت و ڕەچاوی پرسی سەروەری بکات و پارێزەری مافەکانی گشت پێکهاتەکانی عێراق بێت و دامەزراوەکانی بەرگری لەو مافە دەستوورییانەی هەموان بکات.

*** دواجار وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لە بەردەم ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دروست بوو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، ڕێککەوتنەکە واژوو کرا، وەکو سەرۆك وەزیران ئاماژەی پێ کرد «ئەم ڕێککەوتنە خزمەت بە بەرژەوەندیی هەموو وڵات دەکات بە هەرێمی کوردستانیشەوە»، ئایا ئێوە لە هەنگاوی داهاتووتاندا لەسەر چ ئاراستەیەك کار دەکەن؟**

- ئێمە مەبەستمانە دەوڵەتی فیدراڵی ڕەچاوی پرسەکان بکات و لە هەمان کاتیشدا پارێزەری مافی هەرێمی کوردستانیش بێت، لەم چوارچێوەیەدا لەسەر چەند پرەنسیپ و دۆسێیەك کار دەکەین کە گرنگترینیان بریتین لە:

یەکەم: دەستنیشانکردنی مافە دەستوورییەکانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: کارکردن لەسەر دۆسێی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گاز و ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجە.

سێیەم: بەهێزکردنی دامەزراوەکانی فیدراڵی بە مەبەستی ڕەچاوکردنی دەستوور و پاراستنی مافەکانی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان.

چوارەم: کاراکردنەوەی ماددەی دەستووریی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان.

پێنجەم: بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وەزارەتەکاندا.

لەم پێناوەشدا تیمەکانی ئێمە چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ لیژنە تایبەتەکان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دۆسێی نەوت و گازەوە هەیە، هاوکات تیمەکانی ئێمە گفتوگۆی زۆر باشیان لەگەڵ هاوتا عێراقییەکانیان لە وەزارەتی نەوت و گاز لە وەزیری نەوتەوە تا ستافی یاسایی و تەکنیکی ئەو وەزارەتە ئەنجام داوە، بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز، واتە تیمی (نووسینەوەی یاسای نەوت و گاز) هەنگاوی باشیان ناوە و لێکتێگەیشتنی باش هەبووە لە چوارچێوەی دەستووری یاسای نەوت و گاز کە لە ماددەی ١١١ و ١١٢دا هاتووە و دواتر دەسەڵاتە حەسرییەکان و

**یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق**

**تیمەکانی ئێمە گفتوگۆی زۆر باشیان لەگەڵ هاوتا عێراقییەکانیان لە وەزارەتی نەوت و گاز لە وەزیری نەوتەوە تا ستافی یاسایی و تەکنیکی ئەو وەزارەتە ئەنجام داوە، بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کردووە بە زووترین کات تێبینی و سەرنجی وەزارەتەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکان ئامادە بکەن**

هاوبەشەکان لە ماددەکانی ١١٤ و ١١٥ و ١٢١ ئاماژەیان پێ کراوە، هەروەها گفتوگۆکانیش بەردەوامە لەسەر بابەتی دەروازە سنوورییەکان و کاراکردنەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، دوای ئەوەی هەندێك لایەن هەوڵیان دا ئەم ماددەیە پشتگوێ بخەن. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتەکانیش گفتوگۆ و کۆبوونەوەی باش ئەنجام دەدرێت، ئەوەتا لە نێوان وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازیی فیدراڵی و هەروەها بەڕێز وەزیری تەندروستی لەگەڵ تیمێکی دیکەی تەندروستی لەگەڵ وەزیر و تیمی وەزارەتی تەندروستیی عێراق کۆدەبنەوە و وەزارەتەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، لەگەڵ سەرجەم تیمەکاندا نوێنەری سەرۆکی دیوان و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئامادە دەبێت. لێرەدا دەبێت باسی ڕۆڵی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە ئەرکێکی باش دەگێڕن بەتایبەتی لە مەسەلەی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ و وەزارەت و دامەزراوەکانی فیدراڵی، ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە کاری بۆ بەهێزکردنی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو ئاستی وەزیرە کوردەکان و بریکار و بەرپرسانمان ڕۆڵێکی باشیان بینی لە هاوکاریکردنی وەزارەتەکانی ئێمە لەگەڵ وەزارەتەکانی بەرانبەر و بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کردووە بە زووترین کات تێبینی و سەرنجی وەزارەتەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکان ئامادە بکەن، تاوەکو لە نێوان وەزارەتەکانی ئێمە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی فیدراڵیدا جۆرێك لە تەکامول واتا تەواوکاری هەبێت، تاوەکو پەیوەندییەکانمان لەسەر ئاستی وەزارەتەکانیش بگەیەنینە ئاستێکی بەرز و گرژی و بەریەککەوتن دروست نەبێت، بەڵکو جۆرێك لە هاوکاری و لەگەڵ یەکتر کارکردن دروست بێت و، سوودێکی زیاتر بە خەڵکی کوردستان بگەیەنین. بۆ نموونە بەرهەمی ناوخۆی کوردستان زیاتر بگەیەندرێتە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە باشترین بازاڕە بۆ ساخکردنەوەی بەروبووم و بەرهەمەکانمان، بۆ ئەمەش دەبێت زۆر پرسی وەکو مۆڵەتی کۆمپانیاکان و یاسا و ڕێکارەکانی بازرگانی و باج و گومرگ و هەموو گرفت و کێشەکانی دیکە بە پلانێکی زۆر ورد چارەسەر بکەین، لە ڕووی کارتی نیشتمانی و پاساپۆرت و باج و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و زۆر بواری دیکەوە، پێکەوە هەنگاوی باشمان ناوە.

*** زۆر باس لە چارەسەری بنەڕەتی و هەمیشەیی دەکرێت، ڕەنگە زۆربەی کێشەکان و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە دانوستانەکان و ڕێککەوتنەکان ئەوە بێت، بەرپرسانی عێراق پابەندی بەڵێن و ڕێککەوتنەکان نابن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە زەمانەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و سەرکەوتنیان چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز لەگەڵ ڕێککەوتنی کاتی نەبووە و هەمیشە ئامۆژگاری و ئاراستەی بۆ تیمی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە بووە ڕێکەوتنی گشتگیر و بەردەوام دروست بکەن، ستراتیژیەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە هەموو بابەتێك سیاسی نییە و هەروەکو چۆن هەموو بابەتێکیش بە سیاسی چارەسەر ناکرێت، تاوەکو لە ڕووی یاسایی و تەکنیکی و هونەرییەوە چارەسەر نەکرێت. ڕاستە ئێمە ڕێککەوتنی سیاسی دەکەین، بەڵام لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا و دواتر ئەرك و پابەندبوونی یاسایی و کارگێڕی و تەکنیکی و جێبەجێکردن دێت، واتا پرسەکان پێویستە لە چوارچێوەیەکی هونەری و یاسایی هەنگاوی بۆ بنرێت، تاوەکو ببێتە چارەسەرێکی هەمیشەیی، دواجاریش نە عێراق و نە هەرێمی کوردستانیش تەحەمولی ئەوە ناکەن، ڕۆژانە ڕێککەوتن بکەین و پاشگەز ببینەوە. لەسەر ئەم ڕاسپاردە و بنەمایەش لە ئێستادا زۆرترین شاندی هەرێم سەردانی بەغدای کردووە، هەروەکو چۆن زۆرترین شاندی عێراقیش سەردانی هەرێمیان کردووە. تەنانەت لەسەر ئاستی چاودێریی دارایی پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان دیوانی چاودێری ئیتحادی و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان هەیە و سەرجەم

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز لەگەڵ ڕێککەوتنی کاتی نەبووە و هەمیشە ئامۆژگاری و ئاراستەی بۆ تیمی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە بووە ڕێکەوتنی گشتگیر و بەردەوام دروست بکەن**

**ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بۆ جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی بودجەش گرنگە**

**لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان هەوڵمان داوە بە شێوەیەک لە شێوەکان کارەکان بە هەماهەنگی و ئاگاداریی هەموو لایەنەکان بێت، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەبێت**

**ناسەقامگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و ناسەقامگیریی نرخەکەی کێشەیەکی گەورەیە و بەرۆکی هەموو بازاڕەکانی عێراق و کوردستانی گرتووە**

**ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای (بەرەنگاربوونەوەی شووشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆری ئیتحادی) مان ئامادە کردووە و، ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، هیوادارم لە ماوەیەکی نزیکدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

**دەبێت کۆمەڵێک ڕێکار و ئیجرائات بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو جووڵە و ئاڵوگۆڕی دراوەی هەیە، سەرچاوەکەی بزانرێت و ڕێگری بکرێت لە گەندەڵی و تیرۆر و پاڵپشتیکردنی تیرۆر و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان**

دەرگاکانیان بۆ واڵا کراوە، تاوەکو وردبینی لە سەرجەم خەرجی و داهاتەکاندا بکەن، بەو پەڕی شەفافییەت و ڕوونییەوە، ئەمانە هەمووی هەنگاوی ئەرێنین بۆ سەرکەوتنی ڕێککەوتنە سیاسییەکان.

*** باسی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٣ی عێراقت کرد، کە وابڕیارە بۆ سێ ساڵی داهاتوو پەیڕەو بکرێت، تا چ ڕاددەیەك ئەم بودجەیە بە دڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئایا دەتوانرێت ئەو کورتهێنانەی تێیدایە چارەسەر بکرێت؟**

- پێداگریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان لە پرۆژە یاسای بودجەی عێراق و خەمخۆری بەڕێزیان وای کردووە سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق گفتوگۆ و کۆبوونەوە و ڕێککەوتن بکات. بە تەئکید پرۆژە یاسای بودجە هەروەکو چۆن بۆ مافە دەستوورییەکانی هەموو عێراق گرنگە، هەرواش بۆ هەرێمی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی ئەم هەرێمە گرنگیی خۆی هەیە، بەسوپاسەوە حکومەتی ئیتحادییش لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجە هاتوونەتە پێش، وابزانم ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بۆ جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی بودجەش گرنگە، ئەم ڕێککەوتنەی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە پاڵپشتیی سەرۆك بارزانی بووە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەڕێزیانی کرد، کە لەسەر ئاستی باڵای سیاسی بەردەوام کاری لەسەر کردووە، هەروەها سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کرد کە بۆ چارەسەرکردنی هەمان ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە سەردانی بەغدای کردووە. لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان هەوڵمان داوە بە شێوەیەك لە شێوەکان کارەکان بە هەماهەنگی و ئاگاداریی هەموو لایەنەکان بێت، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەبێت.

سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی ئەوە بە تەئکید هەروەکو چۆن ئێمە سەرنج و تێبینیمان هەیە، هەرواش بۆ عێراقییەکان سەرنج و تێبینیی زۆر هەیە، بەتایبەتی کورتهێنانی بودجەکە، سەرکەوتنی ئەم پرۆژە یاسای بودجەیە پەیوەندی بە ئاستی جێبەجێکردن و پابەندبوون و نرخی نەوتی جیهانی و کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوخۆییشەوە هەیە. پێویستە لەسەر ئاستی هەر دوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە و هەموو کێشە و گرفتە دارایی و نەختینەکانی دیکە کار بکەن، بۆ ئەوەی ئابووریی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش پشت بەداهاتی نەوت بەتەنیا نەبەستێت، بەڵکو کاری جددی بکرێت بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و زیادکردنی داهاتی ناوخۆیی کە بەشێکە لە ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. وابزانم لەسەر ئەم ستراتیژیەتە هەردوو حکومەت هاوڕان و لە داهاتوودا لەسەر ئەم خاڵە پێکەوە کار دەکەین، چونکە پرسی بودجە ساڵانە ڕووبەڕووی هەردوو حکومەت دەبێتەوە، بۆیە دەبێت بە هەماهەنگی و جۆرێك لە تەکامولی ئابووری تێدا بێت.

*** پرسی داشکانی بەهای دینار و ناسەقامگیری نرخەکەی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و بێسەروبەریی مامەڵەکانی دراو و ناڕوونیی گواستنەوە و هاتوچۆکردنی پارە لە عێراق، تاچەند لەسەر ئەم پرسە هەماهەنگی لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق هەیە؟**

- ناسەقامگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و ناسەقامگیریی نرخەکەی کێشەیەکی گەورەیە و بەرۆکی هەموو بازاڕەکانی عێراق و کوردستانی گرتووە، لەهەمان کاتدا ئەمە پرسێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی بزانین تا چەند جووڵەی پارە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بابەتی سپیکردنەوەی پارە و تیرۆر و ئاودیوکردنی دۆلار و سەفەقاتی پیس بەکار ناهێنرێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای (بەرەنگاربوونەوەی شووشتنەوەی مایە و مایەدارکردنی تیرۆری ئیتحادی)مان ئامادە کردووە و، ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، هیوادارم لە ماوەیەکی نزیکدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەبێت کۆمەڵێك ڕێکار و ئیجرائات بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو

جووڵە و ئاڵوویری دراوەی هەیە، سەرچاوەکەی بزانرێت و ڕێگری بکرێت لە گەندەڵی و تیرۆر و پاڵپشتیکردنی تیرۆر و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، لەم بارەیەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق و بانکی ناوەندییش پەیوەندیی زۆر باشمان هەبووە و تارادەیەك بارودۆخەکە بەرەو چارەسەر دەچێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئێمە لە ئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی (بانکی نیشتمان)ین بە سەرمایەی ٢٥٠ ملیار دینار کە خۆشبەختانە هەموو ڕێکارەکانی تەواو بووە و هەنگاوی باشی بڕیوە و بۆ دامەزراندنی ئەم بانکە تەنیا بڕیاری حکومەتی فیدڕاڵی ماوە، بانکی نیشتمان بانکێکی حکوومییە بە تایبەتمەندێتی ئەهلییەوە و دوای دامەزراندنی هەموو بانکە حکوومییەکان دەچنە سەر ئەو بانکە کە بە سیستەمی ئەلەکترۆنی جیهانی (سیوفت)ـەوە دەبەسترێتەوە، بانکە حکوومی و بازرگانییەکان ڕێك دەخاتەوە و کرداره تەقلیدییەکانی بانك لە هەرێمی کوردستان ناهێڵێت و شانبەشانی بانکە مۆدێرنەکانی جیهان کار دەکات. لەلایەکی دیکەوە لەسەر مەسەلەی ئەمنی و سەربازی پەیوەندی و هەماهەنگیی باش دەستی پێ کردووە.

*** باسی پرسی پێشمەرگەت کرد ئایا بۆ زامنکردنی ماف و مووچە و پێداویستییە سەربازییەکان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان چی کراوە، بەتایبەتی کە ساڵانێکی زۆرە بودجەی پێشمەرگە وەکو وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕووی سیادییەوە خەرج ناکرێت؟**

- لەسەر ئاستی هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق هەنگاوی باش نراوە، واتە لە ڕووی ئەوەی مووچەی هێزی پێشمەرگە بچێتەوە سەر بودجەی سیادیی عێراق و لە ڕووی سەربازییشەوە لە ڕووی دامەزراندنی لیوا و فرقەی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەنگاوی باش نراوە، ئەمە بەشێکە لەو ستراتیژیەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە هەنگاوی بۆ نراوە، لەئێستادا بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی ئەمنی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە کارتی نیشتمانی و پەساپۆرت و کاروباری بەناوکردنی ئۆتۆمبێل و چەندین بواری دیکە پەیوەندییەکی باش لە نێوان وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆی عێراقی فیدڕاڵ هەیە.

*** لە سەرەتای قسەکانت باسی ئەوەت کرد، کار دەکەن بۆ پرسی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە زۆر لایەن ویستوویانە بە هەر شێوەیەك بێت ئەم پرسە ڕابگرن، ئایا لەم ڕووەوە هەماهەنگیتان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی چۆنە؟**

- پرسە نەتەوەییەکان بە هیچ شێوەیەك سازشیان لەسەر ناکرێت و بە پلانێکی تۆکمە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەکەین، ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری لە بارودۆخێکی نائاساییدان و پێویستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە لەگەڵ حکومەتی فدراڵیدا، بەڵام لە ڕووی ئەمنییەوە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراقدا هەوڵی باش دراوە، تاوەکو بۆشایی ئەمنیی نێوانیان پڕبکەنەوە و لەم ڕووەوە کۆمەڵێك ڕێککەوتن هەیە کە ئەگەر چووە بواری جێبەجێکردنەوە بارودۆخی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم باشتر دەبێت، ئەوەی ماوە ڕێگریکردنە لە مەسەلەی تەعریب، چونکە پرۆسەی تەعریب لەم ناوچانە بەردەوامە، بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووك، بۆ ئەمەش هەوڵی ئەوە دەدەین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری خێراتر بکرێت، تاوەکو سەرەتا بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و دواتر بگەینە قۆناغەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە پەراوی دانوستانی تەواوی تایبەت بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانمان پەسەند کردووە، کە تێیدا گشت دیکۆمێنت و هەنگاوەکان و ئەو کارانەی کراون و پێویستە بکرێن، لەناو پەڕاوی دانوستان لەبەردەستی تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و یەکێکە لەو بابەتانەی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی کاری لەسەر دەکەین.

**ئێمە لە ئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی (بانکی نیشتمان)ین بە سەرمایەی ٢٥٠ ملیار دینار کە خۆشبەختانە هەموو ڕێکارەکانی تەواو بووە و هەنگاوی باشی بڕیوە و بۆ دامەزراندنی ئەم بانکە تەنیا بڕیاری حکومەتی فیدراڵی ماوە**

**پرسە نەتەوەییەکان بە هیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکرێت و بە پلانێکی تۆکمە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەکەین**

**پرۆسەی تەعریب بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووک بەردەوامە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری خێراتر بکرێت**

# لە ڕۆژە سەختەکاندا کارامەیی و لێهاتوویی سەرۆکی حکومەتی خەڵک دەرکەوت

**دانوستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سازش نەکردن بوو لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێم و ڕووبەرووی هەموو ئەو تەحەددییانەش بووەوە کە کەسانێک بە ئیجتیهادی بەرژەوەندیی خۆیان خوێندنەوەیان بۆ مادده و دەقە دەستوورییەکان دەکرد**

**زۆر لایەن و گرووپی باڵادەستی عێراق ئامادە نەبوون ڕێککەوتن بکەن و چاوەڕێی سازش بوون لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەردەوام گۆشاریان لە سەر هەرێم کردووە و لە مەشدا زۆر لایەنی نێوخۆیش هاوئاوازیان بوون**

لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کارنامەی کابینەکەدا، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێك لە خاڵەکانیدا ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نیشان دا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، تاوەکو چارەسەری بنەڕەتیی هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق بکات، بۆ ئەمەش دەستپێشخەری کرد و سەردانی بەغدای کرد و، ئامادەیی حکومەتەکەی نیشان دا بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشە و گرفتەکانی کەڵەکەبووی چەند ساڵی ڕابردوو، وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دانرا لە بەردەم هەردوو حکومەتدا، بەڵام دەستوور کرایە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دانوستانەکان و گفتوگۆکان، بەهێزیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵی دانوستان و گفتوگۆکان و نییەتباشی و دەستپێشخەرییەکانی بوو، کە بە پاڵپشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو ڕابەر و مەرجەعی کورد و سەرکردەیەکی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان ڕۆڵی لە هەنگاوەکانی حکومەتی خەڵك هەبوو، کە بەردەوام لەلایەن حزب و لایەنی سیاسیی ناوخۆ و عێراقییەوە کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەکرد و، لە ڕۆژانی تەنگانە و بوونی کێشە بۆ بژێوی و ژیان و مووچە و قوتی خەڵك زۆر لەو لایەنانە پشتیان تێ دەکرد.

دانوستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای سازش نەکردن بوو لەسەر مافە دەستوورییەکانی هەرێم و ڕووبەرووی هەموو ئەو تەحەددییانەش بووەوە کە کەسانێك بە ئیجتیهادی بەرژەوەندیی خۆیان خوێندنەوەیان بۆ مادده و دەقە دەستوورییەکان دەکرد، هەروەکو لە دۆسیێی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای فیدراڵیی عێراقەوە بینرا و دواتریش کۆمەڵێك گرفت و کێشەی دیکەیان دروست کرد، زیرەکی و کارامەیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژە قورس و سەختەکاندا بۆ گەلەکەی دەرکەوت، بۆ ئەم مەبەستەش بە کردار هەنگاوی ناوە و لەو ڕۆژە سەختانەدا یەکسەر شاندی دانوستانی ڕەوانەی بەغدا کردووە، لە سەردەمی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی و کازمی لەسەر هەمان ئەو نەهجە نیشتمانی و نەتەوەییە بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کرد، هەرچەندە زۆر لایەن و گرووپی باڵادەستی عێراق ئامادە نەبوون ڕێککەوتن بکەن و چاوەڕێی سازش بوون لە



## پەلەمانتار خەدیجە عومەر مزوری

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەردەوام گۆشاریان لەسەر هەرێم کردووە و لە مەشدا زۆر لایەنی نێوخۆییش هاوئاوازیان بوون و لە جیاتی پشتگیری لە حکومەتی هەرێم، ڕەخنەیان لێی گرتووە و دژایەتیان کردووە.

لە ماوەی ڕابردووشدا حکومەتی عێراق هەم لە سەر ئاستی نێوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ گوشارخستنی زیاتر لە سەر هەرێم، لە مانەش بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە نادەستووری بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم و، بەم دواییەش بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتیی (پاریس) لە سەر دۆسیەی نەوتی هەرێم، کە بوو بە هۆی شاگەشکەبوونی نەیار و ناحەزانی نێوخۆیی و دەرکی و وەك کاری هەمیشەییان پشتیان لە حکومەتی خۆیان کرد، پێیان وابوو کە تەواو. دەبێت حکومەتی هەرێم خۆی ڕادەست بکات و بچێتە ژێر باری هەموو مەرجەکانی عێراق، لە بەرانبەردا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەمیشە شانی دایە بەر بەرپرسیارێتی و بەهێزتر دەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی کە ئەم پرسە بە تەواوەتی لە بەرژەوەندیی هەرێم و تەواوی خەڵکی عێراق پێچەوانە ببێتەوە و، لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکە بە بەردەوامی لەگەڵ بەڕێز شیاع سوودانی لەسەر هێڵ بووە و، نە تەنیا ئامادە نەبوو لە سەر مافە دەستوورییەکانی هەرێم سازش بکات، بەڵکو بە کوڵنەدان و خۆڕاگری دەستکەوت و سەروەرییەکی دیکەی بۆ خۆی و هاووڵاتیانی تۆمارکرد، کە ئەم ڕێککەوتنەی لێی بەرهەم هات و حکومەتی عێراق بە فەرمی دانی بەوەدا نا، کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان یاساییە، کە چەندین ساڵ بوو دژایەتی دەکرد و کۆمپانیاکانیش متمانەی زیاتریان دەبێت بە کەرتی وزەی هەرێم و لە ئەنجامی پێداچوونەوەی گرێبەستەکانی نەوت مافەکانی هەرێم زیاتر دەبن، هەرێمی کوردستان دەبێتە بەشێك لە کۆمپانیای سۆمۆ کە چەندین ساڵە کورد داوای دەکات.

مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك لە دوای یەك بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات و بە ئیرادەییەکی بەهێز گوشار و دژایەتییەکان دەکاتە دەرفەتێك بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و سەروەریی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان و، بە هەموان دەڵێت: دڵنیا بن کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە و پارێزەری مووچە و بژێویی ژیان و خۆشگوزەرانیی ماڵ و منداڵەکانتانم.

**مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەک لە دوای یەک بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات و بە ئیرادەییەکی بەهێز گوشار و دژایەتییەکان دەکاتە دەرفەتێک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و سەروەریی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان**

**حکومەتی عێراق بە فەرمی دانی نا بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا کە یاساییە، کۆمپانیاکانیش متمانەی زیاتریان بە کەرتی وزەی هەرێم دەبێت**



محەمەد ئەمین فارس بۆ گوڵان :

# ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەنگاوێکی گرنگە بۆ داڕشتنەوەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی

# ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی فیدراڵی بۆ سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ دەبێت

# لایەنە سیاسییەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لە دژی سەقامگیری و حکومەت بن، پێگە و جەماوەری خۆیان لەدەست دەدەن

**بارودۆخی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ چووەتە قۆناغێکی نوێی لێکتێگەیشتن و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بوونی نییەتپاکی و ئیرادە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکان واقیعێکی نوێی دروست کردووە و، وڵاتەکەی بەرەو سەقامگیریی سیاسیی بردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ (محەمەد ئەمین فارس) ڕاوێژکاری سەرۆك کۆماری عێراق ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** نزیکبوونەوەی کورد و بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئومێدێکی بەخشیوەتە هەوڵەکانی دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هاتنی بەشە بودجەی هەرێم، ئێوە وەك ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار هەڵسەنگاندنتان بۆ بارودۆخە نوێیەکە چۆنە؟**

- هەر وەکو پێشبینی دەکرا کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی ڕووی لە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی کردووە، لە ئێستادا سەرجەم کوتلە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی لە ناو ئەنجومەنی ئیدارەی دەوڵەتدا لەسەر ئەوە کۆکن ئەو سەقامگیری و ئارامییە بپارێزن، ئەم کابینەیەش بە کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی شیعە و کورد و سوننە پێك هێنرا، بۆیە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەوانەی لە ناو حکومەتیشدا نین، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە خەڵکی عێراق ماندوو بوون و چیتر تەحەمولی لێکەوتەکانی ئەو هەموو ململانێ سیاسییە ناکەن، خەڵك خوازیاری ئەوەن خواست و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانیان بە باشترین شێوە بۆ جێبەجێ بکەن، حکومەتیش ئەم سەقامگیرییەی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆژە و کار و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و کارەبا و ئاو و پاکوخاوێنی بە شێوەیەکی باش پێشکەش بکات، هەر لایەنێکی سیاسی دژی سەقامگیریی بارودۆخی ناوخۆ بێت و ببێتە هۆکار بۆ پاشەکشەکردنی خزمەتگوزارییەکان و

**ئەرکی نوێنەرانی کورد لە بەغدا جیاوازە، ناکرێت ناکۆکی و کێشەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان بهێنرێتە ئێرە و زیان بە قووت و بەرژەوەندیی خەڵکی بگەیەنن**

دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵك، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پێگەی جەماوەریی خۆی لەدەست دەدات.

ئەم ڕێککەوتنەی دوایی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق ئەوەندەی دیکە سەقامگیریی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئاشکرایە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو لە ناوچەکە و جیهانیشدا دیار و بەرچاوە، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی سەرۆك کە لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی کۆمار و پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسییەکان هەیەتی، ڕۆڵی لەو سەقامگیری و ئارامییەدا هەبووە، کە دواجار بۆ خێر و خۆشیی هەموو گەلانی عێراق و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان گەڕاوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە کار و کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش زیاتر ڕوویان لە کزی کردووە، بۆیە سەقامگیری لە عێراق و ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم ڕۆڵی لە ئامادەکردن و تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجە دەبێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پابەندبوونی عێراق بە بڕیار و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە دۆخی کاریگەریی لەسەر پێگەی ئەم وڵاتە هەبووە، ئەوەتا لە کۆنگرەی نیویۆرکدا شاندێکی باڵای عێراقی بە سەرۆکایەتیی سەرۆك کۆمار و وەزیری دەرەوەی عێراق و نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بەشدار بوون و ئومێدێکی گەورەی لێ کەوتەوە، بەوەی عێراق لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی بۆ بگەڕێتەوە.

*** ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق کە وا بڕیارە بۆ سێ ساڵ بێت، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، تاچەند ئەم پرۆژەیە گرنگە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە و ستراتیژی و زامنکردنی پشکی هەرێمی کوردستان؟**

- عێراق وڵاتێکە بەشی زۆری بودجەکەی پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، خۆی لە خۆیدا پەسەندکردنی پرۆژەیاساکەش دواکەوتووە و گرفتی کورتهێنانی هەیە، بۆیە ڕاوەستاندنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە بەرژەوەندیی عێراقیشدا نییە، لەگەڵ ئەمەشدا پەسەندکردنی بودجەکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان گرنگیی زۆری هەیە، لە ئێستادا ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەکە گەیشتووەتە پەرلەمان و هەوڵ دەدرێت بۆ سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ بێت، بەمەش حکومەت لە کۆمەڵێك گرفتی دووبارەبوونەوەی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجە و جێبەجێنەکردن و دواکەوتنی تەواوبوونی پرۆژەکان ڕزگاری دەبێت و دەتوانرێت پرۆژەی گەورەتر و ستراتیژی لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا ئەنجام بدرێت.

*** ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە بڕیار وایە بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ ئامادە بکرێت، تاچەند دەرچوونی ئەم بڕیارە بۆ ئێمەی کوردستانی گرنگە؟**

- دارشتنەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە هەماهەنگی لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا ئامادە دەکرێت و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، بڕیار وایە ئەم یاسا گرنگ و هەستیارە بە ڕێککەوتنی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان بێت، بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووی لە باشی کردووە و ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە دارشتنەوەی پرۆژە یاسای بودجەکە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە .

*** بەو پێیەی سەرۆکایەتیی کۆمار پارێزەری دەستوورە، بەڵام بەداخەوە لە دوو کابینەی پێشوودا سەرۆك کۆمار نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێت و هەمووان پابەند بکات بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە، ئەو دەستوورەی گەرەنتیی پاراستنی شکۆمەندی و یەکڕیزیی وڵاتە، ئایا لەم خولەدا ئێوە لە کۆشکی سەلام تاچەند کار بۆ چەسپاندنی فیدراڵییەت و جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی ناو دەستوور دەکەن؟**

- مادام عێراق خاوەنی دەستوورێکی هەمیشەییە و لەلایەن گەلەوە دەنگی لەسەر دراوە، بۆیە دەبێت هەموو لایەك پێوەی پابەند بن و سەرجەم ماددە و برگە یاساییەکانی ناو دەستوور جێبەجێ بکەن، چەند یاسایەکیش هەیە.. پێویستە

**هەر لایەنێکی سیاسی دژی سەقامگیریی بارودۆخی ناوخۆ بێت و ببێتە هۆکار بۆ پاشەکشەکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵك، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پێگەی جەماوەریی خۆی لەدەست دەدات**

**ڕۆڵی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو لە ناوچەکە و جیهانیشدا دیار و بەرچاوە**

**سەقامگیری لە عێراق و ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم ڕۆڵی لە ئامادەکردن و تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجە دەبێت**

دەربچێت تاوەکو زۆر لەو ماددە دەستوورییانەی هەیە، جێبەجێ بکرێن، لەوانە یاسای نەوت و گاز و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی و.. تادوایی، بەداخەوە لە کابینەی پێشتر سەرۆك کۆمار هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، بەتایبەتی لەو کێشانەی پەیوەندییان بە خەڵکی کوردستانەوە هەبووە، لەم کابینەیەدا سەرۆك کۆمار ڕۆڵێکی زۆر باشتری هەبووە لەوەی پێشوو.

*** ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و واژۆکردنی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ تا چەند گرنگ بوو بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەتایبەتی کە خۆت وەکو ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار لەوێ ئامادە بووی؟**

- ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەنگاویی جددیی بۆ نراوە، ڕۆڵی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش دیار و لەبەرچاو بووە، بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەم ڕێککەوتنەش لێکنزیکبوونەوەی هەردوو حکومەتە لە بەرژەوەندیی سەرجەم گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە، هەروەکو چۆن هەنگاوێکی گرنگە بۆ داڕشتنەوەی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گاز و کۆتاییهاتنی ئەم ململانێ ئاڵۆز و قورسە، بێگومان دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کۆتایی بەو هەموو ململانێ و ناکۆکییە سیاسییە دەهێنێت کە ساڵانێکی زۆرە دروست بووە .

*** ئەنجومەنی فیدراڵی تا چەند گرنگە بۆ چەسپاندنی بنەمای فیدراڵییەت لە عێراقدا و لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق؟**

- یەکێك لەو کەموکورتییانەی لە سیستمی فیدراڵییەتی عێراقدا هەیە، نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵییە، کە بەپێی دەستوور دەبێت پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات و ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێنێت، گرنگیی ئەم ئەنجومەنی فیدراڵییە لەوەدایە هەر بابەت و پرسێك ناکۆکیی لەسەر بێت و یەکلانەکردنەوەی لە ناو دامەزراوەکانی دیکەی فیدراڵییەتدا ئاسان نەبێت، ئەوا لەناو ئەو ئەنجومەنەدا دەتوانرێت دەنگی لەسەر بدرێت، تەنانەت لە هەندێك پرسی چارەنووساز و هەستیاردا هەرێمەکە مافی ڤیتۆی دەبێت و ناهێڵێت کێشەکان لەوە زیاتر ئاڵۆز بێت، بە پێچەوانەوە کێشەکان لە ناو ئەو ئەنجومەنەدا کۆنترۆڵ دەکرێت و بەرەو چارەسەر دەچێت.

*** بەردەوام گلەیی لە سەر ڕۆڵ و ئەرکی نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەیە، ئایا تا چەند لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرەکانیان لەم ڕووەوە خزمەت بە ماف و شایستە داراییەکانی گەلی کوردستان دەکەن؟**

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیر و شاندەکانی حکومەت لە بەغدا تەواجودێکی بەرچاویان هەبوو، ڕۆڵی وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆ و شاندەکان جێگەی شانازییە، ئەمەش بۆ تەوجیهاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە هۆکاری نزیکبوونەوەی وەزارەت و دامەزراوەکانی هەردوو حکومەت و گەیشتن بەو لێکتێگەیشتنانەیە، بگرە چوونی شاندەکانی حکومەتی ئیتحادیش بۆ هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی زۆر لە گرفت و کێشەکان و بارگرژی و ناکۆکییەکانی کەم کردەوە، ئێمەش ئامادەیی هەموو هاوکاری و پاڵپشتییەکی شاندە باڵاکان و شاندە تەکنیکارەکانمان هەیە.

سەبارەت بە پرسیارەکەشتان پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە پەرلەمانتار و وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و نوێنەرایەتییەکانەوە، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، چەندە کۆدەنگی هەبێت لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هەموو عێراقە، ئەگەر ناکۆکی هەبێت کاریگەری لەسەر خودی کابینەی حکومەتی عێراقیش هەیە، لێرە لە بەغدا ئەرکی نوێنەرانی کورد جیاوازە، ناکرێت ناکۆکی و کێشەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان بهێنرێتە ئێرە و زیان بە قووت و بەرژەوەندیی خەڵکی بگەیەنن.

**لە کابینەی پێشتر سەرۆک کۆمار هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، بەتایبەتی لەو کێشانەی پەیوەندییان بە خەڵکی کوردستانەوە هەبووە**


**ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە**

**یەکێک لەو کەموکورتییانەی لە سیستمی فیدراڵییەتی عێراقدا هەیە، نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵییە، کە بەپێی دەستوور دەبێت پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات و ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێنێت**



# لاوازیی بەهاکانی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی

## هۆکار و چارەسەر



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ و پرۆفیسۆر لە یاسا - زانکۆی سۆران.

بۆ گوڵانی نووسیوە

بە شێوەیەکی گشتی ئینتیما چەمکێکی فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە، ئامانجیشی گەشەی خودی تاك و بڕوابوون بە خۆی و کۆمەڵگەکەیەتی، هەروەها ئامادەکاریی تاك بۆ قوربانیدان لە پێناو پرەنسیپ و بەها نیشتمانییەکانی کۆمەڵگەکەی، ئینتیما جەوهەری ناسنامەی نیشتمانییە، لە مەعریفەی عەقڵانی و هۆشیاریی و ویژدان و هەست و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مۆڕاڵی پێك دێت.

ئینتیما بۆ نیشتمان واتا هەست و ڕەفتاری تاك، بەو پێیەی بەشێکە لە خاك و گەلی نیشتمانەکەی و شانازیکردن بە کەلتوور و کەلەپوور و دابونەریت و بەها و پرەنسیپەکانی گەلەکەی و قوربانیدان لە پێناو نیشتمانەکەی. ئەم ئینتیمایە لە کاری جدیدا بەرجەستە دەبێت، لەپێناو گەشەکردن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکەی و هاریکاری و یارمەتیدان لەگەڵ تاکەکانی و قوربانیدان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی.

ئینتیما پاڵپشتیی ناسنامەی نیشتمانی دەکات، دەبێتە هۆکاری یەکگرتوویی کۆمەڵگە، چونکە ئینتیما بریتییە لە هاوبەندبوونێکی قووڵی ڕوح کە ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەگۆڕێت بۆ کارلێکێکی چارەنووسسازی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە بوونی کۆمەڵگە و بەها و کەلەپوور و مێژووەکەی.

ئەو میللەتانەی بە دەست لاوازیی ئینتیمای تاکەکەنیانەوە دەناڵێنن، یادگەی مێژوویی و ئێستا و ئایندەیان لەدەست دەدەن، بەمەش بوار دەدەنە دوژمنان تا دەست لە کاروباریان وەربدەن، هەر ئەوەیشە کە دوژمنانی میللەتی کورد هەوڵ دەدەن کە پیادەی بکەن لەهەمبەر گەلی کوردستان، ئەوانە لە ڕێی دامەزراوە جیاوازەکانیانەوە هەوڵی لاوازکردنی ئینتیمای تاکی کورد بۆ کوردستان دەدەن، هەروەها لایەنی نەرێنی دەردەخەن و، دۆخێکی تووڕەیی و بێ ئومێدی و بێزاری دێننە ئاراوە، بەتایبەتی لەنێو ئەوە نەوەیەی کە تازە پێ دەگەن، بەمەش ناسنامەی نیشتمانیی کوردستانی ڕووبەڕووی ئالنگاریی جیاواز دەبێتەوە، چونکە دوژمنانی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان هەوڵ دەدەن، ناسنامەی کورد بسڕنەوە و، بیکەنە ناسنامەیەکی پاشکۆ، یان تێکەڵی ناسنامەکانی خۆیانی بکەن.

ناسنامەی نیشتمانیی کوردستانی بریتییە لە کەلتووری لێبووردەیی و قوربانیدان و هاریکاری و پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تائیفییەکانی کوردستان، هەروەها لە یاساکانی هەرێمدا کە هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی دەپارێزێت و، پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێم دەستەبەر دەکات.

ناسنامەی کوردستانی هەموو جۆرە ئینتیمایەکی نەتەوەیی و ئایین و تائیفی و ئێتنی و کەلتووری و سیاسی لەخۆ دەگرێت، ئەو ئینتیمایانە فاکتەرن بۆ پاڵپشتی و دەوڵەمەندکردنی ناسنامەی کوردستانی، کە بریتییە لە ناسنامەی یەکبوونی نیشتمانی و هاوبەندیی ویژدانی و ئینتیما بۆ پرەنسیپ و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

ئەوەی دەورووژێندرێت لە بارەی ئەوەی تا چەند هاووڵاتی کوردستان ئینتیما و وەلا و ئامادەیی هەیە بۆ قوربانیدان لە پێناو کورد و کوردستاندا، تا ڕادەیەك بووەتە مژارێکی ناکۆك لە نێوان سەرجەم ناوەندەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری، ئاراستەیەك هەیە، زێدەڕۆیی دەکات لە بانگەشەی گەشەکردنی دیاردەی نائینتیماخواز و لەدەستچوونی جەوهەر و بەهاکانی مەسەلەی ئینتما بۆ گەل و نیشتمان، کەچی زۆرینەی دەستەبژێری سیاسی پێیان وایە کە فەرامۆشکردنی ئینتما بە دیاردەیەك دانانرێت، بەڵکو ڕووداوێکی ڕاگوزەر و تێدەپەڕێت، ئەگەر بە عەقڵانییەت و ڕوونی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەو مەسەلەیە فەرامۆش بکرێت و گوێی پێ نەدرێت کە چارەسەری لۆژیکانەی بۆ نەدۆزرێتەوە، تاکو ئەو بابەتە نەبێتە نەخۆشییەکی مەترسیدار و بەر بێتە گیانی قەوارەی کۆمەڵگەی کوردستانی، چونکە ئەو میللەتانەی نەخۆشییەکانیان دەستنیشان نەکەن و چارەسەریان نەکەن، بە هۆی ڕاچێتەی هەڵەی دەرمانەوە لە بەین دەچن.

لە واقیعدا مەسەلەی ئینتیما بۆ کوردستان و بۆ گەلی کوردستان ڕووبەڕووی هەڵبەز و دابەز بووە، بەپێی فاکتەرەکانی خودی و بابەتی، لەوانەش ڕۆڵی حزبە کوردستانییەکان

**ئینتیما بریتییە لە هاوبەندبوونێکی قووڵی ڕوح کە ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەگۆڕێت بۆ کارلێکێکی چارەنووسسازی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە بوونی کۆمەڵگە و بەها و کەلەپوور و مێژووەکەی**

**ئەو میللەتانەی بە دەست لاوازیی ئینتیمای تاکەکەنیانەوە دەناڵێنن، یادگەی مێژوویی و ئێستا و ئایندەیان لەدەست دەدەن، بەمەش بوار دەدەنە دوژمنان تا دەست لە کاروباریان وەربدەن**

**دوژمنانی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان هەوڵ دەدەن، ناسنامەی کورد بسڕنەوە و، بیکەنە ناسنامەیەکی پاشکۆ، یان تێکەڵی ناسنامەکانی خۆیانی بکەن**

و پەیوەندیی نێوانیان و، چۆنێتیی مامەڵەکردنی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕان لە عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی.

مەسەلەی ئینتیما بۆ کورد و کوردستان و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان مەسەلەیەکی ناکۆك بووە لە سالانی بەرپابوونی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی سالی ١٩٦١، ئەو کاتە یەك ئینتیما هەبوو کە ئینتیما بوو بۆ کوردستان و پاڵپشتیکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ و بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٦٦ مەسەلەی ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان و بەرگری لە شۆڕش گۆڕا بۆ مەسەلەی ئینتیما بۆ حزبەکان، کە کەوتنە شەڕی یەکترەوە. لێرەدا کۆمەڵگەی کوردستانی دابەش بوو بەسەر لایەنگر و ئۆپۆزسیۆندا، بەڵام بە هیممەت و دانایی ڕابەر و ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ڕیزەکانی گەلی کوردستان یەك خرانەوە، ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٠دا، بەمەش ئینتیما و وەلای حزبی گۆڕا بۆ وەلا بۆ کوردستان، بارزانیی باوك، بوو بە ڕابەری ڕۆحیی هەموو کوردستانیان، بەم شێوەیە ئاستی ئینتیما بۆ کوردستان گەیشتە لووتکە، زۆربەی گەلی کورد هاتە ڕیزی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٤.

مەسەلەی نائینتمایی دوای پلانەکەی جەزائیر و سەرهەڵدانی کۆمەڵێك حزب دەستی پێ کرد، ئەو حزبانەی کە چەکیان هەڵگرت و لەگەڵ یەکدیدا کەوتنە شەڕەوە و کەسانی خەباتگێڕیان لە یەکدی تیرۆر کرد، ئەو کاتە دیاردەی ئینتیما بۆ حزبەکان جارێکی دیکە گەشەی کردەوە، مەسەلەی ئینتیماش بۆ کوردستان لاواز بوو، بە هۆی ئەو شەڕ و کوشتارە ناوخۆییە کە نائومێدی و بێ هیوابوونی بەدوادا هات، بۆیە دەسەڵات لە بەغدا دڕندەترین کردەوەی تیرۆری دەرحەق بە کورد پەیڕەو دەکرد، لە کاتێکدا حزبە کوردییەکان شەڕی یەکتریان دەکرد، ئا لێرەدا لاوازی لە ئینتیما لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا گەشەی کرد.

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دژی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە بەغدا هاندەر بوو بۆ گەڕاندنەوەی ڕایەڵەی نیشتمانی و هاوکاری و تەبایی بە هۆی یەکێتیی هەڵوێستی بەرەی کوردستانی و سەرکردایەتیکردنی بۆ ڕاپەڕینە میللییەکە، کاتێك جەماوەری کوردستان پاڵپشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد، بۆ ڕزگارکردنی زۆربەی خاکی کوردستان. ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن هەستێکی بێ سنووری هێنایە ئاراوە، میللەتی کورد ئەو پەڕی ئامادەیی خۆی پیشان دا بۆ بەرگری کردن لە کورد و کوردستان، ئاستی ئەو ئینتیمایەش گەیشتە ئەو پەڕی لووتکە، لەمەدا گەل ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی ئابووری و دارایی و مەترسیی ئەمنی بووەوە، هەموو تاکەکانی گەل یەکریز وەستان دژی هەوڵ و پیلانە تێکدەرەکان و گەمارۆی ئابووری کە ڕژێمی فەرمانڕەوای بەغدا سەپاندبووی.

لەوەتەی ساڵانی ١٩٩٤ کێرڤی مەسەلەی ئینتیمای نیشتمانی بەرە بەرە ڕووی لە خوارەوە کردووە، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و ئەو کارەسات و مەینەتی و نائومێدی و کاولکارییەی بەدوای خۆیدا هێنانی، گەلی کورد دابەش بوو بۆ چەندین گرووپ و لایەن، جارێکی دیکەش قسەکردن لەسەر وەلای حزبی هاتەوە گۆڕێ، جگە لەو ماوەیەی کە کوشتار تێیدا وەستابوو، هەروەها ئاشتەوایی و هاوپەیمانی و زێدەبوونی مەترسییە ئەمنییەکان و هەڕەشەکانی ناوخۆ و دەرەوە، بەڵام مەسەلەی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی بەردەوام بوو، تەنانەت ئینتیما بۆ حزبەکانیش وەکو جاران نەبوو، بە هۆی توورەیی و بێزاریی لەهەمبەر هەڵسوکەوتی هەندێ لە سەرکردەی حزبەکان، کە کەوتنە تۆڵەسەندنەوە و کۆنترۆڵکردنی هەژموون و سامان و دابەشکردنی پۆستەکان لەنێو خۆیاندا، هەروەها دابەشکردنی دەستکەوتەکان بە سەر کەسانی نزیك لە خۆیان.

دەکرێ لێرەدا گرنگترین فاکتەری دابەزینی کێرڤی مەسەلەی ئینتیمای نیشتمانی کورت بکەینەوە، بەتایبەتی لەنێوان نەوەی دوای ڕاپەڕیندا کە گرنگی بە خەبات و قوربانیدانی حزبە کوردستانییەکان نادات، تەنانەت بە کارەساتەکان و ئەنفال و کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان، بە قەدەر ئەوەی گرنگی دەدات بە

**ئاراستەیەک هەیە، زێدەڕۆیی دەکات لە بانگەشەی گەشەکردنی دیاردەی نائینتیماخواز و لەدەستچوونی جەوهەر و بەهاکانی مەسەلەی ئینتما بۆ گەل و نیشتمانپ**

**ئەو میللەتانەی نەخۆشییەکانیان دەستنیشان نەکەن و چارەسەریان نەکەن، بە هۆی ڕاچێتەی هەڵەی دەرمانەوە لە بەین دەچن**

دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە و ئایندەیەکی مسۆگەر.

١. ناکۆکی و گرژییەکانی بەردەوامی نێوان حزبە کوردستانییەکان و لۆمەکردنی حزبێك لە لایەن حزبێکی دیکەوە، نەبوونی دیدگەیەکی ڕوون و گوزارشتکردن و بەکارهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی نەخشەکێشانی وێنەیەکی تەڵخ بەرانبەر بە ئایندەی هەرێم و، تانەدان لە دامەزراوەکانی یاسایی و جێبەجێکردن، بۆ هێنانە کایەی نائومێدی لای نەوەی گەنج و تێکشکاندنی هیوا و ئاواتیان و هاندانیان بۆ کۆچکردن.

٢. هەڵکشانی ماوە بە ماوەی قەیرانەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، ئەمەش هۆکار بوو بۆ زیادبوونی هەستی شکستهێنان و نەمانی بڕوابوون بە هەرێم، بە هۆی ئەو هەڕەشانەی بەغدا و دەوڵەتانی دراوسێ ڕووبەڕوویان دەکردینەوە، یان تابوورێکی بەکرێگیراو پڕۆپاگەندەی نەرێنی لە بارەی چارەنووس و ئایندەی هەرێم بڵاو دەکردەوە.

٣. خۆبەزلزانینی هەندێ بەرپرسانی دەزگا حکوومییەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ هاووڵاتیان و گرتنبەری هۆکارەکانی ڕۆتینی نەریتی، هاوکات بەدەنگەوەنەهاتن بۆ سکاڵای هاووڵاتیان، یان گوێگرتن لە داخوازییەکانیان، دەرکەوتنیشیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا بە دەستکەوت دادەنا.

٤. ڕەفتاری بەرزئاسای هەندێ لە سەرکردە سیاسییەکان، خۆخەریککردن بە کۆکردنەوەی سامان و دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر کەسانی نزیك لە خۆیان، بە چاوپۆشی لە پێوەرەکانی لێهاتوویی و شارەزایی، ئەمەش بووە هۆی بێزاری و بێ ئومێدی و نائینتیما، تەنانەت بۆ حزبیش لەلایەن ئەندامەکانیەوە.

٥. لاوازیی پەیوەندیی نێوان دامەزراوە حزبی و حکوومییەکان لەگەڵ دەستبژێری ڕۆشنبیر و ڕێزنەگرتن لە مامۆستایانی ئایین و زانا و ئەدیب و هونەرمەند و، پشتگوێخستنی بۆچوونەکانیان و سوودوەرنەگرتن لە شارەزاییان.

سووکایەتیکردن بە ڕۆڵی ڕۆشنبیری لە ئەدەب و هونەر و شانۆ و زانا و مامۆستایانی ئایین دەبێتە هۆی نەمانی ئینتیمای نیشتمانی، چونکە ئەوانە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە چ لە کاتی ئاشتی و سەقامگیردا، یان لە کاتی قەیرانەکان کە هەوڵ دەدەن تۆوی بەهاکانی نیشتمانی و قوربانیدان و هاوکاری و لێبووردەیی و بنیادنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بچێنن.

٦. تا ئێستا ئەو هەنگاوە پراکتیکییانەی کە بۆ وشککردن و لەناوبردنی سەرچاوەکانی گەندەڵیی دارایی هەڵێنراون، کورتیان هێناوە.

٧. ڕەفتاری نابەجێی هەندێ لە کوڕانی چینی سیاسی و لووتبەرزی و شانازی بەخۆوەکردن، کاتێك دەبتە خاوەنی ئۆتۆمبیلی گرانبەها و سەردانی شوێن و خواردنگەکان دەکەن، ئەو شوێنانەی کە تەنانەت چینی سەرووی مامناوەند ناتوانن ڕووی تێ بکەن، ئەمە جگە لە ڕێزنەگرتنیان لە یاساو ڕێساکان، ئەم کردەوانە دەبنە مایەی تووڕەیی و نەمانی بڕوابوون بە دەسەڵاتی سیاسی، بەتایبەتی لەلایەن نەوەی گەنج کە لە سادەترین هۆیەکانی خۆشگوزەرانی بێبەشن، هەمووانیش دەزانین کە کوڕانی ئەو چینە لە کۆکردنەوەی سامانەکانیان ئارەقەیان نەڕشتووە.

٨. ئاراستەی هەندێ دامەزراوەی زانستی و پەروەردەیی، بە پێچەوانەی بەرنامەی حکوومی کە ئامانجی گەڕاندنەوەی کادیرانی زانستییە لە دەرەوەی کوردستان، بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی گەشەسەندن و پەرەپێدان، ئەو دامەزراوانە ئاستەنگ بۆ ئەمە دروست دەکەن، لەوانەش کاتێ هەر یەك لە وەزارەتی دارایی و خوێندنی باڵا ڕێنمایی دەردەکەن کە بڕی ملیۆنێك دینار نەدرێت بە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە چاوپۆشی لە پلە زانستییەکەی، لە کاتێکدا گرێبەست لەگەڵ بیانییەکان واژۆ دەکەن کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان هەیە و دوو ملیۆن و نیو دیناری عێراقییان پێ دەدەن، هیچ فەلسەفەیەکی شاردراوە نابینین لە سزادانی ئەکادیمیستی کورد کە ئارەزوومەندە بگەڕێتەوە کوردستان، ئەگەر مەبەست لەمە ئەوە نەبێت کە ئینتیمای نیشتمانیی ئەو کەسە لە بەین بەرێت، ئاگاداریشی بکاتەوە کە پەسند نییە لە نیشتمانەکەی خۆی ژیان بەسەر بەرێت.

**لە ساڵی ١٩٦٤ و بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٦٦ مەسەلەی ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان و بەرگری لە شۆڕش گۆڕا بۆ مەسەلەی ئینتیما بۆ حزبەکان، کە کەوتنە شەڕی یەکترەوە**

**مەسەلەی نائینتمایی دوای پلانەکەی جەزائیر و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک حزب دەستی پێ کرد، ئەو حزبانەی کە چەکیان هەڵگرت و لەگەڵ یەکدیدا کەوتنە شەڕەوە و کەسانی خەباتگێڕیان لە یەکدی تیرۆر کرد**

● **شێوەکانی لاوازیی ئینتیمای نیشتمانی:**

١. زاڵبوونی شانازی بەخۆکردن و خۆهەڵکێشان بە بەها ماددییە نەرێنییەکانی تایبەت و بڵاوبوونەوەی بێباکی بە بەها و پرەنسیپە ڕۆحی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زاڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، یان حزبی، یان تائیفی بەسەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی.

٢. سووکایەتیکردن بە ڕۆڵی پێشڕەوان و دەستەبژێری ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی.

٣. بڵاوبوونەوەی دیاردەی گاڵتەکردن بە کەلەپوور و هێماکانی شارستانی و مێژوویی و سومبولە نیشتمانییەکان و سروودی نیشتمانی، هەروەها بە دروشم و ئاڵای کوردستان.

٤. سووکایەتیکردن بە دەستکەوتە نیشتمانی و کەسایەتییە نیشتمانییەکان، هەروەها بە قوربانیدانی شەهیدان و ڕێزنەگرتنی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.

٥. سووکایەتیکردن بە ڕۆڵی دامەزراوەکانی هەرێم، بەتایبەتی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەچاك زانینی گەڕانەوە بۆ ڕژێمی ناوەند لە بەغدا، هەروەها ستایشکردنی هێزەکانی ڕژێمی لەناوچوو.

٦. بڵاوکردنەوەی وێنەی شێواو لەسەر ماف و ئازادییەکان و زێدەڕۆییکردن لە پیشاندانی هەندێ ڕووداوی لاوەکی.

٧. دیاردەی لۆمەکردن لە حکومەتی کوردستان لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵ و بەو پێیەی حکومەتی دروستکەری قەیرانەکانە.

٨. بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە لەسەر قەبارەی داهاتەکانی حکومەتی هەرێم و زێدەڕۆیی لە خەمڵاندن و بە مەرامی ئەوەی کە حکومەت کەمتەرخەمە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

٩. دیاردەی گرنگیدان بە بەرنامە ڕۆشنبیرییەکان، یان بەدواداچوونی ڕووداوەکان و واقیعی ئەرێنی و نەرێنیی سیاسی و جەختکردنەوە لەسەر بەرنامەکانی کات بەسەر بردنی ئاست نزم.

● **چارەسەرەکان:**

پێویستە حزبە کوردستانییەکان و دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیراسەی لاوازیی ئینتیمای هاووڵاتی کوردستانی بۆ گەل و نیشتمان بکەن، ئەمەش بەرپرسیاریەتی هەموانە بێ جیاوازی.

١. ئەرکی چینی سیاسی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنە کە ڕۆڵ و کار و ئەرکەکانیان لە میانی ساڵانی ڕاپەڕین بە هەموو ڕاشکاوی و شەفافییەتێکەوە هەڵسەنگێنن، هەروەها کەسانی گەندەڵ و هەلپەرست و سوودخوازان لە ڕیزەکانیان دوور بخەنەوە.

٢.لەسەر حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پێویستە ڕاستگۆیانە دەستکەوت و نەرێنییەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕانی هەڵبسەنگێنن، تا هاووڵاتی بە کەموکورتی و چارەسەرەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ئاشنا بێت.

٣. لەسەر حزبە کوردستانییەکان پێویستە دیدگەیەکی ڕوونیان هەبێت لەبارەی ئایندەی کوردستان، هەروەها بەرنامەگەلی واقیعیانە بخەنە ڕوو، بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، هاوکات کاربکەن لەپێناو بڵاوکردنەوەی بەهاکانی ئینتیمای نیشتمانی بە چاوپۆشی لە دەسەڵاتی حوکمڕان، چونکە دەسەڵات دەگۆڕێت و دەستاودەست دەکات، بەڵام نیشتمان هەر دەمێنێت.

٤. چاوخشاندنەوە بە میکانیزمە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، تاکو بگۆڕێن بۆ میکانیزمگەلی بەرپرس لە پێگەیاندنی نەوەیەك کە ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەبێت، لە ڕێی گوتنەوەی وانەی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان و کێشەکانی وزە و گەشەپێدانی بەردەوام، بەتایبەتی لە قۆناغی زانکۆدا، بۆ چەسپاندنی پەیوەندیی نێوان تاك و ژینگەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی. بۆیە پێویستە سیستەمێکی پەروەردەیی بگرینە بەر بە ئامانجی بنیادنانی مرۆڤی کوردستانی و پێدانی جۆرەها زانست و بەهاکانی ڕەوشت و نیشتمان.

٥. گرنگیدانی هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان بە مێژوو و ڕێڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دەرخستنی ڕۆڵی کەسایەتییە نیشتمانییەکان، وایان دابنێین کە ئەوانە سومبولی زیندووی نیشتمانین، وەك ژەنەراڵ مستەفا بارزانی و شێخ مەحموود و

**ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دژی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە بەغدا هاندەر بوو بۆ گەڕاندنەوەی ڕایەڵەی نیشتمانی و هاوکاری و تەبایی بە هۆی یەکێتیی هەڵوێستی بەرەی کوردستانی**

**تا ئێستا ئەو هەنگاوە پراکتیکییانەی کە بۆ وشککردن و لەناوبردنی سەرچاوەکانی گەندەڵیی دارایی هەڵێنراون، کورتیان هێناوە**

**پێویستە حزبە کوردستانییەکان و دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیراسەی لاوازیی ئینتیمای هاووڵاتی کوردستانی بۆ گەل و نیشتمان بکەن**

قازی محەمەد و زانایانی ئایین و ئەدەب.

٦. وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆنەی نیشتمانی ساز بکات، گرنگییش بدات بە کەلەپووری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فۆلکلۆری میللی، هانی سینەما و شانۆی ئامانجدار بدات.

٧. دامەزراوە ڕۆشنبیری و میدیاییەکان گرنگی بدەن بە بەرنامە و چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی، هانی داهێنانە فیکری و زانستییەکان بدەن.

٨. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی ئەرێنی ببینن لە گەشەپێدانی کەسایەتیی نیشتمانی، لە ڕێگەی چەسپاندنی بەها نیشتمانییەکان و ئینتیما و شانازیکردن بە کەلەپووری ڕۆشنبیری.

٩. دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان هانی ئەدیب و هونەرمەند و بیرمەندان بدەن بۆ بەرزڕاگرتنی مەینەتییەکانی گەلی کورد لە پرۆسەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆسایدی بارزانی و ئێزدییەکان لە میانی شاکارەکانی ئەدەب لە شیعر و پەخشان و ڕۆمان و چیرۆك و بەهەمهێنانی فیلم و نمایشکردنی شانۆگەری، پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوییان بکەن، چونکە ئەو گەلانەی یادەوەریی مێژووییان لەبیر بکەن، ئەوا ئێستا و ئایندەشیان لەدەست دەچێت.

١٠. ئەم هەموو ڕێگەچارانە ئامانج ناپێکن، ئەگەر حزبە کوردستانییەکان دەستبەرداری سەنگەر لە یەکتر گرتن دژی یەکدی نەبن، یان واز لە تۆمەت بەخشینەوە و هەوڵی قۆرخکردنی دەسەڵات و هەژموون نەهێنن، یان کەسانی هەلپەرست و سوودخواز و گەندەڵ داڵدە نەدەن.

١١. کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بەرپرسن لە فەراهەمکردنی هەل بۆ گەنجان بە ڕاهێنان و شیاندن و دامەزراندنیان، چونکە ئەوان دەتوانن هیوا و دڵنیایی بە گەنجان بدەن، لە بنیادنانی ژیانێکی ئازاد و سەربەرز، بەمەش بەشداری دەکەن لە دوورخستنەوەی مۆتەکەی نامۆبوون و نائینتیما لە کۆمەڵگەدا.

١٢. شیاندنەوەی زۆربەی کادیرانی کارگێڕی بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییەکان و وەلاوەنانی ڕۆتین لە پێشکەشکردنی خزمەگوزارییەکان، بۆ ئەوەی بێزاریی چاوەڕوانی لە تەواوکردنی مامەڵە نەمێنێت، هەروەها ئاسوودەیی دەروونی هاووڵاتیان و ڕازیبوون لە ئەرکی دامەزراوە حکوومییەکان بێننە ئاراوە، چونکە ئاسوودەیی دەروون ڕۆڵی گرنگی لە هەستکردن بە دڵنەوایی و ئینتیمای نیشتمانی هەیە.

١٣. شەفافییەت و یەکسانی لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان لەسەر هەموو هاووڵاتیانی هەرێم لەلایەن هەموو دامەزراوە حکوومییەکان.

١٤. فراوانکاری لە دروستکردنی بنکەی وەرزشی و هونەری و هاندانی هەموو جۆرە چالاکییەکی وەرزشی و هونەری لە نیگار و پەیکەرتاشی و...تاد.

١٥. گرنگیدان بە مامۆستایان لە هەموو قۆناغەکاندا، چونکە ڕۆڵیان هەیە لە گەشەکردنی کەسایەتیی قوتابیان و قووڵکردنەوەی بەهاکانی ئینتیما و هاووڵاتیبوون و خۆشەویستیی سیستەم و هاریکاری و کرانەوەی فیکری.

١٦. چاودێریکردنی هۆیەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، چونکە گۆڕەپانی کراوەن بۆ دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیرورا، ڕەنگە ئەو بیروکە نەرێنییانە کاریگەرییان هەبێت بۆ مەسەلەی ئینتیمای نیشتمانی، بەتایبەتی ئەوانەی هانی هەرەسهێنانی بەهاکان و کەلەپوور دەدەن، هەروەها گیانی بێباکی و سووکایەتیکردن بە سومبولە سیاسی و نیشتمانییەکان بڵاو دەکەنەوە، تاکەکانی کۆمەڵگەش هان دەدەن، یاخی بن و پەلاماری دامەزراوەکان بدەن، یان بەڵێنی چەواشەکاری دەدەن.

١٧. هاندانی خێزانەکان بۆ گەشەپێکردنی کەسایەتیی تاکەکانیان و گۆشکردنیان بە گیانی وەفا و قوربانیدان و هاریکاری و ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان.

١٨. پەیوەندیی حکومەت لەگەڵ ڕەوەندانی کورد لە دەرەوەی کوردستان و هاندانی شارەزا و بەهرەمەند و تاکو هاوکاریی دامەزراوە حکوومییەکان بکەن و، سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرن، بە بواری تەندروستی و پەروەردە و وزە و ژینگە و بەنداو و ئاو و، دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازیی کشتوکاڵی و گەشتیاری، یان بانگ بکرێن بگەڕێنەوە کوردستان و هەلومەرجی کارکردنیان بۆ فەراهەم بکرێت و ژیان و گوزەرانیان مسۆگەر بکرێت.

**ئەرکی چینی سیاسیی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنە کە ڕۆڵ و کار و ئەرکەکانیان لە میانی ساڵانی ڕاپەڕین بە هەموو ڕاشکاوی و شەفافییەتێکەوە هەڵسەنگێنن، هەروەها کەسانی گەندەڵ و هەلپەرست و سوودخوازان لە ڕیزەکانیان دوور بخەنەوە**

**پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆنەی نیشتمانی ساز بکات، گرنگییش بدات بە کەلەپووری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فۆلکلۆری میللی، هانی سینەما و شانۆی ئامانجدار بدات**

**پێویستە دامەزراوە ڕۆشنبیری و میدیاییەکان گرنگی بدەن بە بەرنامە و چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی، هانی داهێنانە فیکری و زانستییەکان بدەن**



سیاسەتمەدار و شرۆڤەکار دیندار دۆسکی بۆ گوڵان:

# نابێت ململانێی سیاسیی نێوان حزب و لایەنەکان بگاتە ئەو ئاستەی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بەر مەترسییەوە

پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەمواركردنەوەی یاسای كۆمیسیۆنی باڵای ڕاپرسی و هەڵبژاردنەكان و بەرەوپێشچوونی پەیوەست بە هەناردەكردنی نەوتی كوردستان و هەوڵ و كۆششەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و تەگەرەكاندا و سووربوونی لەسەر بەردەوامیدان بە پرۆژە گەورە و ستراتیژییەكان و چەند بابەتێكی دیكە، بوونە تەوەری سەرەكیی دیدارێكی گوڵان لەگەڵ دیندار دۆسكی سیاسەتمەدار و شرۆڤەكار و بوم جۆرە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.

# گومانی تێدا نییە كە ئاوات و خواستی مەسرور بارزانی لەوە زۆر زیاترە كە كابینەی نۆیەم ئەنجامی داوە

* هەفتەی ڕابردوو سەرۆكی هەرێمی كوردستان ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی ڕاگەیاند، بەڵام هێشتا پەرلەمان یاسای كۆمیسیۆنی باڵای ڕاپرسی و هەڵبژاردنەكانی هەموار نەكردووەتەوە، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە كە حزبە سیاسییەكان لە هەڵبژاردن دەترسن و نایانەوێت هەڵبژاردن لەكاتی خۆی بكرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی پێداگری دەكات كە دەبێت ئەمساڵ هەڵبژاردن بكرێت. ڕای ئێوە لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو چییە و چۆن پێداگریی سەرۆك بارزانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەخوێننەوە؟

- لە ڕاستیدا ئەم پێداگرییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كوردستان هەرێمێكی دیموكراتییە و خاوەنی ئەزموونێكی چەند ساڵەیە لەم بارەیەوە، ساڵ لە دوای ساڵیش ئەم ئەزموونە بەرەوپێش دەچێت، چ لە بواری هەڵبژاردن بێت، یان ئازادیی تاكەكەسی، یان لە بواری سیاسی و ڕادەربڕین، بە چەشنێك كە ئێستا هەرێمی كوردستان پێگە و ناوبانگێكی باشی هەیە، چونكە لە ڕووی ئابووری و پێكەوەژیان و فرەلایەنی و ئاوەدانكردنەوە و ئازادیی سیاسییەوە گەشەكردنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، واتە هەنگاوی جددی و باش هەڵگیراوە بە ئاراستەی پێشكەوتنی باشتر و زیاتر، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە پێویستە هەرێمی كوردستان سەرجەم هەڵبژاردنەكان لە كات و ساتی خۆیان و بەپێی وادەی یاسایی ئەنجام بدات، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ هەلومەرج بێتە پێشەوە كە بە هۆیەوە نەتوانرێت هەڵبژاردن لە كاتی خۆیدا بكرێت، ئەوە جیاوازە و دەكرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان پەرلەمان و حكومەت تەمەنیان درێژ بكرێتەوە، وەك ئەوەی لە ئێستادا كراوە، كە ئەویش بۆ ئەوە بووە بۆشایی سیاسی لە ناو هەرێمی كوردستاندا دروست نەبێت و نەكەوینە ناو دۆخێكی نەخوازراوەوە، ئەگەرچی لەم ڕووەوە گلەیی هەیە، بەڵام ئەوە كارێكی ناچاری بووە و چارەسەرێكی باشتر لە ئارادا نەبوو، یەكێك لە لایەنە باشەكانی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی كوردستان ئەوەیە بوار بڕەخسێت

**ئێستا هەرێمی كوردستان پێگە و ناوبانگێكی باشی هەیە، چونكە لە ڕووی ئابووری و پێكەوەژیان و فرەلایەنی و ئاوەدانكردنەوە و ئازادیی سیاسییەوە گەشەكردنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە**

**پێویستە هەرێمی کوردستان سەرجەم هەڵبژاردنەکان لە کات و ساتی خۆیان و بەپێی وادەی یاسایی ئەنجام بدات**

**یەکێک لە لایەنە باشەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە بوار بڕەخسێت لایەنەکان دانوستاندن و گفتوگۆ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بتوانن هەمواری یاسایی هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بکەن**

**دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و هەموارکردنی یاساکە دەبێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی حەز و خواستی دوژمن و ناحەزانی هەرێمی کوردستان**

**لە ناوخۆش ناحەز و دوژمن هەیە کە چاویان بە هەرێم و ئەو پڕۆسە و ئەزموونە دیموکراتییە هەڵنایەت، بەڵام بە گەیشتن بە ڕێککەوتنی لایەنەکانی هەرێم و ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەموو پیلان و مەبەستە دوژمنکارییەکانیان لە ناو دەچێت**

لایەنەکان دانوستاندن و گفتوگۆ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بتوانن هەمواری یاسایی هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بکەن، تاوەکو بە شێوەیەکی یاسایی بتوانرێت پڕۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. بێگومان دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کارێکی باشە، چونکە بە دیاریکردنی ڕۆژ و کاتی هەڵبژاردن دەبینین دڵنیایی و متمانە لای خەڵك و لایەنەکان دروست بووە، لەلایەکی دیکەوە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و هەموارکردنی یاساکە دەبێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی حەز و خواستی دوژمن و ناحەزانی هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ناوخۆش ناحەز و دوژمن هەیە کە چاویان بە هەرێم و ئەو پڕۆسە و ئەزموونە دیموکراتییە هەڵنایەت، بەڵام بە گەیشتن بە ڕێککەوتنی لایەنەکانی هەرێم و ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەموو پیلان و مەبەستە دوژمنکارییەکانیان لە ناو دەچێت، کە دەیانەوێت بارودۆخی هەرێمی کوردستان ناسەقامگیر بێت و ئەو هێمنی و ئاسایشەی تێدا بەرقەرارە وەك خۆی نەمێنێت.

*** لەم ماوەیەی دواییدا بە هۆی ڕاگرتنی نەوتی کوردستانەوە، بینیمان لە بری ئەوەی هەندێك لایەنی سیاسی بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەوەی کە کوردستان نەوتەکەی تەسلیمی بەغدا دەکاتەوە، ئایا ئەم بوغز و کینەیە بەرانبەر خاك و نیشتمان و حکومەتی خۆماڵی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- بەداخەوە بۆ ئەو هەڵویست و بۆچوونانەی دەبینرێن، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا فرەلایەنی و فرەحزبی لە ئارادایە و ڕاوبۆچوونی جیاواز و ئازاد هەیە، نە هەموو خەڵك پارتییە و نە هەموو یەکێتین و نە هەموو حزبی ئیسلامین، بەڵکو خەڵك بیروباوەڕی سەربەخۆ و ئازادی هەیە، کە نابێت ململانێی سیاسیی نێوان حزب و لایەنەکان بە چەشنێك بێت کە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بکەوێتەبەر مەترسییەوە، بەڵکو دەبێت هەموومان پابەند و پەرۆش بین بۆ پارستنی هەرێمی قەوارەی کوردستان و هەموو هەوڵ و کۆششمان بۆ ئەوە بێت کوردستان بەرەوپێش بچێت و بەرژەوەندییەکانی بپارێزین لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە من نەبیستووە هیچ لایەنێك داوا بکات، هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە، بەڵام خەڵك هەبووە و پێی خۆش بووە نەوتەکە ڕابوەستێت و بچێتە ژێر دەستی عێراق، ڕاستە باسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵام باسی گەندەڵییەکی زۆر گەورەش لە عێراقدا دەکرێت، خۆ ئەگەر نەوتەکەش ڕادەستی بەغدا بکرێت، ئەوا لە دەستێکی زۆر ئەمین نابێت، بۆی هەیە ئەگەر نەوتەکە بخرێتە ژێر دەستی بەغدا ئەوا پارە و بودجەمان زیاتر دەست بکەوێت، بەڵام خۆ ئەو بابەتە پەیوەندیی تەنیا بە بودجە و پارەوە نییە، چونکە نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە میللەتی کورد ڕۆژگارێکی دوور و درێژە خەباتی کردووە و شەهیدی داوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن قەوارە و دەوڵەت و ناسنامەی خۆی، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا هەموو لایەك زیانمەند دەبن و، ناکرێت هیچ کەس و لایەنێك ڕەخنەکانیان بگاتە ئەو ئاستەی کە دڵخۆش بن و بیانەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان تووشی شکست، یان نەمان بێت، دواتر من پێم وایە ئەو ڕێککەوتنەی کە ئێستا لەبارەی نەوتەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەنجام دراوە، بەرەوپێشچوونێکی باشە، چونکە داهاتی نەوتەکە دەچێتە هەژمارێکی تایبەت و هەر لە ژێر دەستی حکومەتی کوردستاندا دەبێت، بەڵام بۆچی خەڵك پێی خۆش بێت کە حکومەتی هەرێم لاواز بێت و بکەوێتە ژێر دەستی عێراق؟ ئەمە هیچ کاتێك ڕەوا نییە و ناکرێت هیچ کەسێك لە هەرێم بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، چونکە حکومەتی هەرێم حکومەتی خۆمانە و هی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانە بەبێ جیاوازی، ئێمە دەمانەوێت سەرکەوتوو و خاوەن سەروەری بین.

*** وەك دەزانن سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کوردستان داهاتی نەوتە، کە دەتوانرێت مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین بکرێت و پرۆژەکانی پێ جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە ئەگەر ئەو داهاتە نەبێت، حکومەت ناتوانێت مووچەی فەرمانبەران**

**دابین بکات، بەڵام بینیمان لایەنێکی سەرەکی کە بەشدارە لەم حکومەتە، ئەم پرسە هەستیارەی کردووەتە موزایەدەی سیاسی، ئایا حوکمڕانی بەوجۆرە بەڕێوە دەچێت؟**

- ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە حوکمڕانی بەم چەشنە بیرکردنەوە و کردارانە بەڕێوە ناچێت، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی و یەکێتی بەڕێوە دەچێت و ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بەرەو دۆخێکی خراپ و نەخوازراو دەمانبات، نابێت موزایەدەی سیاسی لە بەرانبەر یەکتردا بکەین، بەتایبەت لەپێناو هەڵبژاردن و چەندین پرسی دیکە، بەڵکو پێویستە کار و هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت، هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێت، چونکە ئێستاش کەسانێك هەن لە بەغدا کە باوەڕیان بە فیدراڵییەت نییە، بۆیە تا ئێستاش ئێمە وەك هەرێم لە ژێر مەترسیداین. هەر بۆیە هێزی کورد و کوردستان لە یەکڕیزیدایە و هەر مافێکمان وەك کورد بەدست هێنابێت، لە ئەنجامی یەکڕیزی و یەکهەڵویستییەوە بووە، هەرچۆنێك بێت من ئومێدم وایە بە هەوڵ و توانای هەموو لایەنەکان دەتوانین بارودۆخی ئێستا تێپەڕێنین و ئەو کەموکووڕی و گلەییانەی هەن، چارەسەر بکرێن، لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکەدا کە قەوارەی هەرێمی کوردستانە. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان ئامادەین دەیان جار بچینە بەغدا بۆ چارەسەر و گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەسەر کێشەکانی نێوانمان، بەڵام بۆچی لە ناوخۆماندا کە یەك چارەنووس و داهاتوو و بەرژەوەندیمان هەیە، لەگەڵ یەك دانانیشین و ئەو گرفتە بچووکانەی هەمانە چارەسەری بکەین؟ لەلایەکی دیکەوە دەبێت بە واقیعی تەماشا بکەین کە ئەو کار و ئەرکانە دەکەوێتە سەر شانی یەکێتی و پارتی، چونکە هەر ئەو دوو حزبە ئەگەر هەڵبژاردن بکەن، حزبی یەکەم و براوەن و حزب و لایەنەکانی دیکە دوو کورسی، یان زیاتر دەهێنن، واتە دەسەڵاتەکە هەر لای یەکێتی و پارتییە و هەر بەیەکەوەش شۆڕشیان کردووە، بۆیە پێویستە کێشەکان و ململانێیەکان چارەسەر بکەن لەپێناو پاراستنی قەوارە و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێستای هەرێمی کوردستان.

*** هەست دەکرێت وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بەڵام پرۆژەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری لەلایەن کابینەی نۆیەمەوە بەردەوامە، هەر بۆیە ئەگەر تەنیا باسی زاخۆ و دهۆك بکەین، ئایا دەتوانین بڵێین پرۆژەکان گۆڕانکارییان دروست کردووە؟**

- هیچ حکومەتێك نییە لە دونیادا کە خەڵك تێبینی لەسەر نەبێت، هەر لە ئەمریکاوە بیگرە تا دەگاتە چین، ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ئەوا سەرەڕای ئەو هەموو قەیرانە یەك لە داوی یەکانەی ڕووبەڕووی بووەوە، بەتایبەت قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەلایەن بەغداوە، ئەوا حکومەت توانیویەتی (مانگانە بەبێ دواکەوتن و بە بێ بڕین مووچە و زۆربەی مانگەکان بەبێ هاتنی ٢٠٠ ملیار دینارەکەی شایستەی دارایی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە) مووچەی فەرمانبەران بدات، بە بێ جیاوازیش لە هەموو شوێن و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەك تەنیا لە زاخۆ و دهۆك، بەڵکو لە سلێمانی و هەڵەبجەش توانیویەتی پرۆژەی جۆراوجۆر و ستراتیژی لە سێکتەرە هەمە جۆرەکان جێبەجێ بکات، کە ئاشکرایە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت بەو توانا دیاریکراوەوە مووچەکە دابین بکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانراوە بەردەوامی بدرێت بە پرۆژە ستراتیژییەکان و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، کە هەموویان خزمەت دەکەن بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و پاراستنی سامانی ئاو و ڕێگەوبان و .. تاد، ڕاستە ڕەنگە پرۆژەکان لە ئاستی تمووحی حکومەتیشدا نەبن، بە دڵنیاییەوە حکومەت پلان و بەرنامەی زۆرتر و باشتری هەیە، بەڵام توانا و سەرچاوە بەردەستەکان هەر هێندە بوار دەدەن، ئەگەرنا گومانی تێدا نییە کە ئاوات و خواستی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەوەی کە ئەنجام دراوە زۆرتر و زیاترە.

*** هەست دەکرێت ململانێی ناتەندروستی نێوان حزبە سیاسییەکان بووەتە هۆکاری ئەوەی هەست بکرێت لەسەر ئاستی فەزای گشتی ئینتیمای نیشتمانی لای هاووڵاتیان ڕووی لە دابەزینە، ئایا بۆچی ئەو ژینگە سیاسییە بەو**

**ڕاستە باسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵام باسی گەندەڵییەکی زۆر گەورەش لە عێراقدا دەکرێت، خۆ ئەگەر نەوتەکەش ڕادەستی بەغدا بکرێت، ئەوا لە دەستێکی زۆر ئەمین نابێت**

**پێویستە کار و هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت، هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێت، چونکە ئێستاش کەسانێک هەن لە بەغدا کە باوەڕیان بە فیدراڵییەت نییە، بۆیە تا ئێستاش ئێمە وەک هەرێم لە ژێر مەترسیداین**

**هیچ حکومەتێک نییە لە دونیادا کە خەڵک تێبینی لەسەر نەبێت، هەر لە ئەمریکاوە بیگرە تا دەگاتە چین**

**نابێت کاتێک کەسانێک ڕووبەڕووی برسێتی، یان بارودۆخی خراپی ژیان ببنەوە بیر لە فرۆشتنی وڵات بکەنەوە**



**شێوەیە دروست بووە کە هەست بکەین ئینتیمای نیشتمانی ڕوو لە دابەزینە؟**

- بە تێڕوانینی من بە پلەی یەکەم بەرپرسارێتی لە ئەستۆی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکانە، کە دەکرێت لە میانەی پرۆسەی پەروەدرە و فێرکردن و لە خوێندنی باڵا و زانکۆکان و چەندین بواری دیکە کاری باش بکرێت و، خەڵك و هاووڵاتیان گۆش بکەن لەسەر بیر و هزری نەتەوەیی و، لەو ڕێگەیانەوە دەتوانێت ئینتیمای نەتەوەیی زیاتر بکرێت، هەرچەندە نابێت کاتێك کەسانێك ڕووبەڕووی برسێتی، یان بارودۆخی خراپی ژیان ببنەوە بیر لە فرۆشتنی وڵات بکەنەوە، کە دەزانین کاتێك پێشمەرگە لە شاخ بوون، زۆر جار ڕووبەڕووی برسێتی و بێ ئاوییش دەبوونەوە، بەڵام هیچ کاتێك ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەیان لاواز نەبووە و بە هەموو توانا و بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە کوردستان کردووە و بیر و باوەڕ و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی و کوردستانییەتیان زۆر بەرز بووە و بە هیچ بەراورد نەکراوە، ڕاستە لە ئێستادا گلەیی هەیە کە هەلی کار کەمە و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە دابمەزرێن و چەندین داواکاری و کەموکووڕی هەیە، بەڵام هەموو ئەوانە نابێت ببنە هۆکاری ئەوەی خەڵك، یان هاووڵاتی بەرانبەر نەتەوە و نیشتمانەکەی ئینتیمای نەمێنێت، یان لاواز بێت، لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە خەڵکانێك هەن بە هۆی ئەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە زۆر دەوڵەمەند بوون و لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدان، کەچی ئینتیماییان زۆر لاوازە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان کە کورد و کوردستانە، لە هەمان کاتدا خەڵکی وا هەیە دەڵێت کە وڵاتێ بۆ من نەبێت، با هەر نەبێت باشترە، کە ئەمەش تێڕوانین و شەرمەزارییەکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر گلەیی لەم خەڵك و کەسانە بکرێت کە ئینتیمایان لاوازە، ئەوا دەبێت لە ٨٠٪ و زیاتریش گلەیی لە حکومەت و دامودەزگاکان و پەرلەمان و حزبە دەسەڵاتدارەکان بکرێت، هەر بۆیە پێویستە ئەو لاوازیی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانییە دیراسەت بکرێت و هۆکار و بنەمای سەرەکییان بدۆزرێتەوە و دەستنیشان بکرێن، پاشان بە شێوەیەکی جددی و واقیعی و بە شەفافانە کار بۆ چارەسەرکردن و گەڕانەوە و

**ئەو ڕێککەوتنەی کە ئێستا لەبارەی نەوتەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەنجام دراوە، بەرەو پێشچوونێکی باشە، چونکە داهاتی نەوتەکە دەچێتە هەژمارێکی تایبەت و هەر لە ژێر دەستی حکومەتی کوردستاندا دەبێت**



بەهێزکردنی ئێنتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی لەلای هاوولاتیان بکرێت.

*** پرسی ئینتیمای نیشتمانی لای هاوولاتیان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی پرسێکی هەستیارە لای سەرۆك بارزانی و، بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە و ڕایگەیاندووە کە گەورەترین مەترسی لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانییە، ئایا وەك سیاسەتمەدارێك رات وایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئینتیمای نیشتمانی بەرز بکەینەوە و هاوکاریی سەرۆك بارزانی بکەین لەم پرسە گرنگەدا؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە هەڵمەتێکی نیشتمانی بکەین بۆ ئەوەی بێڕێزیکردن بە سیمبول و ئالا و بەها پیرۆزەکانی نیشتمان حەرام بکرێن؟**

- من لە ڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بەدواداچوونم بۆ کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بەتایبەتی وتارەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی کە شەفاف و دیار و بەڵگەنەویست و واقیعی بوون، بە چەشنێك کە لەوەی ئێستا ئێوە وەك گوڵان دەیپرسن و دەیخەنەڕوو، دیار بوو کە جەنابی سەرۆك بارزانی ئاگاداری ئەو بارودۆخە و ئەو پرسە بوو، هەر بۆ نموونە دەیفەرموو تەماشای خەباتی شێخ عەبدولسلام بارزانی و بارزانیی نەمر بکەن، بێگومان ئەوە ڕاستە و ئەوانە سیمبولی کوردن و دەبێت هەموو کات ئەو سیمبول و بەرژەوەندییە باڵایانە لەبەرچاو بگرین و پارێزگارییان لێ بکەین، زۆر پێویستە لە میانەی ململانێ حزبییەکاندا ئاگاداری پاراستنی سیمبولەکانی نەتەوە و نیشتمان بین و ناکرێت ئەو سیمبولانە بە هیچ جۆرێك پێشێل بکرێن، چونکە هیچ نەتەوە و میللەتێك ناتوانێت بە بێ ئاڵا و سیمبول و پیرۆزییەکانی بەڕێوە بچێت و شوێنی خۆی لەو دونیا پان و بەرین و پێشکەوتووەدا بدۆزێتەوە، هەر بۆیە دەبێت پێداچوونەوە بە هەموو بوار و لایەنێکدا بکەین، هەر لە سیاسەت و ئازادییەکان و ڕادەربڕین و...تاد، تا دەگەینە دەستنیشانکردنی گرفت و بۆشاییەکان، بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بۆ گەڕانەوەی ئینتیماکە، چونکە هەر کاتێك ئینتیما بەهێز بێت بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان، ئەوا گومانی تێدا نییە، سیمبولە باڵاکان و پیرۆزییەکانمان پارێزگارییان لێ دەکرێت و دەدرەوشێنەوە.

**هەر کاتێک ئینتیما بەهێز بێت بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان، ئەوا گومانی تێدا نییە، سیمبولە باڵاکان و پیرۆزییەکانمان پارێزگارییان لێ دەکرێت**



**کلارا ئۆدیشۆ**

**ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بە پێداگریی سەرۆک بارزانی مافی کریستیانەکان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا جێگیر کرا

**پرسی پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی پرسێکی گرنگ و بایەخدارە و، هەمیشە سیاسەتی حکومەتیش ئەوە بووە کە گرنگیی زیاتر بەم پرسە بدرێت و پتر قووڵ بکرێتەوە، لەم ڕووەوە هەنگاوی کرداریی لە پێناویدا هەڵگرتووە، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ کلارا ئۆدیشۆ ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو نیعمەتەی پەروەردگارە کە هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن، ئێوە وەك پەیڕەوانی ئایینی کریستیان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان دەکەن و ئایا لە دەرەوە کریستیانەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانەی کوردستان دەکەن؟**

- بابەتی پێکەوەژیان بۆ کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش زۆر گرنگە، چونکە چەند پێکەوەژیان بەهێز و پتەو بێت لە نێوان پێکهاتەکاندا و پارێزگاری لەو پێکەوەژیانە بکرێت، ئەوەندە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان زیاتر گەشە دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لەو وڵاتەدا، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، دەبینین ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەبووە، تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە، ئێمەش وەك کریستیانەکان لەو هەوڵدانەدا بەشدارین تاوەکو ئەو پێکەوەژیانە بگاتە ئاستێك کە بە یاسا پارێزگاریی لێ بکرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە لە ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٥ی دەرکرد، بۆ پارێزگاریکردنی پێکەوەژیانی ئاشتی و لێبووردەیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی کوردستاندا، بێگومان پێکەوە ژیان پەیوەندیی بە لایەنەکانەوە هەیە، چونکە پێکەوەژیان واتە قبوولکردنی یەکتر و هاوبەشی لە نێوان پێکهاتەکان لە خۆشی و ناخۆشی و ڕێزگرتنی یەکتر، واتە نەك هەر کەمینە پێویستی بە پێکەوە ژیانە و پێویستە پێوەی پابەند بێت، بەڵکو دەبێت زۆرینەش لەو کۆمەڵگەیە زیاتر پابەند بێت و ڕێزگرتنی تەواوی بۆ ئەو پێکەوەژیانە هەبێت، چ نەتەوە بن، چ ئایین و ئایینزاکان، بەڵام هەندێك جار هەندێ کەس، یان لایەنێك یان لە پێکهاتەیەکدا پێشێلکاری بەرانبەر پێکهاتەیەکی دیکە دەکەن، ئەو هەڵە و کێشانەش بەپێی ئەو یاسایەی لە پەرلەمان دەرچووە، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و، لە ئەنجامدا چارەسەر دەکرێت و کێشە و گرفتەکە درێژە ناکێشێت، چونکە دەزانرێت پلاندارێژراو نییە، بەڵکو بیر و هەستێکی تاکە کەسییە، هەر بۆیە کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانەکە دروست ناکات، چونکە پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان چووەتە قۆناغی لێبووردەیی و ئاشتییەوە و سەقامگیریی لێ کەوتووەتەوە، هاوکات کریستیانەکان لە دەرەوەی وڵات بە چاوێکی ڕێزەوە لەو واقیعی پێکەوە ژیانە جوانەی هەرێمی کوردستان دەڕوانن، هەر بۆیەش بەردەوام کریستیانەکانی دونیا لێرە و لەوێ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەت لە بۆنە ئایینیەکاندا وەك ئەوەی ئەمساڵ لە مەراسیمی کیتۆ کە سەری ساڵی نەتەوەییمان بوو، بینیمان چەندین کەس لە وڵاتانی جیا جیا لە کریستیانەکان هاتبوون و بەشدارییان لەو بۆنە و مەراسیمە گەورەیە کرد.

*** سەرۆك مەسعود بارزانی لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش دەرگای هەرێمی کوردستانی**

**چەند پێکەوە ژیان بەهێز و پتەو بێت لە نێوان پێکهاتەکاندا و پارێزگاری لەو پێکەوە ژیانە بکرێت، ئەوەندە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان زیاتر گەشە دەکەن**

**کریستیانەکان لە دەرەوەی وڵات بە چاوێکی ڕێزەوە لەو واقیعی پێکەوە ژیانە جوانەی هەرێمی کوردستان دەڕوانن، هەر بۆیەش بەردەوام کریستیانەکانی دونیا لێرە و لەوێ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن**

والا كرد بۆ ئەوەی هەموو كریستیانەكان و ئایینە جیاوازەكانی دیكە لە سەرانسەری عێراق بپارێزێت، ئایا ئەو پێداگرییەی سەرۆك بارزانی بۆ پێشوازیكردن لە هەموو كریستیانەكان كە لە ناوچە جیاجیاكانی عێراقەوە بێنە كوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟

- ئەو كارە مرۆڤایەتییە گرنگ و مەزنەی ئەنجامی دا، تەنیا لە سەركردەیەكی مەزنی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی دەوەشێتەوە كە بە حەكیمیی خۆی بڕیاری دا، دەرگای هەرێمی كوردستان بە ڕووی برایانی كریستیاندا بكرێتەوە، كە لەو كات و ساتەدا ڕووبەڕووی پەلامار و كوشتن و جینۆساید ببوونەوە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا، ئەو بڕیارە حەكیمانەی سەرۆك بارزانی بوو وای كرد، كریستیانەكانی عێراق ڕزگاریان ببێت و بتوانن بە ئازادی ژیان و گوزەرانی خۆیان مومارەسە بكەن لە هەرێمی كوردستان، بەتایبەت لە هەولێری پایتەختی كوردستاندا، ئەمە سەرەڕای بوونی ئەو قەیرانە ناخۆش و گەورانەی ڕووی لە هەرێمی كوردستان كردبوو، بەتایبەت قەیرانی دارایی و بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی فیدراڵەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە جەنابی قەداسەتی پاپای ڤاتیكان ئەو بڕیار و هەڵویستەی سەرۆك بارزانی زۆر بەرز بنرخێنێت .

*** لەگەڵ بەشی زۆری قەشە و مەتران و پیاوانی ئایینی كەنیسەكانی كوردستان قسەمان كردووە، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە لە سایەی لۆژیك و ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانیدا هەست بە ئەمان و دڵنیایی دەكەن، ئایا ئەم ئەمان و دڵنیاییەی تێكڕای پێكهاتە و ئایینە جیاوازەكان بە عەقیدەی بارزانیان هەیە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئێمە وەك كریستیانەكان باوەڕمان وایە كە شەخسی سەرۆك بارزانی مەرجەعییەتی هەرێمی كوردستانە، چونكە بڕیار و كار و هەڵویستەكانی مایەی هێمنی و ئاسایش و دڵنیایی و متمانەیە بۆ هەموو پێكهاتەكانی هەرێمی كوردستان، لەبەر ئەوەی لە هەموو كاتێكدا جەنابیان جەخت لەسەر پێكەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاكان دەكاتەوە، كە هاوبەشی ڕاستەقینەن لە حكومەت و ئیدارەی هەرێمی كوردستاندا، لەلایەكی دیكەوە لە ناوچەكە و دەوروبەری هەرێمی كوردستان بەپێی بەڵگەنامەكانی مێژوو، كریستیان زۆر بوون، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ بە هۆی ئەو زوڵم و بارودۆخەی لەلایەن دەسەڵاتداران و حكومەتەكانی ناوچەكەوە هەبووە، كریستیان كۆچیان كردووە و كەم بوونەتەوە، ئێستا تاكە شوێن لە ناوچەكەدا هەرێمی كوردستانە كە مەسیحییەكان تێیدا زۆرن و بە دڵنیایی و ئاسوودەییەوە مومارەسەی ژیانی خۆیان دەكەن، من تەئكید دەكەمەوە لە پاشەڕۆژدا مەسیحییەكان لەو ناوچەیەدا تەنیا لە هەرێمی كوردستان دەمێنن، چونكە هەرێمی كوردستان خاوەن مەرجەع و سەركردەیەكی مرۆڤدۆستی وەك سەرۆك مسعود بارزانییە كە مەرجەعی هەموو گەلی كوردستانە و پێداگری و هەوڵی بەردەوامی جەنابیان بۆ پێكەوە ژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانە، بە شێوەیەكی ئاوا كە بەشداری ڕاستەقینە بین لە حكومەت و ئیدارە و پەرلەمان و هەموو دامودەزگاكانی كوردستاندا، لە ڕاستیدا ئەوەی چاوەڕوان دەكرێت، ئەوەیە كە نەوەی نوێی كریستیانەكان ناتوانن بەو شێوەیەی ئێستا لە شارەكانی عێراقی فیدراڵ بمێنن، بەڵكو بە هۆی ئەو ئەمن و سەقامگیرییەی لە هەرێمی كوردستان بەرقەرارە، چاویان لەوەیە ڕوو بكەنە هەرێمی كوردستان و تێیدا نیشتەجێ بن.

*** لە هەفتەی ڕابردوو دیسان بە پێداگریی سەرۆك بارزانی كۆتای كریستیانەكانی دهۆك و هەولێر لە ناو یاسای هەڵبژاردنەكانی عێراقدا جێگیر كرا، بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆتان لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتیتان بكەن، ئایا تا چەند دانانی كۆتای كریستیان لەسەر ئاستی كوردستان خزمەتی نوێنەرایەتیی ئێوە لە پەرلەمانی عێراق دەكات؟**

- ئەو كورسییانەی كوتای هەولێر و دهۆك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆر خزمەتی ئێمە دەكات، پێداگریی جەنابی سەرۆك بارزانی لەوەی كە ئەوە لە ناو یاسای هەڵبژاردندا جێگیر بكرێت، بە كارێكی چارەنووساز بۆ كریستیانەكان دادەنرێت، چ لە ڕووی نەتەوەیی، چ لە ڕووی ئایینییەوە، واتە ئەگەر جددییەت

**ئەو كارە مرۆڤایەتییە گرنگ و مەزنەی ئەنجامی دا، تەنیا لە سەركردەیەكی مەزنی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی دەوەشێتەوە كە بە حەكیمیی خۆی بڕیاری دا، دەرگای هەرێمی كوردستان بە ڕووی برایانی كریستیاندا بكرێتەوە**

**لە پاشەڕۆژدا مەسیحییەكان لەو ناوچەیەدا تەنیا لە هەرێمی كوردستان دەمێنن، چونكە هەرێمی كوردستان خاوەن مەرجەع و سەركردەیەكی مرۆڤدۆستی وەك سەرۆك مسعود بارزانییە كە مەرجەعی هەموو گەلی كوردستانە**

**نەوەی نوێی كریستیانەكان ناتوانن بەو شێوەیەی ئێستا لە شارەكانی عێراقی فیدراڵ بمێنن، بەڵكو بە هۆی ئەو ئەمن و سەقامگیرییەی لە هەرێمی كوردستان بەرقەرارە، چاویان لەوەیە ڕوو بكەنە هەرێمی كوردستان و تێیدا نیشتەجێ بن**

و پێداگریی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوا مافی ئێمە وەك كریستیانەكان لە عێراق و كوردستان پێشێل دەكرا، چونكە هەندێك لایەنی شیعە و كەسانی دیكە، دەیویست خۆی وەك نوێنەری ئێمە پیشان بدات، بەڵام لە ڕێگای جەنابی بارزانی و ئەندامانی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە ئەوە قبووڵ نەكرا و ڕێز لە ڕاوبۆچوونی ئێمەی كریستیانی ڕاستەقینە گیرا و ئەو ئیمزایانەی لەلایەن كریستیانەكان كۆكرابووەوە، بە هەند وەرگیرا و هەق و بەرژەوەندییەكانی ئێمەی كریستیان لە ناو یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا جێگیر كرا.

*** لەسەر ئاستی یاسای هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان، ئێستا كێشمەكێشی حزبەكان لەسەر كۆتای پێكهاتەكانە لە پەرلەمانی كوردستان، لەمەشیاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان بەرگری لە كورسیی كۆتای پێكهاتەكان دەكەن و لایەنەكانی دیكە دەیانەوێت دابەشتان بكەن، ئایا ئێوەی كریستیان هەڵوێستی خۆتان چۆنە لەم پرسەدا، دەتانەوێت چۆن بڕیار بدرێت؟**

- ئێمە بە پاڵپشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی توانیومانە ئەو كێشە و گرفتانەی لەو بارەوە ڕووبەڕوومان بووەتەوە، پێداگریی لەسەر بكەین و قبووڵی نەكەین كە هەندێك لایەنی كوردستانی، بەتایبەت لە ناو پەرلەماندا موزایەدەی سیاسیمان لەسەر بكەن و بیانەوێت مافی ئێمە بخورێت، چونكە هەندێك حزبی سیاسیی كوردستانی چاویان بڕیوەتە كورسیی كۆتاكان و دەیانەوێت دەنگەكانمان پەرش و بڵاو ببێتەوە و كورسییەكانمان بفەوتێت، كە ئەمەش جێگای قبووڵ نییە، نەك تەنیا لای ئێمەی پێكهاتەكان، بەڵكو لەلای جەنابی سەرۆك بارزانی و فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ناو پەرلەمانی كوردستانیشدا قبوولكراو نییە، چونكە مەبەستی ئەو حزب و لایەنانەی كە دژی ئێمەن، دۆزینەوەی گرفت و كێشەیە لە بەردەم پرۆسەی دیموكراتیی كوردستاندا، كە لە هەڵبژاردندا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە دەیانەوێت كورسیی ئێمە كەم بكرێتەوە و دابەشی سەر حزبەكانی بكەن، كە ئەوەش بۆ بەرژەوەندیی حزبایەتی خۆیانە، بەڵام ئێمە بەو پاڵپشتی و هێزە گەورە و كاریگەرەی لەگەڵمانە كە جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتییە، لەسەر داوا ڕەواكانی خۆمان پێداگر دەبین و كار بۆ سەركەوتنی دیموكراتی و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە دەكەین، كە بەرژەوەندیی هەموو پێكهاتەكانی تێدا مسۆگەر بكرێت، كە ئەمەش لەبەرژەوەندیی هەموو كوردستانە.

*** حكومەتی هەرێمی كوردستان بایەخی یەكجار باشی بەو ناوچانە داوە كە زۆرینەیان كریستیانن و لە ساڵی ڕابردوو بڕیاری دا كە ناحیەی عەنكاوە بكرێتە قەزا، ئایا چۆن سەیری مامەڵەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەن بۆ پشتگیریی پێكەوەژیان و لێبووردەیی لە كوردستان؟**

- سەرەڕای ئەو هەموو كێشە و گرفتانەی كە ڕووبەڕووی حكومەت بووەتەوە، بەڵام لە هەموو كار و پلان و ئیدارەدانی دامودەزگاكاندا، بەتایبەتی لە پرۆژەی چاكسازی و هاتنەدیی شەفافییەت و نەهێشتنی گەندەڵی، سەركەوتنی مەزن و بەرهەمداری بەدەست هێناوە، كە ئەمەش بۆ توانا و لێهاتوویی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە گرنگیدان بە پێكەوە ژیان، ئەوە وەزارەتێكی سەربەخۆی تازەی دامەزراند بۆ كاروباری پێكهاتەكان و نوێنەر و كەسانی پێكهاتەكان بە شێوەیەكی بەرچاو و كارا دەبینرێن لە جومگە گرنگ و سەرەكییەكانی حكومەتدا، لە ناو وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بۆ پێكهاتەی كریستیان و ئێزیدی بە جیا دامەزراندوە و شان بەشانی پیاوانی ئایینی ئیسلام گرنگیی زۆری بە پیاوانی ئایینی ئایین و ئایینزاكانی دیكەی كوردستانداوە و، یەكێك لە گرنگترین و بەرچاوترین بڕیارەكانی كابینەی نۆیەم بوونی عەنكاوەیە بە قەزا، كە شوێنی كریستیانەكانە و ئێمە وەك كریستیانەكان وای دەبینین، بەرنامەو پلانی گەورەتر و بەرچاوتر هەیە بۆ گرنگیدان بە كریستیانەكان و بە پێكهاتەكانی دیكەش، كە ئەمە دەبێتە هۆكاری سەركەوتنی تەواو و ڕاستەقینەی پێكەوە ژیان و لێبووردەیی و سەقامگیری لە هەرێمی كوردستاندا.

**ئەگەر جددییەت و پێداگریی جەنابی سەرۆک بارزانی نەبووایە، ئەوا مافی ئێمە وەک کریستیانەکان لە عێراق و کوردستان پێشێل دەکرا**

**هەندێک حزبی سیاسیی کوردستانی چاویان بڕیوەتە کورسیی کۆتاکان و دەیانەوێت دەنگەکانمان پەرش و بڵاو ببێتەوە و کورسییەکانمان بفەوتێت، کە ئەمەش جێگای قبووڵ نییە**

**یەکێک لە گرنگترین و بەرچاوترین بڕیارەکانی کابینەی نۆیەم بوونی عەنکاوەیە بە قەزا، کە شوێنی کریستیانەکانە و ئێمە وەک کریستیانەکان وای دەبینین، بەرنامەو پلانی گەورەتر و بەرچاوتر هەیە بۆ گرنگیدان بە کریستیانەکان و بە پێکهاتەکانی دیکەش**

دیمانەی تایبەت

پرۆفیسۆر برانتلی وۆماک بۆ گوڵان:

# پرۆژەی پشتێنە و ڕێگەی چین ئامانجەکانی بەدەست نەهێناوە

برانتلی وۆماک، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانسی سیاسی کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆری کاروباری دەرەکییە لە بەشی سیاسیی زانکۆی ڤێرجینیا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارە دەرەکییەکان، پرسە بازرگانی و ئابوورییەکان، بە شێوەیەکی دیاریکراویش شارەزای کاروباری چینە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی چین و پرسی ئەوەی پێی دەگوترێت «دەستپێشخەریی ڕێگە و پشتێنە» کە لەلایەن چینەوە ڕاگەیەندرا و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** دوای داگیرکارییەکەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا، هەندێ جار باس لە ئەگەر و پێشبینیی دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆ دەکرێت لە پەیوەندی بە چین و تایوانەوە، واتە ئەگەری ئەوەی چین دەست بۆ داگیرکاریی تایوان ببات، کە دەبینین هەندێ جار لەم ڕووەوە بارگرژییەکان بەرەو هەڵکشان دەچن و ئەمریکا لێدوانی پشتیوانکاری لە تایوان دەدات، پێشبینی و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوەی دەتوانین لەم بارەیەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ناتوانرێت بە دەقاودەق پێشبینی بکەین کە ئاقار و ئاراستەی ئەم پرسە بەرەو کوێ دەڕوات، واتە دیار نییە ئایا چین بڕیارێکی لەم چەشنە دەدات و ئەم هەنگاوە هەڵدەگرێت، یان نا. هەرچۆنێك بێت، هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانیکردنە لە تایوان و بەرهەڵستیکردن و ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێکی چینە لەم بارەیەوە.

*** ئەگەر پرسیار لەبارەی کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە بکەین، لەسەر بڕیاری چین لەبارەی تایوانەوە، ئەوا ئاشکرایە کە تا ئێستا چین بە ئاشکرا پشتیوانیی خۆی بۆ ڕووسیا دەرنەبڕیوە و وەك بەرپرسە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئاماژەی پێ دەکەن، هێشتا چین چەك و هاوکاریی سەربازیی بۆ ڕووسیا دابین نەکردووە، ئێوە چۆن لە هەڵوێست و سیاسەتی چین لەم بارەیەوە دەڕوانن و ئایا پێت وایە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە بەرژەوەندیی چین بێت؟**

- ئێمە دەتوانین لەو ڕوانگەیەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین کە ئەوەی بووەتە خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی نێوان چین و ڕووسیا، ئەوەیە کە ئەم دوو وڵاتە کەوتوونەتە بارێکەوە کە ڕووبەڕووی گوشارەکانی ڕۆژئاوا بوونەتەوە، بەڵام ئەمە بەو



**هۆکاری هەڵکشانی هێزی ئابووریی چین و گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە کەوتووەتە باری ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکە و ئەم ئاڵوگۆڕەش بووەتە هۆی ئەوەی بتوانێت دەرئەنجامێکی خوازراو بەدەست بهێنێت**

**چین هیچ کاتێک لە بارودۆخ و هەلومەرجێکدا نەبووە کە بە تەواوەتی لە باری خۆبژێویدا بووبێت**

مانایە نایەت کە ئەم دوو وڵاتە لە هەموو کاروبارەکاندا هاوهەڵوێست بن و یەك تێڕوانینیان هەیە، واتە خاڵی جیاواز هەیە لە نێوانیاندا و لە ئێستادا چین لە بارێکی سەربازیی باشتردایە و لە ڕووی ئابوورییشەوە زیاتر بەرەوپێش چووە. ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە کە ئایا چین سوودمەند بووە لەم شەڕە، ئەوا دەکرێت بوترێت لەو ڕووەوە سوودمەند بووە کە بەردەوامە لە کڕینی نەوتی ڕووسیا بە نرخێکی لەبارتر.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە سەپاندنی سزای سەختی ئابووری و دارایی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دژی ڕووسیا (بەهۆی داگیرکارییەکە بۆ ئۆکرانیا) بووەتە هۆی ئەوەی چین ئەم پرسە بە جددی و بە هەندی وەربگرێت، لەم ڕووەوە هەوڵ و هەنگاوەکان بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی حاڵەتێکی لەم چەشنە بووەوە، ئەوا نەکەوێتە ژێر بارێکی ناهەموار و نەخوازراوەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك چین لەم ڕووەوە هەنگاوی پێویستی بۆ خۆپاراستن لە گوشارەکان هەڵگرتووە؟**

- چین چەند ساڵێك پێش ئێستا بیرۆکەی پشتبەخۆبەستن و خۆبژێوی تاوتوێ کردووە و خستوویەتەڕوو، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بووە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو لە داهاتوودا ڕووبەڕووی گوشار و ڕێکاری ئابووری و دارایی بووەوە، بتوانێت بەرگەی ئەو گوشارانە بگرێت و لە کاریگەرییەکانیان کەم و کاڵ بکاتەوە. هەرچۆنێك بێت دەبێت لێرەدا ئەو نادیدە نەگرین کە چین هێزێکی هەڵکشاوی ئابوورییە و گەشەکردنێکی بەرچاوی لەم ڕووەوە بەخۆوە بینیوە و بەدەستی هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکەین کە ئەم گەشەکردنەی چین لە ئەنجامی گۆشەگیری و پیادەکردنی ڕێگەچارەی دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی خۆبژێوییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو هۆکارێکی بەرچاو و سەرەکی ئەوەیە کە توانیویەتی کەلوپەل و کاڵای زۆر بە وڵاتانی دیکە بفرۆشێت و لە بازاڕی وڵاتانی دیکەدا ساغی بکاتەوە، کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە ئەگەر چین بیەوێت پارێزگاری لەم ئاستەی ئێستای گەشەکردنی وڵاتەکەی بکات و درێژە بەم کاروانی بەرەوپێشچوونە بدات، ئەوا ناتوانێت ئەم خۆبژێوییە پیادە بکات، یان بەردەوامی و درێژەی پێ بدات. هەروەها دەبێت باس لەوەش بکەین کە پێشتریش چین نەیتوانیوە ئەم ڕێچکەیە بگرێتەبەر و خۆبژێو بێت، چونکە لە ڕابردووشدا چین وڵاتێك بوو کە بەدەست هەژارییەوە گرفتار بوو، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، هۆکاری هەڵکشانی هێزی ئابووریی چین و گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە کەوتووەتە باری ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکە و ئەم ئاڵوگۆڕەش بووەتە هۆی ئەوەی بتوانێت دەرئەنجامێکی خوازراو بەدەست بهێنێت، نەك گۆشەگیری و پیادەکردنی سیاسەتی خۆبژێوی. لەبەر ئەوە پێم وا نییە چین بتوانێت بە چەشنی ڕابردوو لە بارێکدا بێت کە تەنیا پشت بە خۆی ببەسێت، یان ئەو ڕێگە و



ڕێگەچارەیە بگرێتەبەر کە پێی دەگوترێت خۆبژێوی، ئەویش بە هۆی ئەو پشتبەیەکبەستن و کارلێککارییەی کە هەیەتی لەگەڵ وڵاتاندا و بوونەتە مایەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی لە ڕووی ئابوورییەوە. هەروەها دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین چین هیچ کاتێك لە بارودۆخ و هەلومەرجێکدا نەبووە کە بە تەواوەتی لە باری خۆبژێویدا بوویێت.

*** کەسێکی شارەزای سیاسەتی دەرەوە و کاروبارەکانی وڵاتی چینن، ئاشکرایە لە ساڵانی ڕابردووشدا چین سیاسەتی یان دەستپێشخەریی ڕێگە و پشتێنەی ڕاگەیاند و گرتیەبەر، کە پرۆژەیەکی گەورە و مەزنی بنیادنانی ژێرخانە و ئەم دەستپێشخەرییەشی کردە پایەیەکی بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە و ئایا چین توانیویەتی ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانی خۆی لەم پرۆسەیە بەدەست بهێنێت؟**

- پێم وایە سەرەڕای ئەوەی کە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە ئەو ئامانج و مەبەستانەی نەپێکا و نەهێنایەدی کە سەرۆکی چین (شی جینگ پین) پێی وابوو بەدییان دەهێنێت، بەڵام ناتوانین لە هەمان کاتدا بڵێین کە ئەم هەوڵ و کۆششە بە تەواوەتی و بە یەکجاری تووشی شکست بووەتەوە، واتە ڕاستە لە هەندێك شوێندا ئەم هەوڵ و پرۆژەیە تووشی شکستی بەرچاو و زەق بووەتەوە، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتی سریلانکا بینیمان، هەروەها لە هەندێك وڵاتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە هەندێ لە پرد و ڕێگە خێراکان بە باشی و بە کواڵێتییەکی بەرز دروست نەکران و بنیاد نەنران، تەنانەت هەندێکیان هەر تەواو نەکران، هەروەها هەندێ لە وڵاتانی دیکەش توانییان دووبارە گفتوگۆ لە بارەی بڕگە و بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامە خراپانە بکەنەوە کە لەگەڵ وڵاتی چیندا ئەنجامیان دابوو، وەك وڵاتی مالیزیا، کە لەم ڕووەوە هەندێك بەرەوپێشچوونیان بەدەست هێنا. هەرچۆنێك بێت، سەرباری ئەو پاشەکشە و شکستانەشی کە ڕوویان داوە، ئەوا دید و تێڕوانینی من ئەوەیە کە سەرۆکی چین (شی جینگ پین) هەموو هەوڵ و کۆششێکی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات و نەهێڵێت چارەنووسی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە شکست بێت، چونکە ئێمە دەزانین ئەمە دەستپێشخەریی شەخسی خۆی بووە، بە چەشنێك کە دەتوانین بڵێین نزیکە لەوەی ناوی خۆی لەسەر ئەم دەستپێشخەرییە بێت، واتە بە ڕاددەیەك چارەنووسی ئەم دەستپێشخەرییە و چارەنووسی خودی خۆی تێکەڵ بووە، کە ئەگەر ئەم دەستپێشخەرییە سەرکەوتوو نەبێت و شکست بێنێت، ئەوا پێگەی خۆیشی لە نێو مێژوودا شکست دەهێنێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە من پێشبینی ئەوە دەکەم کە هەرچەندە دژواری و بەربەست بێتە ڕێی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە، ئەوا حکومەتی چین لەدەستەبەرکردنی دارایی بۆی بەردەوام دەبێت، ئوگەرچی ئەم دەستپێشخەرییەی چین ئەو ئاڵوگۆڕەی دروست نەکرد کە حکومەتی چین ئومێدی لەسەر هەڵچنیبوو، بەو چەشنەش نەبووە هۆی گۆڕینی (ڕێساکانی گەمەکە) بەو شێوەیەی کە هیوای بۆ دەخوازرا.

**سەرۆکی چین (شی جینگ پین) هەموو هەوڵ و کۆششێکی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات و نەهێڵێت چارەنووسی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە شکست بێت**

**هەرچەندە دژواری و بەربەست بێتە ڕێی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە، ئەوا حکومەتی چین لەدەستەبەرکردنی دارایی بۆی بەردەوام دەبێت**




پرۆفیسۆر جەیمی لێبۆڤیج بۆ گوڵان:

# جیهان لە ڕۆژگارێکدایە کە بارگرژی باڵی بەسەردا کێشاوە

**جەیمس هێنری لێبۆڤیج، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و ڕکابەری و ململانێی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا بارگرژییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئایا پێت وایە ئەمە ئاماژە بە چڕبوونەوەی سیاسەت، یان ڕکابەریی نێوان هێزە مەزنەکان و ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئاراستەی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا بەرەو لێکترازانی زیاتری ئابووری دەبێت، ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، تا چەند ڕکابەریی جیۆپۆلەتیکی نێوانیان قووڵتر دەبێتەوە؟**

- پێم وایە لە ئێستادا ئێمە ئەم ئاراستەیە بەرەو لێکترازان و لێکدابڕانی ئابووری بەدی دەکەین کە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دەگوزەرێت، بەڵام سەرباری ئەوەش من نامەوێت لەم ڕووەوە موبالەغە بکەم، چونکە بەشێکی زۆری ئەم پرسە پەیوەستە بە تەکنەلۆژیای تایبەتمەندەوە. دواتر نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە هەمیشە ئەوە ئەگەرێك بووە و لە ئارادا بووە کە ئەگەری بێت و هێزی ئابووریی چین گەشە بکات، ئەوا دەبێت ئامادەکاری بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی شێواز و ڕێسای نوێی ئەنجامدانی بازرگانی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئەوەی کە چۆن جیاوازییەکانی پەیوەست بە بواری ئابووری و تەکنەلۆژیا چارەسەر دەکرێن. واتە لەم ڕووەوە هاوکاری بەدی بێت لە نێوان وڵاتاندا لە بوارەکانی پەیوەست بە بەرەوپێشچوونی بواری کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکرد و ئەو بوارانەی دیکە کە سوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە هەیە کە لەم ڕووەوە دۆخەکە بە ئاراستەی ڕکابەری و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەشدا بڕوات. هەر چۆنێك بێت، دەکرێت بڵێین ئەمە ڕۆژگارێکە کە بارژگری باڵی بەسەردا کێشاوە.

*** ئەگەر پرسیار لە ڕۆڵ، یان هەڵوێستی**

**چین هاوسنووره لەگەڵ ڕووسیادا و لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات چەند بتوانێت دۆست و هاوپەیمان بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، چین ئەم ململانێ ستراتیژی و ئابوورییە بە بوار و دەرفەتێک دەزانێت بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا و تەنانەت لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین**

**نە ئایەتوڵا خامنەئی چووەتە سەر بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای سەرۆک ڤلادمیر پوتین و نە سەرۆک پوتینیش ئایینی خۆی گۆڕیوە و بووەتە موسڵمان، واتە گومانم هەیە لەوەی هیچ خاڵێکی هاوبەشی بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە نێوانیاندا هەبێت**

**ڕووسیا بەردەوامە لەسەر شەڕکردن و هەوڵە سەربازییەکانی بەرفراوانتر دەکات، لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا دەبێت بڕیاری قورس بدەین، هەر بڕیارێکی قورسیش مەترسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە**

**چین بکەین لە بارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئێوە چۆن لەم هەڵوێستە دەڕوانن و ئایا تا چەند چین سوودمەندی سەرەکییە لەم شەڕە بە حوکمی ئەوەی بووەتە هۆی سەرقاڵکردنی ڕووسیا و ڕۆژئاوا، ئەمەش بوار و پانتایی بۆ چین ڕەخساندووە بۆ برەودان بە کارنامە و بە دەستڕۆیشتوویی خۆی؟**

- ئێمە نابێت ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین، کە چین هاوسنووره لەگەڵ ڕووسیادا و لەم ڕووەوە هەوڵ دەدات چەند بتوانێت دۆست و هاوپەیمان بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، چین ئەم ململانێ ستراتیژی و ئابوورییە بە بوار و دەرفەتێك دەزانێت بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا و تەنانەت لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین. کەواتە شتێکی سرووشتییە کە چین دەیەوێت لە میانەی هەوڵدانندا بێت بۆ ئەوەی ڕووسیا بکاتە هاوپەیمانی وڵاتەکەی و لە پێگەیەکدا بێت سوود لەم هاوپەیمانێتییە وەربگرێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی، هەر چەندە دەبێت لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە بکەین کە بوارێکی سنووردار هەیە بۆ ئەوەی چین و ڕووسیا هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن. لەبەر ئەوە لە ئێستادا پێم وایە ئەمە زیاتر ڕەنگدانەوەی هەلپەرستیی چینە زیاتر لەوەی ئاماژە بێت بۆ هاتنەئارای هاوپەیمانێتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان چین و ڕووسیادا.

*** یەکێك لە پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بریتییە لە هاوکاریی سەربازیی نێوان ڕووسیا و ئێران، ئێوە چۆن لەم پێشهاتە دەڕوانن و ئایا تا چەند ئەمە لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانە، یان بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین ئەمە ئاماژە بە پەیوەندییەکی ستراتیژی و پتەوی درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دەکات؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە نە ئایەتوڵا خامنەئی چووەتە سەر بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای سەرۆك ڤلادمیر پوتین و نە سەرۆك پوتینیش ئایینی خۆی گۆڕیوە و بووەتە موسڵمان، واتە گومانم هەیە لەوەی هیچ خاڵێکی هاوبەشی بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە نێوانیاندا هەبێت. لەبەر ئەوە پێم وایە دەستەواژەی لێکنزیکبوونەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کاتی، یان ئەوەی پێی دەوترێت ( marriage of convenience) دەستەواژەیەکە باشە بۆ وەسفکردنی پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ئێران.

*** ئەگەر باس لە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەوا ناتوانین نکۆڵی لەو ڕاستییە بکەین کە ڕۆڵی ئەمریکا یەکلاکەرەوە بووە لەم شەڕەدا، بەتایبەتی لە ڕێی دەستەبەرکردنی هاوکارییەکی بەرچاو و کاریگەری سەربازییەوە بۆ ئۆکرانیا و لە هەمان کاتدا سەپاندنی چەندین سزای جۆراوجۆری دارایی و ئابووری لە دژی ڕووسیا، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن ئەدای ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لەم ڕووەوە هەڵدەسەنگێنن؟**

- بە تێڕوانینی من تا ئێستا ئەدایەکی تا ڕاددەیەك باشی هەبووە. واتە دەبێت لە یەك کاتدا کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئۆکرانییەکان بتوانن بەرگری و بەرهەڵستی بکەن، لە هەمان کاتدا کار بکرێت لەسەر ئەوەی شەڕەکە زۆر بەرفراوان نەبێت، هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە ڕووسیا بەردەوامە لەسەر شەڕکردن و هەوڵە سەربازییەکانی بەرفراوانتر دەکات، لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا دەبێت بڕیاری قورس بدەین، هەر بڕیارێکی قورسیش مەترسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. چونکە ئەگەر پێمان وابێت ئەمریکا سەرۆکێك دەبێت کە بتوانێت پێشبینیی ئایندەی جیهان بکات، ئەوا هیچ سەرۆکێك بەدی ناکەیت کە لەم تاقیکردنەوەیە دەربچێت، بەڵام ئەگەر پێشبینی ئەوە بکەین کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای زانیارییەکانی بەردەستی پێشبینی واقیعەکە بکات و کاردانەوەی هەبێت لەبارەیەوە، ئەوا پێم وایە سەرۆك جۆ بایدن لەم ڕووەوە تا ڕاددەیەك کاری باشی کردووە.

*** ئایا هیچ ئەگەرێك بەدی دەکەیت بۆ تەشەنەکردن و هەڵکشانی بارودۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بە چەشنێك کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بێت بکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیادا؟**



- لە ڕاستیدا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاوێژکاری و چەك و زانیاریی هەواڵگری بۆ ئۆکرانیا دابین بکات و مەشق بە ئۆکرانییەکان بکات لەسەر خاکی خۆی، ئەوا هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە ئەمریکا لەم شەڕەوە تێوەگلاوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەمریکا بە چ شێوەیەك و تا چ ڕادەیەك لەم شەڕەوە تێوەدەگلێت؟ خۆ ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت: ئایا ئەمریکا ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕەکە دەکات؟ ئەوا ئەگەری زۆرە وەڵامەکە نەخێر بێت، ئەگەریش پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر ببات، ئایا ئەمریکا چەکی نوێ بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر دەکات؟ ئەوا ڕەنگە وەڵامەکە بەڵێ بێت، ئەمە بۆ وڵاتانی ئەورووپاش ڕاستە. دواتر ئێمە دەزانین ئەمە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیادا، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا چالاکانە هاوکاریی ئۆکرانیا دەکەن.

*** ئەگەر باس لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەیوەندی بە سیستمی جیهانییەوە بکەین، ئەوا لەم ڕووەوە دوو تێڕوانین، یان دوو بۆچوون هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم شەڕە بزمارێکی دیکە لە تابووتی ئەم سیستمە جیهانییە دەدات، ئەوەی پێی دەوترێت «سیستمی جیهانیی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان» و پێیان وایە ئەم شەڕە خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی ئەم سیستمەیە، بۆچوونی دووەم پێی وایە نەخێر، ئیدانەکردنی بەربڵاوی ئەم شەڕە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە ئاماژەیە بە پتەویی ئەم سیستمە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە مشتومڕێکە کە پێشتریش لە ئارادا بووە و تاوتوێ کراوە، کە باس لەوە کراوە ئێمە بەرەو جیهانێك دەڕوین کە ئاشتییەکی زیاتر تێیدا باڵادەست بێت و هاوکارییەکی زیاتر لە نێوان وڵاتاندا بێتەئاراوە، بەڵام ئەوە بوو دواتر پرسی تیرۆر و شەڕە ناوخۆییەکان و چەندین بارگرژی و قەیران و تەنگژەی دیکە هاتنەئاراوە، کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە کە سیستمێکی جیهانی لە ئارادا نەبووە کە تووشی کێشە و تەحەددی نەبووبێتەوە، پێم وانییە لە داهاتووشدا سیستمێکی لەم چەشنە بێتەئاراوە.

**سیستمێکی جیهانی لە ئارادا نەبووە کە تووشی کێشە و تەحەددی نەبووبێتەوە، پێم وانییە لە داهاتووشدا سیستمێکی لەم چەشنە بێتەئاراوە**

# کتێبی (لاوازبوون و کەوتنی کۆماری ئەفغانستان)



**وشیار سیوەیلی**
بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

**لایەنێکی دی کە ڕەوایی سیاسی سەرۆک کۆمار و کاربەدەستانی دەوڵەتی لاواز کردبوو، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوو بە بێ لێپرسینەوە و جێبەجێکردنی یاسا**

**هەر دوو نووسەر هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی کەوتن و رووخانی کۆماری (ئیسلامی) ئەفغانستان دەگێڕنەوە بۆ پەیمانی دۆحە و ئەمەش بەوپەڕی شکستی دیپلۆماسی ئەمریکا و تەنانەت بە ناپاکی ئەمریکا لەگەڵ گەلی ئەفغانستانی دادەنێن**

ئەم کتێبە (لاوازبوون و کەوتنی کۆماری ئەفغانستان) لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣ لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی (هێرست)ی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە و نووسەرەکانی بریتین لە:

ئەحمەد شوجا جەمال، بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەفغانستان لە ( ٢٠١٩-٢٠٢١).

ولیام مالی، پرۆفیسۆر لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نەتەوەیی ئوستralیا.

کتێبەکە لە ٢٨٥ لاپەڕەی قەبارە ئەی ٣ و نۆ چاپتەر پێکهاتووە. لە پێشدا باسی هۆکارەکانی لاوازبوونی کۆماری ئەفغانستان دەکات، دواتر هۆکار و فاکتەرەکانی پشت کەوتنی یەکجارەکی دەخاتەڕوو. ئەو چاپتەرانەی لەسەر قۆناغەکانی لاوازبوون دەدوێن کە هەر لە ئەنجامدانی کۆنگرەی بۆن لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠٠١ەوە سەریانهەڵدا و دواتریش هەندێکیان لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٤دا جێگیر کران، بەڵام گومان و لاوازی ڕەوایی سیاسی و کاریگەریی نێگەتیڤی هاوکاریی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ لە دەیەی دووەمی تەمەنی کۆمارەوە سەریانهەڵدا، بە تایبەتی شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دووەم و سێیەمی سەرۆك کۆماری وڵات و ئەو کێشە و ناکۆکییانەی ئەنجامەکان دروستی کردن. چاپتەرەکانی دیکە باسی هۆکارە ڕاستەوخۆکانی کەوتنی کۆماری ئیسلامیی ئەفغانستان دەکات.

لە چاپتەری دووەمدا، نووسەرەکان باسی (کێشەی ڕەوایی سیاسی) دەکەن و بەتایبەتی شێوازی دامەزراندنی دەزگاکان و دەستوور و کاریگەریی لاوازی و کەموکوڕییەکانیان لەسەر ڕەوایی سیاسیی حکومەت و دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت. لایەنێکی دی کە ڕەوایی سیاسی سەرۆك کۆمار و کاربەدەستانی دەوڵەتی لاواز کردبوو، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوو بە بێ لێپرسینەوە و جێبەجێکردنی یاسا و ئەمانەش بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری نێگەتیڤیان کردبووە سەر سەنگ و پێگەی حکومەت و ڕەوایی بڕیارەکانی. دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکان و ئەنجامدانی فێڵ و گزیکردن بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە هێندەی دی متمانەی گەلی بە حکومەت لەق کردبوو.

لە چاپتەری سێیەمدا، کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیدار بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ ئەفغانستان باس دەکەن، بەتایبەتی کاتێك هەندێك لەو پڕۆژانەی لە ڕێگەی هاوکارییەکانەوە ئەنجام دەدران، ڕاستەوخۆ لە لایەن دەوڵەتانی کۆمەککارەوە لە پارێزگاکان جێبەجێ دەکران، بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدڕاڵی.

لە چاپتەری چوارەمدا تیشك خراوەتە سەر کاریگەریی هێڕشەکانی تالیبان و ڕۆڵی پشتگیریی پاکستان بۆ تالیبان، لە کاتێکدا ئەمریکا نەك گوشاری نەخستە سەر پاکستان بۆ دەسهەڵگرتن لە پشتگیریی تالیبان، بەڵکو هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ پاکستان بەردەوام بوون. چاپتەری پێنجەمیش

باسی سەرکردایەتیی سیاسی و لایەنە لاواز و بەهێزەکانی هەردوو سەرۆك کۆمار حامید کارزای و ئەشرەف گانی (غەنی) دەکات لەگەڵ کاریگەریی ئەم سەرکردایەتیکردنە بۆ حوکمڕانیی وڵات و ئەو ناکۆکییانەی ئەنجامی دواهەڵبژاردن لە نێوان غەنی و عەبدوڵا عەبدوڵادا دروستی کردن.


هێندەی پەیوەندی بە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی کەوتنی وڵاتەکەوە هەیە، کتێبەکە باسی هۆکار و شێواز و وردەکارییەکانی کەوتنەکە دەکات لە چاپتەرەکانی شەش و حەوت و هەشتدا و لە چاپتەری نۆیەمیشدا نووسەرەکان ئەنجامگیری خۆیان دەخەنەڕوو.

چاپتەری شەشەم دەچێتە ناو وردەکارییەکانی پەیمان، یان ڕێککەوتننامەی دۆحەی ساڵی ٢٠٢٠ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و بزووتنەوەی تالیبان کە لە دۆحەی پایتەختی دەوڵەتی قەتەر ئەنجام درا و ئەو کارەساتەی ئەم ڕێککەوتنە هێنایە ئاراوە. نووسەرەکان ئەم ڕێککەوتننامەیە وەك ڕێککەوتننامەی دەرچوون لە ئەفغانستان هەڵدەسەنگێنن، نەك ڕێککەوتننامەی ئاشتی، ڕەخنەی توندیش لە هەردوو ئیدارەی ئەمریکی (ترامپ و بایدن) دەگرن و ڕێککەوتننامەکە بە شکستێکی گەورەی دیپلۆماسیی ئەمریکی دادەنێن و، ڕۆڵی سەرەکیی ئەو شکستەش دەخەنە ئەستۆی زاڵمای خەلیلزاد، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان و پاکستان. لە چاپتەری حەوتەم و هەشتەمیشدا دارمانی تەواوی دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت دەخەنەڕوو لەگەڵ لەدەستدانی توانای بەرگریکردن لەلایەن سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ئەفغانستانەوە و هەڵاتنی سەرۆك کۆمار.

نووسەرەکان لەم کتێبەدا هەوڵیان داوە هۆکارەکانی لاوازبوون و کەوتنی ئەفغانستان بخەنەڕوو. لەبەر ئەوەی ئەحمەد سوجا جەمال بۆ خۆی تا دوا ساتەکانی ڕمانی دەوڵەتەکە خاوەن پایە و نزیکی ناوەندەکانی بڕیاردان بووە و، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، شارەزایی و زانیاریی وردی لەسەر دۆخەکە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شێوە سۆز و لایەنگرییەکی پێوە دیارە بۆ حکومەتی ئەفغانستان لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا و نەیتوانیوە، یان نەیویستووە باری سەرنج و هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەمەڕ جێهێشتن و پاساوەکان بۆ ڕێککەوتن لە گەڵ تالیبان بخاتەڕوو. هەروەك لە چاپتەرەکانی دوایی و ئەنجامگیرییەکەیدا دەردەکەوێت، هەر دوو نووسەر هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی کەوتن و ڕووخانی کۆماری (ئیسلامی) ئەفغانستان دەگێڕنەوە بۆ پەیمانی دۆحە و ئەمەش بەوپەڕی شکستی دیپلۆماسی ئەمریکا و تەنانەت بە ناپاکیی ئەمریکا لەگەڵ گەلی ئەفغانستانی دادەنێن.

نووسەرەکان ناوەڕۆکی کتێبەکەیان لە بەرگەکەیدا لە چەند پەرەگرافێکی زۆر کورتدا خستۆووەتەڕوو کە لێرەدا دەقەکەی دەکەینە کوردی:

داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن تالیبانەوە لە ٢٠٢١دا دوای ئەوە هات کە پشتگیریی خەڵك بۆ حکومەت کەمی کردبوو، بەفیڕۆدان و خراپ بەڕێوەبردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی ولاوازیی سەرکردایەتی لە دەوڵەتێکی خاوەن مەرکەزیەتی زۆردا کاریگەریی خراپیان هەبوو، بە ئەندازەیەکی زۆریش هەموو ئەمانە ئاکامی شکستەکانی پێشووتر بوون لە دیزاینکردنی دەزگاکاندا و ڕەنگدانەوەی خواستی ئەمریکا بوون بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی کورتخایەن کە هاندانی نەخوازراوی هێنایەئاراوە،




ئەمەش کۆسپی خستە بەردەم ئامانجی درێژخایەن کە دابینکردنی سەقامگیری بوو. هەرچەندە ئەم کێشانە پڕووکێنەر بوون، بەڵام جۆرە کێشەیەك بوون کە لە چەندین دەوڵەتی لاوازدا هەن و ئەمانە بە تەنیا بەس نەبوون کە ببنە هۆی دارمانی تەواو.


ئەم کتێبە ڕووناکی دەخاتە سەر کۆمەڵێك فاکتەری تەنانەت ڕووخێنەرتر کە هاوکار بوون بۆ کەوتنی کابوڵ. کۆماری ئەفغانستان ڕووبەڕووی هێرشی بەردەوام و بێبەزییانەی تالیبان ببووەوە کە بە تەواوی پشتیان بە پشتگیریی پاکستان بەستبوو. ئەم دستتێوەردانە حکومەتی خستە دۆخێکی نالەبارەوە، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیتوانی ڕووبەڕووی ئەم زوڵمەی پاکستان ببێتەوە. گورزی کوشندە ئەو کاتە وەشێنرا کە سەرکردە بێزاربووەکانی ئەمریکا ساویلکانە بۆ دەرچوون لە ئەفغانستان لەگەڵ دوژمن ڕێککەوتن، ئەوەش بە شێوەیەکی کوشندە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا و هێزی ئاسمانیی ئەفغانستانیان لاواز کرد، کە بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەکەی ساڵی ٢٠٢١، لە کاتێکدا سەرکردە باڵاکان ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی لە کابوڵ دوابەرگری بکەن.

کۆماری ئەفغانستان هەروا بە ئاسانی لاواز نەبوو و نەکەوت، بەڵکو ناپاکی بەرانبەر کرا.

**داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن تالیبانەوە لە ٢٠٢١دا دوای ئەوە هات کە پشتگیریی خەڵك بۆ حکومەت کەمی کردبوو، بەفیڕۆدان و خراپ بەڕێوەبردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی ولاوازیی سەرکردایەتی لە دەوڵەتێکی خاوەن مەرکەزیەتی زۆردا کاریگەریی خراپیان هەبوو**

**گورزی کوشندە ئەو کاتە وەشێنرا کە سەرکردە بێزاربووەکانی ئەمریکا ساویلکانە بۆ دەرچوون لە ئەفغانستان لەگەڵ دوژمن ڕێککەوتن، ئەوەش بە شێوەیەکی کوشندە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا و هێزی ئاسمانیی ئەفغانستانیان لاواز کرد**

# لە بارەی ڕۆژی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆدان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی ٧٧ـەمیدا لە ڕۆژی ١٤ی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٢٢دا، بە بڕیارێك ڕۆژی ٣٠ی ئاداری هەموو ساڵێکی وەك (ڕۆژی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆدان) ناساند و، داواشی کرد کە ساڵانە ئەم بۆنەیە زیندوو ڕابگیرێت.

بەپێی داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، چالاکییەکانی مرۆڤ ساڵانە نزیکەی ٢,٢٤ ملیار تۆن پاشماوەی ڕەق بەرهەم دەهێنن کە تەنیا ٥٥٪ی ڕیسایکلین دەکرێتەوە، ساڵانەش نزیکەی ٩٣١ ملیۆن تۆن تا ١ ملیار تۆن لە چێشت و خواردن بەفیڕۆ دەدرێت، کە ڕۆڵی هەیە لە دەرهاویشتنی ٨٪ هەتا ١٠٪ی گازە گەرمکار و قەتیسکارەکانی گەرمی لە جیهاندا، هەروەها نزیکەی ١٤ ملیۆن تۆن لە پاشماوە پلاستییەکانیش دەخاتە نێو سیستمی ژینگە ئاوییەکانەوە.

لە ڕۆژی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆداندا، نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە تاك و کۆمەڵگە و حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکان دەکات، کار بکەن لەپێناوی:

یەکەم: کەمکردنەوەی خاشاك و باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەکارهێنانەوە و دروستکردنەوەی.

دووەم: هۆشیارکردنەوەی تاك بە ئاراستەی بایەخدان بە گەشەپێدانی بەردەوام.

سێیەم: ڕووکردنە سیستمی بازنەیی لە بەرهەمهێنانی شت و مەك و بەکاربردنی و خۆرزگارکردن لە پاشماوەکانی.

چوارەم: بەرهەمهێنانی شتومەکی بەهێز و تەمەن درێژ، کە کەرەستەی کەم و پاشماوەی کەمیان هەبێت.

پێنجەم: هۆشیارکردنەوەی زیاتری تاك بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە بواری ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی خۆراك و کەمکردنەوەی پاشماوەکان.

بۆیە ئێمەش لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە پاکڕاگرتنی خاکمان وەك ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینیی لەبەرچاو بگرین و، نابێت بهێڵین خاکمان بکرێتە شوێنی ژێر خاکخستنی کەلوپەلی بەفیڕۆدراو و ماوەبەسەرچوو، بە تایبەت کە تێبینی دەکرێت، کاتێك دەست بەسەر کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو، یان کواڵێتی خراپدا دەگیرێت، هەر لەو شوێنە یان لە ناوخۆی هەرێمدا لەناو دەبرێت، یان دەسووتێنرێت، هەر دوو حاڵەتیش هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەن، لەکاتێکدا دەکرێت ئەو بابەتە بە شێوەیەکی



دیکە چارەسەر بکرێت، ئەویش بە گەڕاندنەوەی کەلوپەلەکە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە.

بۆ ئەوەی هاوبەشێکی کارای هەوڵە جیهانییەکان بین لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بەفیڕۆدانی کەلوپەل و شتومەك و خۆراك و خواردەمەنی، پێویستە لەسەر هەر تاکێك بەخۆداچوونەوە بەو شێوازە هەڵەیەی ڕەفتاریدا بکات، کە ساڵانێکە خۆی لەسەری ڕاهێناوە و، بیر لە گەڕانەوە بۆ نێو سرووشت بکاتەوە و، هەڵسوکەوتی هاوڕێیانە بێت لەگەڵ سرووشتدا و هەمیشە بیری لای باش بەکارهێنانی ئاو و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوییکردن بێت لە بەکارهێنانیدا، هەمووشمان لە هەوڵدانی بەردەوام بین بۆ ئامادەکردنی تاك و کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و یاساپارێزەوە.

لەسەر ئاستی کاری شارەوانییەکانیشدا گرنگ ئەوەیە بزانین کە لەم سەردەمەدا ئیدی باوی ئەو دەستەواژەیە نەماوە، کە جاران دەگوترا پێویستە زبڵ و خاشاك لە شوێنێك فڕێ بدرێت دوور لە شار، چونکە ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە هیچ شێوەیەك ڕێگەنادرێت زبڵ و خاشاك بەبێ داپۆشین و لە چاڵنان لەسەر زەویدا فڕێ بدرێت، ئەمڕۆش شوێنێك نەماوە بە ناوی دوور، چونکە ئەو شوێنەی لە شارێکەوە دوورە، هەمان شوێن لە شارۆچکەیەکی دیکەوە نزیکە و زیان بە دانیشتووانی ئەو شوێنە دەگەیەنێت. بۆیە پێویستە لە ڕێگەی ڕیسایکلینگەوە ئەم بڕە زۆرەی زبڵ و خاشاك دووبارە بەکارهێنان و دروستکردنی بۆ بکرێتەوە، چونکە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، زبڵ و خاشاك یەکسانە بە (پارە)، بۆیە هەر لە بەر دەرگای ماڵەکانەوە لە بۆکسی ڕەنگ جیاوازدا جۆرەکانی زبڵ و خاشاك جیا دەکرێنەوە و، دووبارە دروست دەکرێنەوە و بەکاردەهێنرێنەوە، هەر لەبەر ئەمەشە ئێستا لە جیهاندا بابەتی داپۆشینی تەندروست بۆ زبڵ و خاشاك، یان دووبارە بەکارهێنان و دووبارە دروستکردن لێیان و، دووبارە بەکارهێنانی زۆرێك لە دەرامەتە بەکارهاتووەکانی دیکەش، بووەتە زانستێکی تایبەت و پێویستە لای ئێمەش قسەی زیاتری لە بارەوە بکرێت.

بە ئومێدی ئەوەی هەموو ساڵێك ئێمەش لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتییەوە (ڕۆژی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆدان) زیندوو ڕابگرین و، ژینگەپارێزی لە دروشمەوە بکەینە کردار لە ژیانی هەر یەکێکماندا.

## توانا قاسم:

# یارییەکانی من لە تەمەنی منداڵیم پاشماوەی دەرزی و ئەو کەلوپەلانە بوون کە بۆ چارەسەری برینەکانم بە کاردەهاتن

گەنجێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، بە هۆی ڕووداوێك هەر دوو قاچی لە دەست دەدات، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، لە دەستدانی قاچەکانی لە هەوڵەکانی ساردی ناکاتەوە و بە گەشبینییەوە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێت. دوای بڕینی تێکڕای قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی لە ئێستادا وەکو توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە سەنتەری فرەمەبەست پاڵپشت بە کۆمەڵگە لە کەمپی پەنابەرانی سووریا لە ناحیەی باسرمە کار دەکات، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی بۆ خوێنەرانی گوڵان دەگێڕێتەوە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



توانا قاسم، ساڵی ١٩٩٠ لە ناحیەی باسرمە لە دایك بووە، لە ئێستادا دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوەیە و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتییە لە سەنتەری فرەمەبەست پاڵپشت بە کۆمەڵگە لە کەمپی پەنابەرانی سووری لە ناحیەی باسرمە. خیزاندارە و باوکی دوو منداڵە، سەرەتا بەمجۆرە باس لە ژیانی منداڵیی خۆی دەکات: «لە ساڵی ١٩٩٤ کاتێك تەمەنم چوار ساڵان بوو، لەگەل نەنکم و پوورم لە سەردانی ماڵە خاڵەکانم بووم لە هەولێر لە کاتی پەڕینەوەم لە شەقام کەوتمە ژێر پاسێك و لە ئەنجامدا قاچەکانم لە دەست دا. ژیانی من دەتوانم بڵێم لە دوای تەمەنی چوار ساڵان شێوازێکی ئەستەم و جیاوازی وەرگرتووە، دوای ئەو ڕووداوەی کە تووشی بووم، کە بووە هۆی لەدەستدانی هەردوو قاچم، ئەو تەمەنە خۆشەی کە منداڵان لە یاری و ڕاکردن و بەسەری دەبەن و تیایدا دڵخۆشن، من لە کونجی نەخۆشخانەکان و لەژێر دەستی دکتۆران بەسەرم برد. یارییەکانی من لە تەمەنی منداڵیم بریتی بوون لە پاشماوەی دەرزی و ئەو کەلوپەلانەی بو چارەسەری برینەکانم بە کاردەهاتن. بەڵام ژیانی من تا ڕاددەیەك گونجاندنی توانا جەستەیی و دەروونییەکانم بووە لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی ڕۆژانە، وەك هەر کەسێکی ئاسایی و بگرە زیاتریش».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا وەکو کەسێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەو ئاستەنگە دەروونییانە کە دێنە بەردەمت چین؟ گوتی: «من وەك خۆم لە دیاریکردنی هیچ ئاستەنگیکی ژیانم زۆر وردبوونەوەم نەکردووە، بەڵام زۆر جار سنوورداربوونی توانا جەستەییەکانم بۆ هەندێ کار و حەز کاریگەری تێ کردووم. واتە ڕوانینی من بۆ ژیان هۆکارێکی بچووك بووە بۆ دەستبەرنەدان لە ژیان، لەلایەن بەشێك لەو کەسانەش کە وەك خۆمن، ئاسوودە دەبم».

پەیامنێری گۆڤاری گوڵان دەپرسێت: لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هۆشیاری تاکیی کورد، ڕەفتاری کۆمەڵگە لەگەڵ کەسانی هاوشێوەی ئێوە لە چ ئاستێکدایە؟

توانا قاسم، ڕاشکاوانە دەڵێت: «بە داخەوە تا ئێستاش کەسانێك هەن کە بە چاوی بەزەیی سەیری کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەن. بەڵام دەتوانم بڵێم تا ڕاددەیەك هوشیاریی کۆمەڵگە لە ئێستادا بەراورد بە ڕابردوو باشترە لە تێڕوانینیان بۆ کەسانی وەك ئێمە».

توانا، جگە لە پیشەی مامۆستایی، بەهرە و خولیای لە بواری دیکەشدا هەیە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «جگە لە کاری توێژەرایەتی، خولیای وەرزش و یاریی تۆپیی پێم و لە تەمەنی منداڵییەوە کە لەسەر عارەبانەش بووم، هاندەرێکی سەرسەختی یانەی تۆپی پێی شەقڵاوە بووم. هەروەها حەزم لە فێربوونی مۆسیقا و ژەنینی ئامێری موسیقایە، لە ڕووی زمانیشەوە زمانی تورکی دەزانم و بە پێی کاتیش حەزم لە خوێندنەوەیە».

ئەو مامۆستایە بەمجۆرە باسی قۆناغەکانی خوێندنی خۆی دەکات: «سوپاس بۆخودای مەزن و سوپاس بو دایك و باوکم و خانەوادەکەم کە زور لەگەڵم هیلاك بوون، زۆربەی ڕۆژان، بەتایبەتی لە ڕوژانی سەرما و باران و بەفردا بە کۆڵ بۆ قوتابخانەیان دەبردم، سەبارەت بە کاروباری ڕوژانەم خێزانم و هاوڕێکانم لە زۆربەی کاری ماڵەوە یارمەتیدەرم بوون، هەم لە ڕابردوو، هەم ئێستاشدا، بۆیە لێرەوە سوپاسی ئەوان و هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە لە بەڕێکردنی ڕۆژانی تەمەنم هاوکار و یارمەتیدەرم بوون. سەبارەت بە خوێندنیش قوتابییەکی زیرەك و هێمن بووم و لە گشت قوناغەکانی خوێندن قوتابیەکی دیار بووم، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی کەمئەندامییەکەم لە هەندێ چالاکیی قوتابخانەکان بێبەش دەبووم، ئەوەش زۆر جار دەبوو بە کێشە بۆم. لە قۆناغی پۆلی چواری ئامادەیی وەرزێکم بە پایسکل تەواو کرد، بەڵام قۆناغی زانکۆ، تا ئاستێك بۆ من ناخۆش بوو، بە ژینگەیەکی نوێ و کەسانی نوێ ئاشنا بووم، کە پێشتر نەمدیبوون و نەمناسیبوون، هەروەها ڕاهاتن هەم لەناو زانکۆ، هەم لە بەشە ناوخۆیی، سەرەتاکانی تا ڕاددەیەك ناخۆش بوو، بەلام لە ڕووی خوێندن سوپاس بۆ خوا باش بووم و توانیم بە پلەی حەوتەم لەسەر ئاستی بەشەکەم لە زانکۆ دەر بچم».

**کاتێک تەمەنم چوار ساڵان بوو، لە کاتی پەڕینەوەم لە شەقام کەوتمە ژێر پاسێک و لە ئەنجامدا قاچەکانم لە دەست دا**

**لە تەمەنی منداڵییەوە کە لەسەر عارەبانەش بووم، هاندەرێکی سەرسەختی یانەی تۆپی پێی شەقڵاوە بووم**

**خانەوادەکەم کە زور لەگەڵم هیلاک بوون، زۆربەی ڕۆژان بەتایبەتی لە ڕوژانی سەرما و باران و بەفردا بە کۆڵ بۆ قوتابخانەیان دەبردم**





## ئاڤان عەزیز:

# فێرکاریی خۆبەخشانەش هەلی کار بۆ زۆر کەس دەڕخسێنێت

**ئاڤان عەزیز، خانمە کابانێکی دانیشتووی شاری هەولێرە و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە، وەك خۆی باسی دەکات، هەر لە منداڵییەوە خولیای چێشتلێنانی هەبووە، ماوەی حەوت ساڵیشە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خۆبەخشانە فێرکاریی خواردنەکانی لە ڕێگەی پەیجەکەی پەیجی «خوانی ڤانە» بڵاو دەکاتەوە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە هونەری چێشتلێنان و چۆنیەتی کار و ژیانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئاڤان عەزیز لە دەستپێکی وتەکانیدا بەمجۆرە باسی خۆی و کارەکەی دەکات: «سەرەتا سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم، بۆ گرینگیدانیان بە من و خانمانی هاوشێوەی من، بەڕاستی ئەو خانمانەی کە هەر جۆرە بەهرەیەکیان هەیە، پێویستە لە ناخی خۆیاندا نەیشارنەوە و بیخەنەڕوو، تاوەکو زۆرترین کەس سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرێت. من بەش بە حاڵی خۆم دوای ئەوەی خوێندنی بەشی ڕاگەیاندنم تەواو کرد، پاش ماوەیەك دامەزرام و لە ئێستادا وەکو فەرمانبەر لە کەرتی حکوومی کار دەکەم. بەڵام نزیکەی هەشت ساڵە خۆبەخشانە خەڵکی فێرە دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆر دەکەم، ئەویش لە ڕێگەی پەیجەکەم پەیجی «خوانی ڤانە» لە تۆڕی فەیس بووك، ئەنستگرام، یوتوب، تیك تۆك و سناپ چات فێرکاری دادەنێم، بە ڤیدیۆ و نووسین و بە قیاس و ڕێژەی تەواو بڵاویان دەکەمەوە».

سەبارەت بە بەهرەی چێشتلێنانیش گوتی: «هەر لە منداڵییەوە ئەم خولیایەم هەبووە، بەڵام دایکم نەیهێشت ببم بە کابانی ماڵ، دیارە ئەویش وەك هەموو دایکێك ترسی لە سووتان هەبووە، تا ئەو کاتەی شووم کرد و بووم بە خاوەن ماڵی خۆم، ئیتر دەستم پێ کرد، سەرەتا هیچ شتێکم نەدەزانی، هەڵەی زۆرم هەبوو، بەڵام دوای هەوڵدانی زۆر و پرسین لە کەسانی شارەزا و گەڕان لە ماڵپەڕەکان و دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکان، وای کرد، هەر خواردنێك کە دروستم دەکرد، ئەوانەی دەیانخوارد، داوای فێرکارییان دەکرد، ئیدی لەم ڕێگەوە دەستم پێ کرد .

ئاڤان عەزیز کاری ئاودین و چێشتلێنان بە هونەر دەزانێت و رای وایە: «هەر کەسێك کە سەرەتای دەستپێکردنی بوو، پێویستە بەکارهێنانی کەرەستەکانی بە ڕێژەی کەم بێت، بەڵام دواتر کە شارەزا دەبێت و لە خواردنەکەی دڵنیا دەبێت، دەتوانێت زیاتری بکات و، بە شێوەیەکی باش و تەندروست و بەتام خواردنەکە پێشکەش بکات. خواردن دروستکردن کەسێکی شارەزاو زیرەك و بە سەلیقەی دەوێت، پێویستی بە وردەکاری و دیزاینی تایبەت هەیە».

هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من لە فێرکردنی خەڵکدا زۆر ڕەچاوی سوود و زیانەکانی خواردن دەکەم، بۆ نموونە زیانەکانی ڕەنگی دەستکرد لە خواردن و شیرینیدا، بۆیە پۆستی تایبەتم هەیە لەسەر دەرهێنانی ڕەنگی سرووشتی لە سەوزە و میوە بەکارهێنانیان لە خواردن و شیرینی. داهێنانی تایبەت بە خۆمم هەیە کە لە پەیجەکەم پۆستم کردووە و لە هیچ شوێنێکی دی نەبووە».

ئەو خاتوونە دەستڕەنگینە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی تێکەڵ بە بازاڕی کار نەبووە؟ دەڵێت: «زۆر هەلم بۆ ڕەخساوە، وەك شێف لە ڕیستورانتەکان کار بکەم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونم کە هاوسەرم هەیە و دایکی دوو منداڵم و فەرمانبەرم نەمتوانیوە قبووڵی بکەم. هەروەها هەموو ئەکاونتەکانیشم بەخۆم بەڕێوەیان دەبەم، لە گرتنی ڤیدیۆ و دیزاینکردن، هەندێ جار تۆماری دەنگیش، ڕاستە زۆر هیلاك و ماندوو دەبم، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵخۆشیشم، کە هەم ئارەزوومە و هەم خەڵکێکی زۆر هانم دەدەن بە دەستخۆشییەکانیان دەحەسێمەوە، زۆر دڵخۆشم کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵە خەڵکێکی زۆر ئاگادارم دەکەنەوە کە لەسەر دەستی من ئێستا بوون بە خاوەن دووکانی خۆیان و لە ڕیستورانتەکانیش سوود لە فێرکارییەکانم دەبینن». گوتیشی: «لە ئێستادا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان من و بینەرەکانم دروست بووە، جگە لە کورد و عەرەب و فارس، هەندێ جار لە دەوڵەتە ئەورووپییەکانیش بینەرم هەیە و داوای فێرکاریی خواردنە کوردییەکان دەکەن، بۆیە بە زمانەکانی دیکەش فێرکارییەکانم پۆست دەکەن».

لە وەڵامی ئەو پرسارەشدا کە ئەوانەی زیاتر داوای فێرکاری دەکەن، لە چ چین و توێژێکن؟ گوتی: «ئەوانەی داوای فێرکاری دەکەن، زیاتر ئەوانەن کە تازە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، یان قوتابی بەشە ناوخۆییەکانن، جاروبار پیاوانیش داوی فێربوون دەکەن» .

پرسیاری کۆتایی گۆڤاری گوڵان ئەوە بوو: ئایا لە داهاتوودا کارەکەت هەر بە شێوەی فێرکاریی دروستکردنی خواردن بۆ هەوادارنت دەمێنێتەوە، یان پرۆژەی بەبازاڕکردنت دەبێت؟

ئاڤان عەزیز لە وەڵامدا گوتی:»ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر نامە دەنێرن و داوا دەکەن کە خواردنەکانم بخەمە بازاڕ، بەڵام لە ئێستادا هیچ پرۆژەیەکم نییە و هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبم. هەر ئەم فێرکارییە خۆبەخشانە هەلی کار بۆ زۆر کەس دەڕخسێنێت».

**ئەو خانمانەی کە هەر جۆرە بەهرەیەکیان هەیە، پێویستە لە ناخی خۆیاندا نەیشارنەوە و بیخەنەڕوو، تاوەکو زۆرترین کەس سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرێت**

**زۆر هەلم بۆ ڕەخساوە، وەک شێف لە ڕیستورانتەکان کار بکەم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونم کە هاوسەرم هەیە و دایکی دوو منداڵم و فەرمانبەرم نەمتوانیوە قبووڵی بکەم**

**خەڵکێکی زۆر ئاگادارم دەکەنەوە کە لەسەر دەستی من ئێستا بوون بە خاوەن دووکانی خۆیان و لە ڕیستورانتەکانیش سوود لە فێرکارییەکانم دەبینن**

# گەنجان لەو فەوزای سیاسی نێوان حزبەکان تووڕە و بێزارن

## «چارەسەر ئەوەیە حکومەت و حزبەکان، نەخشە ڕێگەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی ڕابگەیەنین و گوتاری نیشتمانیمان یەک بخەین»

گەنج و لاو، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا توێژێکی گرینگ و کاریگەری وڵاتن و بزوێنەری گەشەی کۆمەڵگەن، بەپێی پێوەرە دیمۆگرافییەکان توێژی گەنجان زۆرترین ڕێژەی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، کەچی زۆربەیان لە حاڵەتێکی ناسەقامگیری دەروونی و شڵەژاودان و هەست دەکەن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا ڕۆڵیان نییە، هەر بۆیە بڕیارەکان لە ئاستی حەز و خواستەکانیان نابینن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی بابەتییانەیان بۆ پرسی گەنج هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بەپێی ڕاپرسییەك کە لە گۆڤاری گوڵان بڵاوبۆتەوە لە ڕاپرسیەکەدا ٥١٧ گەنج لە هەردوو ڕەگەز لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەشدار بوون، کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٥) ساڵ بوون، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا گەنج ڕەخنەی لە سیاسەت و حزبە سیاسییەکان هەیە؟ ڕێژەیەکی بەرزی بەشداربووان واتە نزیکەی ٩٠٪ی گەنجان لەو فەوزا سیاسییەی کوردستان تووڕە و بێزارن، ململانێی نارەوای حزبە سیاسییەکانیش بە هۆکاری ئەو فەوزایە دەزانن، کە ناسەقامگیریی دەروونی و بێ ئومێدی بۆ دروست کردوون.

هەر بەپێی ڕاپرسییەکە تەنیا ٩,١٪یان بەنیازن لە داهاتوودا هاوسەرگیری بکەن، بە ڕێژەی ٥٠٪یان دەیانەوێت هەلی کاریان دەست بکەوێت، هەروەها ١٣٪یان دەخوازن کۆچ بکەن، ٥٪یان دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن و هەلی کاریشیان دەست بکەوێت، تەنیا ٩٪یان خواستی ئەوەیان هەیە لە داهاتوودا تێکەڵاوی کاری سیاسی ببن.

پرۆفیسۆر د. سەفین جەلال پسپۆڕی بواری جێیولتیك لە زانکۆی کۆیە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «گەنجان گرنگترین سامانی مرۆیی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەکن کە ڕۆڵی سەرەکییان لە بنیادنان و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، ئەمەش بە هۆی ئەو وزە گەورەیەی کە لە گەنجدا هەیە و دەتوانن ئاستی کۆمەڵگە بەرز بکەنەوە و بیخەنە جووڵە». جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «بێ بتمانەیی بە ژیان جۆرێك لە نائومێدی لەلای گەنجان دروست کردووە، بێ هیوابوون لە ڕەزامەندی دەرفەتەکانی ژیان، هەلی کار وای کردووە، متمانەیان بە سیاسەت نەماوە، ئەمەش حاڵەتێکی مەترسیدارە و ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی تاوان و توندوتیژیی سیاسی و چەندان مەترسیی دیکە، بەتایبەتیش بۆ ئەو گەنجانەی زانکۆ و پەیمانگەیان تەواو کردووە و دەرفەتی کاریان نییە، کە ساڵ لە دوای ساڵیش ڕێژەیان زۆرتر دەبێت، کۆچکردنیش یەکێکە لە هۆکارەکان کە بەرۆکی گەنجانی گرتووە، ئەمەش سەرەڕای کێشەی جیابوونەوە و دواکەوتنی هاوسەرگیری، بۆ ئەم گرفتانەش کە گرفتێکی گەورەن، پێویستە ڕێگە چارەی بەپەلەو گونجاو بگیرێتە بەر». ئەو کەسایەتییە ئەکادیمیە نەخشەڕێگەی ئەو





پرۆفیسۆر د. سەفین جەلال:

**پێویستە ناوەندە ئەکادیمی و پەروەردەییەکان بەهێز بکرێن و لە پێناو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و ئاسایشی کوردستان پەرە بە توانای گەنجان بدەن**



پرۆفیسۆر د. عەبدولخالق ئیبراهیم :

**بە درێژایی ئەو ئەزموونەی هەمانە، حزبەکان خەریکی ململانێ و ناکۆکی و لێکترازانی سیاسی و یەکترشکاندن و یەکترسڕینەوەن، هەموو ئەوانەش لەسەر حیسابی بەرەوپێشبردنی ئەزموونی هەرێم و گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی بووە**

ئاریشە گەورەیە بەوە دەزانێت: «دەبێت گەنجان بە گوێرەی توانا و لێهاتوویی خۆیان ئەرکیان پێ بسپێردرێت، تا هەست بەوە بکەن کە بەشێکی گرنگن لەو خاك و نەتەوەیە، دەبێت گەنجان وا ڕابهێندرێن، متمانەیان بە خۆیان هەبێت، لە پرسە گرنگەکانی نەتەوەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەڵسوکەوت بکەن». گوتیشی: «گرینگە گەنج وا تێبگەیەندرێت کە تا ئەم تەمەنەی پێی گەیشتووە، حکومەت و خێزان و کۆمەڵگە بە ئەرکی خۆیان زانیوە پێی بگەیەنن، بۆ لەمەودواش ئەرکی سەرشانیەتی کە لە خزمەتکردن بە کۆمەڵگەکەی بەشداری بکات». پرۆفیسۆر د. سەفین جەلال، بە پێویستی دەزانێت: «لە هەرێمی کوردستان پێویستە ناوەندە ئەکادیمی و پەروەردەییەکان بەهێز بکرێن و لەپێناو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و ئاسایشی کوردستان پەرە بە توانای گەنجان بدەن، هەروەها کار بۆ سڕینەوەی کاریگەریی ئەو تەوژمە توندڕەوە بکەن کە پیرۆزی نەتەوەکەیان بە حەرام و نەشیاو دەزانن». ئەوەشی دووپات کردەوە کە «چاککردنی ئەدای حزبەکان و ڕاکێشانی گەنج و کردنەوەی دەرفەتی زیاتر بۆیان لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆژیای نوێ و بەکارخستنیان، بە سوودوەرگرتن لە بیرۆکە و توانا و داهێنانەکانیان، وادەکات گەنج بەرهەمهێن بێت»، گوتیشی: «گەنج زیاتر بووەتە بەکاربەر، لە بری بەرهەمهێن، بۆیە دانانی پلانێکی ستراتیژی گرنگ بۆ بەگەڕخستنی ئەو توانا مرۆییانە خزمەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئایندە دەکات. پەراوێزخستنی چینی لاوان دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەستکەوتی گەورە کە چەندین ساڵە هەرێم هەوڵی بۆ دەدات و قوربانی بۆ داوە». پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. عەبدولخالق ئیبراهیم پسپۆڕی بواری میدیای سیاسی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: «هەموو ئەو نیگەرانییانەی کە گەنج هەیەتی، هەموو تاکێك هەیەتی، بەڵام ڕەنگە گەنج زیاتر هەست بە مەینەتی و ناڕەحەتی و نیگەرانی بکات، لەبەرئەوەی گەنج لە سەرەتای ژیانیەتی و لە خەمی پێکهێنانی ئایندەی خۆیەتی و بە دوای سەقامگیریی سیاسی و ئابووریدا دەگەڕێت. بە دوای هەلی کار و بە دوای خۆسەلماندندا دەگەڕێت، بۆیە گەنج لە هەموو تاك و توێژەکانی دی زیاتر هەست بەو نیگەرانییە دەکات». هەوکات دەڵێت: «بە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی ئەو ئەزموونەی هەمانە، حزبەکان خەریکی ململانێ و ناکۆکی و لێکترازانی سیاسی و یەکترشکاندن و یەکترسڕینەوەن، هەموو ئەوانەش لەسەر حیسابی بەرەوپێشبردنی ئەزموونی هەرێم و گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی بووە، کە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆر خراپی دروست کردووە». سەبارەت بە ڕێکارەکانی چارەسەریش گوتی: «چارەسەر ئەوەیە چ لەسەر ئاستی حکومەت و چ لەسەر ئاستی حزبەکان، نەخشە ڕێگەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی ڕابگەیەنین و گوتاری نیشتمانیمان یەك بخەین، دەبێت لەسەر ئاستی حزبەکان و حکومەتیش هەموو ئەو بەهەدەردانەی کە لە داهات هەیە و، هەموو گەندەڵییەکان بوەستێندرێن و چاکسازی ئیداری و ئابووری ڕاستەقینە شۆڕ بکەینەوە بەناو هەموو دامودەزگا فەرمییەکان و ئەو داهاتە بخەینە خزمەت دروستکردنی سندوقێك کە پشتیوانیی گەنج و پرۆژەکانی گەنج و پێکهێنانی خێزان لەلایەن گەنج بکات و دروستکردنی پرۆژەی بچووك و ناوەڕاست بۆ گەنج و هەموو ئەوانە لەخۆ بگرێت». د. بەهزاد سەلیم مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لەم سەردەمەدا کە جیهان بەگشتی بەرەو کرانەوە و پێشکەوتنی بەردەوامە و بارودۆخی ئابووری بەرەو باشتربوون هەنگاوی ناوە، زۆر ئاساییە کە تاکەکانی ئەم گەردوونە لە هەر وڵاتێك بن، ئاستی داواکاری و حەز و خواستیان زۆرتر ببێت، کوردستانیش بەشێکە لەم جیهانە و لە چەند ساڵی ڕابردوو کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کرانەوەیەکی فراوان لە ڕووی کەلتووری و سیاسی و ئابووری هەنگاوی ناوە و، بارودۆخی ئابووریی کوردستان زۆر باشتر بووە، خەڵك کە پێشتر پاسپۆرتیان نەبوو، ئێستا هەموویان خاوەنی پاسپۆرتن و کونسووڵگەری زۆرێك لە وڵاتان لە هەرێم وجوودی هەیە، خەڵکی کوردستانیش وەکو خەڵکی وڵاتانی دی، بگرە زیاتریش توانای گەڕان و سەفەریان هەیە. ئەو فاکتەرانە کە خالی بەهێزی ئابوورین لە کوردستان وای کردووە، گەنجەکان سەقفی داواکاری و حەز و خواستیان لە چاو جاران زۆر بەرزتر ببێتەوە، هەر ئەمەشە کە وای کردووە، گەنجەکان وەك جاران ئینتیمایان بۆ نەتەوە و خاك نەمێنێت و دڵگران بن لە حزبە سیاسییەکان». گوتیشی: «فراوانبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و ئەنتەرنێت و بەئاگابوون لە تەواوی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی گۆی زەوی، دیسان هۆکارە بۆ ئەوەی گەنجەکان

هۆشیارتر بن لەوەی کە لە جیهاندا دەگوزەرێت و بە بەردەوامی ژیان و گوزەرانی خۆیان بەراورد دەکەن بە وڵاتانی دیکەی جیهان کە لە ڕووی خۆشگوزەرانییەوە لە ئێمە باشترن. هۆکارێکی دیکەی نارازیبوونیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم سەردەمەدا ژیان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان زۆر ئاسانتر بووە و گەنجەکان تام و تەجروبەی ڕۆژە سەختەکانی گەلی کوردیان نەدیوە و پێیان وایە ئەوانیش دەبێت وەك هاووڵاتیەکی سویدی، یان فینلاندی بژین و، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و قوتابخانە و کۆمەڵگە نەیانتوانیوە نەهامەتی و کارەساتەکانی گەلی کورد بە جیلی نوێ بگەیەنن و تێیانبگەیەنن کە ئەوەی بەدەست هاتووە، بەرهەمی سەد ساڵ خەبات و نەهامەتی و شەهید و ئەنفال و ئاوارەیی بووە و، دەبێت بەوەی کە هەمانە ڕازی بین و هەوڵ بۆ باشترکردنی بدەین».

نێچیرڤان کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەمجۆرە شرۆڤەی هەمان پرس دەکات: «لێرە و لەوێ لە کات و شوێنی جیاواز و بۆنەی جیاوازدا، دەبینین و دەبیستین و ڕووبەڕووی ئەم دەربڕینە دەبینەوە، بە تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لەم پرسە و هۆکارەکانی تێبگەین، پێویستە بە شێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە هەست و سۆز و لایەنگری مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و تێگەیشتنێکی تەندروست و بنەمایەکی هاوبەش هەبێت بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقعەکە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین گەنجانی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو بزوێنەری جۆشدانی هەست و هزری نەتەوەیی بوون، ئێستاش لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدا، کاریگەرانە بوونیان هەیە. بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لەم پرسە و هۆکارەکانی تێبگەین، پێویستە بە شێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە هەست و سۆز و لایەنگری مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و دەبێت تێگەیشتنێکی تەندروست و بنەمایەکی هاوبەش هەبێت بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقیعەکە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین: گەنجانی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو بزوێنەری جۆشدانی هەست و هزری نەتەوەیی بوون، ئێستاش لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدا، کاریگەرانە بوونیان هەیە. ئەگەر باس لە ١٠ ساڵی ڕابردوو بکەین و، وێستگەکانی شەڕی داعش، ڕیفراندۆم، داستانەکانی پردێ و سحێلا و هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق بە نموونە وەربگرین، دەکرێت وێنای گەنجی کوردستان بکەین، وەکو کارەکتەری قوربانیدەر، گیانفیدا، تاکی هۆشیار و ڕۆشنبیر و بەرپرسیار. بەڵام بەشێك لە حزبە سیاسییەکان پرسی گەنج و مافەکانی گەنجیان، هاوشێوەی پرس و چەمکە جیاوازەکانی وەکو ئافرەت و مافەکانی ئافرەت و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەیان کردووە بە کەرەستە بۆ بردنەوەی دەنگ و دەرئەنجام وەرگرتنی بەرکەوتە لە دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت، بە بێ ئەوەی بڕوای قووڵ و پتەویان بە توانا و لێهاتوویی گەنجان هەبێت و، تەنیا لەو کاتانەی پێویستییانە گەنج دەکەن بە پرد و بە سەر پشتی گەنجدا دەپەڕنەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی حزبی و کەسیی زیاتر بۆ خۆیان، کە ئەمە وای کردووە بەشێك لە گەنجان تا ڕاددەیەك جۆرێك لە بێ متمانەیی لە لایان دروست ببێت و نەتوانن بە ئاسانی خۆیان لە کایەی سیاسی و لە چوارچێوەی حزبەکاندا ببینن. ئەمە جگە لەو گرفتە ڕاستەقینانەی کە گەنج ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بابەتی بێکاری و کەمیی هەلی کار و جیاوازی ئاستی بژێوی و دارایی لە کۆمەڵگەدا، کە بەرهەمی واقیعی زیاتر لە سی ساڵی ڕابردووە لە دابەشکاری سیاسی لە شێوازی حوکمڕانی، ترس لە داهاتوو بە هۆی هەبوونی گرفتی سیاسی ناوخۆیی و فشاری بەردەوامی بەغدا و قورسبوونی ئاستی گوزەران و هەڕەشەی بەردەوامی وڵاتانی دراوسێیە. بەڵام لەگەڵ ئەو واقیعەدا، بە هۆی ئەوەی گەنجانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بیرکردنەوەیان بەرزتر و دیدگایان فراوانتر و تێگەیشتنیان قووڵتر دەبێت، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی باڵا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتایبەتی گرنگیدانی زۆری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گەنجان، نزیکییان لە گەنجان، سوودوەرگرتن لە تواناکانیان، بە هەندوەرگرتنی خەم و ئاریشە و خواستی گەنجان و پاڵپشتیی بیرۆکە و پرۆژەکانیان و دارشتنی بەشێکی باش لە پرۆژە و بەرنامە و هەنگاوەکانی حکومەت بە ئاراستەی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر و زەمینەی گونجاو بۆ گەنجان، و گرنگیدان بە بواری پەروەردە کە کاریگەری دوورمەودای لەسەر چۆنیەتی تێڕوانین و تێگەیشتنی تاك هەیە، دەتوانین بڵێین ئاستی ئەو نیگەرانییانە لە داهاتوودا ڕوو لە داکشان دەبێت و، وەك هەمیشە گەنجان توێژی کاریگەری بەرەوپێشچوون دەبن لە سەرجەم کایە جیاوازەکاندا لە کوردستان».



د. بەهزاد سەلیم :

**ڕاگەیاندن و قوتابخانە و کۆمەڵگە نەیانتوانیوە نەهامەتی و کارەساتەکانی گەلی کورد بە جیلی نوێ بگەیەنن و تێیانبگەیەنن کە ئەوەی بەدەست هاتووە، بەرهەمی سەد ساڵ خەبات و نەهامەتی و شەهید و ئەنفال و ئاوارەیی بووە**



سکرتێری قوتابیان نێچیرڤان کەلاری:

**گەنجانی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو بزوێنەری جۆشدانی هەست و هزری نەتەوەیی بوون، ئێستاش لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدا، کاریگەرانە بوونیان هەیە**

# نهێنی پەیوەندی دایکی پیکێ لەگەڵ شاکیرا ئاشکرا بوو

دوای ئەوەی هەمووان پێیان وابوو ئەو پشێوییە لە دوای جیابوونەوەی یاریزانی پێشووی یانەی بەرشەلۆنە (جیرارد پیکێ) و گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا دروستبوو، بەرەو هێوربوونەوە دەچێت، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیی نوێ نهێنییەکی زۆر مەترسیداری ئاشکرا کرد سەبارەت بە پێشهاتەکانی دوای جیابوونەوەیان.

بەپێی زانیارییەکان، پەیوەندی نێوان ئەو دووانە پێشتر بە قۆناغ و وەرچەرخانی زۆر مەترسیداردا تێپەڕیوە، گەیشتووەتە ئاستی توندوتیژی لەبەردەم دوو منداڵەکەیاندا، بەتایبەتی کە شاکیرا لەگەڵ خەسووی (مۆنتسیرات بێرنابیۆ) تووشی شەڕێکی خێزانیی بووە، لەو ماوەیەدا لەبەردەم دوو منداڵەکەی «میلان و ساشا»، لێی دراوە.

ئەم ڕووداوە تاکە سوپرایز نەبوو کە ئاشکرا بوو، چونکە باس لەوە کرا کە دایکی پیکێ ئاگاداری پەیوەندییەکەی پیکێ بووە لەگەڵ کلارا شیا، بەڵام ئەو بابەتەی پەردەپۆش کردووە و ئاسانکاریی بۆ کوڕەکەی کردووە، ئەمەش بابەتێك بوو کە پەیوەندییەکەی زۆر ئاڵۆزتر کرد، دوای ئەوەی شاکیرا بەم بابەتەی زانیوە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی جیابوونەوەیان.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە دەگوترێت پیکێ زیاتر لە جارێك لەگەڵ کلارا لە خانوویەکدا بینراوە، کە خاوەنەکەی دایك و باوکی پیکێ خۆی بوون و دەکەوێتە شاری کامبریلز، ئەمەش ڕەوایەتیی ئەو تۆمەتانە پشتڕاست دەکاتەوە کە گوایە دایکی ئاگاداری خیانەتی کوڕەکەی بووە، سەرەڕای ئەوەی هاوسۆزیی خۆی بۆ شاکیرا نیشانداوە لە سەرەتای گرفتەکەیە.



## جێنیفر ئەنیستۆن: جیهان پ

چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی فیلمی کۆمیدی «Murder Mystery 2» لەسەر سەکۆی نیتفلێکس بڵاو بکاتەوە، خانمە ئەکتەری ئەمریکی جێنیفر ئەنیستۆن ڕایگەیاند لە ئێستاداجیهان پێویستی بە نوکتە و قسەی خۆش هەیە، لەم فیلمەدا شان بەشانی ئادەم ساندلێر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، و ژمارەیەك ئەکتەر لە ڕەگەزنامە و نەتەوە جیاوازەکانی تێیدا بەشدارن.

ئەنیستۆن لە میانی گفتوگۆیەکی لە پانێڵی تایبەت بە پەخشکردنی فیلمەکە لە پاریس، سەبارەت بە فیلمەکە گوتی: «ئەکتەر و فیلمە کۆمیدییەکان پەرەیان سەندووە و فیلمەکان گۆڕاون، هەر بۆیە بابەتەکە تا ڕادەیەك ورد بووەتەوە و لەبەر ئەوەی لە ئێستادا کۆمیدیا بووەتە یەکێك لە پێداویستییەکان، دەبێ ئەکتەرەکان زۆر وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بکەن، ئەمەش شتەکان بۆ ئەکتەرەکان قورس دەکات.»

لەگەڵ ئەو نهێنییانەی کە ئاشکرا بوون، دوای ئەوەی شاکیرا بە بابەتەکەی زانیوە شەرێك ڕووی دا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بە دەست لەگەڵ خەسوویدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و هەردووکیان لەلایەن ئەوی دیکەوە لێیاندرا، لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە مۆنتسێراتی دایکی پیکێی دەستپێشخەر بووە لە لێدانی شاکیرا.

پەیوەندیی شاکیرا لەگەڵ خەسوویدا شاهیدی کاتێکی زۆر ناخۆش بوو، لەو کاتەوەی لە باوکی دوو منداڵەکەی جیابووەوە، کە یاریزانی بەناوبانگی جیرارد پیکێ بوو، ئەم پەیوەندییە خراپەش لەو گۆرانی و لێدوان و ڤیدیۆ مشتومڕاویانەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە کە شاکیرا دوای جیابوونەوەیان بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە شاکیرا جادووی ئەنجامداوە و لەسەر باڵکۆنی ماڵەکەی داناوە، کە ڕاستەوخۆ ڕووی لە ماڵی دایك و باوکی پیکێیە.

ڕەفتارەکانی شاکیرا مایەی سەرسوڕمانی هەموو لایەك بووە، بەڵام ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە هۆکارە ڕاستەقینەکانیان ئاشکرا کرد، کە وایان لێکرد ئەو کارە بکات، بە ئەنقەست بەردەوام دایکی خەسووی هەراسان دەکات و پێدەچێت تۆڵەسەندنەوە بێت لەو ژنەی کە خیانەتەکەی پیکێی پەردەپۆش کردووە لەگەڵ خۆشەویستە نوێیەکەی کلارا شیا.



## پێویستی بە نوکتەیە

ئەنیستۆن هەروەها دەڵێت: «جیهان پێویستی بە نوکتە هەیە، نابێت شتەکان زۆر بە جددی وەربگیرێن، بەتایبەتی لە ئەمریکا».

فیلمی (Murder Mystery 2)، کە بەشی یەکەمی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا لەسەر سەکۆی نێتفلێکس کاتێك لە ساڵی ٢٠١٩ دەستی بە نمایش کرد، باس لە پۆلیسێك دەکات کە یارمەتی چاوەڕواننەکراو لە هاوسەرەکەی وەردەگرێت بۆ چارەسەرکردنی کەیسێك، ئەمە لەکاتێکدا کە کاری هاوسەرەکەی زۆر لە کاری پۆلیسییەوە دوورە و لە یەکێك لە ئارایشتگاکان کاردەکات.



## کارۆخ ئیبراهیم:

# دەمانەوێت لە هەشت دیواردا جیاوازییەک نیشان بدەین و تاکی کورد تەنیا لە بابەتی کرچوکاڵیی ڕۆژانەدا کۆنەکەینەوە



لە سەرەتای مانگی ڕەمەزاندا زنجیرە درامای (هەشت دیوار) کە ژمارەیەك ئەستێرەی و هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و گەنج تێیدا بەشدارن، لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی نمایش دەکرێت، بۆ باسکردن لە چەند لایەنێکی زنجیرەکە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کارۆخ ئیبراهیم حەکیم دەرهێنەری زنجیرەکە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

دیمانە: خەلیل بلەیی



*** بیرۆکەی (هەشت دیوار) چۆن درووست بوو؟**

- هەشت دیوار هەڵگرتنی کۆمەڵێك چەمك و پەیامە، ئێمە لە نێو درامای کوردیدا ڕەنگە لە نەبوونی ئەو بیرۆکە و چەمکانەدا ژیا بین و نەمانتوانیبێت سنوورەکان بە تەواوی ببەزێنین، لە هەمان کاتدا نەمانتوانیوە چوارچێوەی فکری تاکی کورد لە بازنەیەکی گەورەتردا نیشان بدەین، چەند خاڵێك هەیە کە وامان لێ دەکات دەست بۆ ئەو سیناریۆ و بیرۆکانە ببەین، یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت جیاوازییەك نیشان بدەین کە ئیتر تاکی کورد تەنیا لە نێو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی کرچوکاڵی ڕۆژانەدا کۆنەکەینەوە، بەڵکو کارێك لەگەڵ یادەوەرییەکانیاندا بکەین، ئێستا درێژەپێدەری ئەم یادەوەرییانەیە کە ڕەنگە بەشێکیان لە بەردەستدا بێت، بێگومان بیرۆکەکە بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر و ڕۆماننووس کامەران خۆشناو بەیەکەوە دامانڕشتووە و نووسیومانە، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوێکی دیکە بهاوێین لە بابەتی نووسین و بەرهەمهێنانی درامای کوردیدا، چونکە نابێ بینەری کوردی لەو بازنەیەدا بهێڵینەوە کە دراما تەنیا یەکسانە بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو بە هۆی بینین و بیستن و ئەو ڕووداوانەی بەری دەکەوێت، شایەنی ئەوەیە کە ئاوێتەی بکەیت لەگەڵ بیرۆکە، بینین، شێواز و پەیامی نوێ و جیاواز.

*** ئامانجتان لە کۆکردنەوەی هونەرمەندە بە ئەزموون و لاوەکان چی بووە؟**

-لەسەر بنەمای پەیوەندیی تاکەکەسی ئەو کارەمان ئەنجام نەداوە و ڕۆڵەکانمان دابەش نەکردووە، بەڵکو بەپێی پێویستی کارەکە ئەکتەرەکانمان هەڵبژاردووە و گومان لەوەدا نییە کە کاری هونەری نەبەستراوەتەوە بە نەوەیەکی دیاریکراو لە هونەرمەندان، بەڵکو کۆمەڵێك نەوە لە قۆناغ و سەردەمی جیاواز پێویستە بۆ ئەوەی بونیادی درامای پێ بکرێ، تەنانەت لە نێو خێزانەکانی خۆیشماندا هەموویان یەك تەمەن و بیرکردنەوە و بۆچوونیان نییە، بە پێچەوانەوە لە چوارچێوەی یەك خێزاندا، بەڵام لە زۆر شتی جیاواز دەردەکەون، ئێمە هەوڵمانداوە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵیانبژێرین، لە هەمان کاتیشدا کارکردنمان لەگەڵ ئەوە نەوە زێڕینە مانای بەردەوامییە و کۆمەڵێك ئەستێرەی زۆر باشمان هەیە لە دونیای هونەردا کە دەتوانین بە یەکەوە پرۆسەیەکی هونەریی جوان بەرهەم بهێنین، بۆیە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی هونەرمەندانی پێش خۆمان و لە داهاتووشدا سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئێمە ئەگەر باش بێت، واتە درێژە پێدەری ئەوەیە کە پرۆسەی هونەری بە دیوە ڕاستەکەیدا بڕوات نەك دیوە چەوتەکە.

*** پەیامتان لە (هەشت دیوار) چییە؟**

- پەیامـمـان بریتییـە لـەوەی نیشـانی بدەیـن کـە چیمـان هەبـووە و چیمـان لـە دەستدایە و چیمـان بە دەستهێناوە، ئـەو خاڵـە گەورانـەی کـە سـەردەمانێك شانازیمان پێوە کردووە لە کوێ ماینـەوە و کامیـان ون بـووە، (هەشـت دیـوار) سـەر لـە نـوێ ئەپدەیتی خێزانی کـوردی دەکاتـەوە کـە هەندێك پرەنسیـپ و یاسا و ڕێسـای جوان هەبـووە، کـە خێزانی لەسـەر بونیاد نراوە، جگە لـەوەی دەیانگەڕێنینـەوە بۆ چل ساڵی پێـش ئێسـتا، هەوڵمانـداوە بـە هەمـوو دیـو و سـێکتەر و گۆشـەیەکدا کار لەسـەر ئـەو بابەتـە بکەیـن.

هەر کارێك ئەگەر بزانم ئامادە نەبێت بۆ نمایش و بەرهەمهێنـان دەسـتی بـۆ نابـەم وەك ئەزموونێـك کە لەسـەرم حیسـابە و وەك ئەرکێکیش، کـە پێموایـە زەرورە بیـر لـەوە بکەیـن چـی دەکەیـن، ئەرکـەکان دابـەش کـراون هەندێك کـەس ئیش دەکـەن کە ئێمەین و هەندێك کەسـیش تەنیـا قسـە دەکـەن کـە ئەوانـن، هەردووکمـان خزمەتـی یەکتـری دەکەیـن، خاڵێکـی دیکـەش هەیـە کـە لـە دەسـتمان بێـت و نەیـەت هـەر کار دەکەیـن، بـە هەمـان شـێوە ئەوانیـش هـەر قسـە دەکەن، واباشـە وەك قسـەیەکی ڕەق سـەیری نەکـەن.

*** لە سۆشیال میدیا قسـە دەکرێت و ڕەخنـەش لە هـەر کارێك دەگیرێت، ئـەو ڕەخنانـەی لـە هەشـت دیـوار گیراوە، چەنـدی ڕەخنـەی بونیادنـەر بـووە و چەنـدی تەنیـا ڕەخنـە بـووە لەپێنـاو ڕەخنەگرتنـی بـێ ئامانج؟**

- سۆشـیال میدیـا سـەکۆیەکە کـە هـەر کەسـێك دەتوانێـت لـەو ڕێگەیـەوە بـە مۆبایلەکـەی هەرچـی بیـەوێ بینووسـی و بیڵێـت، مامەڵـەی ئێمـە لەگـەڵ سۆشـیال میدیـا بـە ئاراسـتە بـاش و خراپەکـەی لـە بەرژەوەندیـی ئێمەدایـە،

ئەگـەر بونیادنـەر بـن و لـە جێـی خۆیـان بـن ئـەوا دەبێتـە وانەیـەك بۆمـان کـە زیاتـر فێـر ببیـن، ئەمـەش سـوودێکی زۆری بـۆ ئێمـە هەیـە، بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر سـەرنج و تێبینییـەکان ڕووخێنەریـش بـن، زۆر زۆر ئاسـاییە و نیشـانەی ئەوەیـە کـە لـە کۆمەڵگـەدا کەسـانێك هـەن کـە ئاراسـتەیەکی جیـاواز کار دەکـەن، مـن خۆشـم حـەزم لـە جیاوازییـە، مـەرج نییـە هەمـوو کەسـێك ڕای لـە کارەکـەی مـن بێـت یـان دژی بێـت. بـە گشـتی هەمـوو سـەرنج و تێبینییـەکان لـە ئەنجامـی بینینـی دراماکـەوە دروسـت بـوون، کەواتـە (هەشـت دیـوار) سـەرنج و تێبینیـی دروسـت کـردووە، ئەمـەش بەقـەد قورساییەکەی سـوودی بـۆ ئێمـە هەیـە، مـرۆڤ کـە کارێـك ئەنجـام دەدات پێویسـتە گـوێ بگرێـت، بخوێنێتـەوە و بەرگـەی هەمـوو ئـەو ڕەخنـە و پێشـنیارانە بگرێـت کـە ئاراسـتەی دەکرێـن، دەبـێ دڵمـان بـەوە خـۆش بێـت کەسـانێك لەسـەر پرۆژەیەکـی هونـەری بـە گشـتی قسـە بـکات، بەتایبەتیـش لەسـەر درامـا، چونکـە درامـا بـۆ خەڵکـە و پەیامێکـە بـۆ تـاك، ئـەو تاکـەش سـەربەستە لـەوەی چـی دەڵـێ و دەنووسـێت و چـی ئاراسـتەی ئێمـە دەکات، ئێمـەش پێویسـتە پێشـوازیی لـێ بکەیـن و بـە دڵێکـی فراوانـەوە وەری بگریـن و بـە قازانجـەوە بیخەینـە سـەرچاومان، بـەڵام ئەوانـەی کـە ڕەخنەکانیـان بونیادنـەر نییـە پێویسـتە بیـر لـەوە بکەنـەوە کـە پرۆسـەی هونـەری لـەو وڵاتـەدا بـە چ ژان و دەردەسـەرییەك دروسـت دەبێـت، بـە گشـتی پرۆسـەی هونـەری دەبـێ لەژێـر تێفکریـن و بیروبـڕوای ئـەو ڕۆشـنبیر و هونەرمەندانـەدا بێـت دەرەوە کـە کاریـان تەنیـا لێـدان و قسـەیە،

**ئەوانەی کە ڕەخنەکانیان بونیادنەر نییە پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە پرۆسەی هونەری لەم وڵاتەدا بە چ ژان و دەردەسەرییەک دروست دەبێت**

**زۆر جار تاکی ئێمە تەنانەت ڕۆشنبیر و هونەرمەندانیشمان دەکەونە نێو هەڵەیەکی زانستی کە ژانر و ستایل و میتۆدەکان لە یەکتری جیا نەکەنەوە**



ئەو کاتیش بەرەو ئاراستە باشەکە هەنگاو دەنێت، چونکە ئەوانەی ئیش ناکەن ڕێگرن لە بەرامبەر ئەوانەی ئیش دەکەن.

*** باس لەوە دەکرێت کە دراماکە بە گشتی لە لۆکەیشن و ستایل و تەنانەت نواندنی ئەکتەرەکانیش لە شانۆ نزیکترە لەوەی کە دراما بێت، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- زۆر جار تاکی ئێمە تەنانەت ڕۆشنبیر و هونەرمەندانیشمان دەکەونە نێو هەڵەیەکی زانستی کە ژانر و ستایل و میتۆدەکان لە یەکتری جیا نەکەنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕەنگە کەم ببینن و کەم بخوێننەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەها نییە، ئێمە کۆمەڵێك ژانر و میتۆد و ستایلی جیاوازمان لە زنجیرەکەی خۆماندا کۆکردووەتەوە و هەوڵیشمان داوە لە ڕووی دەرهێنانەوە خۆمان لە چوارچێوەی دوو ماڵ دەرباز نەکەین و، ئەگەر زۆر زۆر پێویست نەبێت نەچینە دەرەوەی سنووری ئەو ماڵانە و بەشێوەیەك نیشانی بینەری بدەین کە بە ئاسانی هەست بەو جیاوازییە بکات، پێمان سەیرە ئەگەر بڵێن شانۆیە و زنجیرە دراما نییە، چونکە دراما کۆمەڵە چیرۆکێکە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاراستەی خەڵك دەکرێت و ئەگەر بە دیوێك لە دیوەکان شانۆش بێت، خۆ شانۆ دایکی هونەرەکان، ئێمە ڕێز لەو بۆچوونانە دەگرین کە پێیانوایە لە شانۆوە نزیکە و ڕێز لەوانەش دەگرین کە پێیانوایە دراما نییە.

*** ئاماژەیەك هەیە کە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن نییە لە نێوان هونەرمەندان بە ئەزموونەکان و گەنجەکان، لە هەشت دیوار هەوڵتان داوە کە ئەو جیاوازییە نەهێڵن؟**

- من پێموایە نەبوونی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی لە نەبوونی کاری هونەری سەری هەڵداوە، من لە دوو ئەزموونی ڕابردووم وەکو دراما هەستم بە لێکتێنەگەیشتن و تێکەڵ نەبوونە نەکردووە، بۆیە بەپێی تێپەڕبوونی کات و بوونی بەرهەمی هونەری ئەو لێکتێنەگەیشتنە کۆتایی پێ دێت و کاڵ دەبێتەوە و، ئەو کەسانەی ئەو ناتێگەیشتنە درووست دەکەن ڕەنگە پێویستیان بەوە بێت کە لە چوارچێوەی ئەو ناتێگەیشتنەدا بژین، پێموایە تێنەگەیشتن لە هونەرمەندە گەورە و بە ئەزموونەکان هەڵەیەکی گەورەیە.



# بەهار رەحیم:

# یاریزانی باش هەیە لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە یانەکان بایەخی پێ نادەن



*** ماوەیەکی زۆرە لە بواری گۆڕەپان و مەیداندایت، ئەم یارییە چی پێ بەخشی؟**

- من مامۆستای قوتابخانەم و ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵە لە ناو ئەم یارییەدام و ڕاهێنەریشم لە یانەی شێروانە، سەرکەوتن خۆشیی پێی بەخشیووم، لە هەمان کاتیشدا هەندێك شتی لێ سەندوومەتەوە.

*** بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- پێشتر بۆ ماوەی سێ ساڵ من ڕاهێنەری یاریی بالە بووم لە یانەی شێروانە، بەڵام بۆم دەرکەوت یاریی بالە ڕاهێنانی بەردەوام و یاریزانی زۆر باشی دەوێ، ئەمە لەکاتێکدا لە کەلار بەڕاستی وەرزشکردن بۆ ئافرەت زۆر قورسە، یاریزانەکان نەیاندەتوانی هەموو ڕۆژێك بێن بۆ مەشقەکان، بۆیە ڕووم کردە گۆڕەپان و مەیدان، بۆم دەرکەوت ئەمە ئاسانترە و دەتوانم لە قوتابخانە گرنگیی پێ بدەم و دواتریش حەزی خۆم بوو.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

-بۆمن بە پێچەوانەوە یارییەکی زۆر ئاسان و خۆشە، بەلای منەوە وەکو فوتساڵ نییە کە زۆر قورسە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- یاریزانی باش هەیە لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە یانەکان بایەخی پێ نادەن، زیاتر بایەخ بە تۆپی پێی دەدەن.

**لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان خاوەن چەندین وەرزشکاری بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆر کاندا، یانەکانیش زیاتر گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدەن لە چاو یارییەکانی دیکە، بەڵام کۆمەڵێك وەرزشکاری ئافرەتی بەتوانا دەیانەوێت ببنە نموونەی ئافرەتی وەرزشکار لە قەزای کەلار، یانەی شێروانەش وەکو یەکێك لە یانە دێرینەکانی گەرمیانە کە گرنگی بە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچان دەدەن و ئەنجامەکانیش لەسەر ئاستی کوردستان بەرچاوە، ڕاهێنەری کچانی یانەکەش کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن دەدات و یانەکە خاوەنی چەندین کچە ئەستێرەیە لەم یارییە. مامۆستا بەهار ڕەحیم محەممەد ڕاهێنەری کچانی یانەی شێروانە چەندین ساڵە خزمەتی یانەکەی دەکات لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ی قەزای کەلارە و جێ پەنجەی دیارە، تەنیا یاری بۆ یانەی شێروانە کردووە ئێستا ڕاهێنەری یانەکەیە لە هەردوو یاریی گۆڕەپان و مەیدان و فوتساڵ، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



*** پێت باشە چی بکرێت بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

- هەموو یارییەك ئاستی خۆی هەیە، ئەگەر لە فێرگەکانەوە دەست بکرێت بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان و یاریزان ئامادە بکرێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە یاریی گۆڕەپان و مەیدان زۆر بەرەوپێشەوە دەچێت.

*** خەونی تۆ لەم یارییە چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە بەشداری پاڵەوانێی عێراق بکەم خۆم و یاریزانەکانم، خۆزگە بۆ یەکجاریش پاڵاوتنیان لە کەلار دەکرد، چونکە یاریزانی زۆر باشمان هەیە دڵنیام لە سەرکەوتنیان.

*** یانەی شێروانە تا چەند گرنگی بە یارییەکانی ئافرەتان دەدات لەم دەڤەرە؟**

- ڕاستی گرنگی زۆر دەدەن بە یاریی گۆڕەپان و مەیدان، هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکەن لە کاتی پاڵەوانیەتییەکان و بەشداری دەکەین، بەڵام من و یاریزانەکانم چەند ساڵە بێ مووچە خزمەت دەکەین.

*** لەسەر ئاستی کۆمەڵگەوە پێشوازی لەم یارییە چۆنە؟**

-کۆمەڵگە بتەوێت یان نا هەر قسە دەکرێت، بە تایبەت کاتی ئافرەتان لە هەر بوارێك کار بکات، بەڵام بیرکردنەوەی ئێستا لە جاران باشترە، هەروەها کچی باشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە بیرکردنەوەی خێزانەکان ڕێگرە لە بەردەم بەشداریکردن، بە تایبەت لە کەلار.

*** دۆزینەوەی یاریزان لەم دەڤەری ئێوە قورس نییە؟**

- نەخێر بۆ من زۆر ئاسانە، بەڵام ڕازیکردنی خانەوادەکەی زۆر قورسترە وەکو ئەوە وایە داوای ژن بکەیت، دەبێ هەموو خانەوادەکەیان ڕازی بکەیت و نابێ لەکاتی ڕاهێنانیشدا ئەو یاریگەیە هیچ یاریزانێکی پیاوی تێدا بێت، هەر چەندە یاریگەی شێروانە ئێستا وایە هەر ڕۆژی کچان مەشق بکەن نابێت هیچ کەسێکی دیکە لەم یاریگایە بێت.

*** هیوا و ئاواتت لەم یارییە؟**

- هیوام ئەوەیە بەشداریی پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق بکەم، بەهیوای ئەوەم سەردانی وڵاتی سعودیە بکەم.

*** وەکو ڕاهێنەرێك تا چەند لەگەڵ ئەوەی تیپەکان پشت بە ڕاهێنەری ئافرەت ببەستن؟**

- لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕاهێنەری پیاو ببێتە ڕاهێنەری کچان ئەمە کارەساتە، چونکە زۆر جار کۆمەڵێك شت دەبێت لە ئافرەتان زیاتر ڕاهێنەری کچی ئەوکاتە پێویستە، لەگەڵ ئەوەم یانەکان بۆتیپی کچان پشت بە ڕاهێنەری ئافرەت ببەستن.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردوویت؟**

- تاکو ئێستا نەخێر.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن لە وەرزشکردن؟**

-دوو برام وەرزشکارن هەمیشە هاوکارم بوون و هانیان داوم و سوپاسیان دەکەم

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە یەکەم دەزگای ڕاگەیاندنە ئێمە بەسەردەکەنەوە، هیوادارم سەرۆکی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدان و جێگر و سکرتێرەکەی بایەخ بە کەلاریش بدەن و پاڵەوانێتییەکان بگوازنەوە ئەم شارە، یاریگای زۆر باشمان هەیە.

# مەرجەکانی میسی بۆ گەڕانەوە بۆ یانەی بەرشلۆنە ئاشکرا کرا

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئەو مەرجانەیان ئاشکراکرد، کە پێویستە بەرشلۆنە جێبەجێیان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لیۆنێل مێسی بگەڕێنێتەوە ریزەکانی.

ماوەی گرێبەستەکەی مێسی لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە کۆتایی ئەم وەرزەدا تەواو دەبێت، تاوەکو ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک سەبارەت بە کاراکردنی بڕگەی درێژکردنەوەی گرێبەستەکە نەکراوە.

مێسی گرێبەستەکەی لە پارکی شازادەکان نوێ ناکاتەوە، ئەمەش دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاندەرانی پاریس، کە پێشتر لە دوای ماڵئاوایی تیپەکەیان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا فیکەیان بۆ لێدا و ئەمجارەش دوای دۆڕانیان لە خولی فەرەنسا بەرامبەر یانەی لیۆن ئەو کارەیان بەرامبەر میسی بەکارهێنا.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە بەرشلۆنە دەیەوێت لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا مێسی بگەڕێنێتەوە، بەڵام چوار مەرجی هەیە، کە دەبێت جێبەجێ بکات ئەگەر بیەوێت مێسی بگەڕێنێتەوە بۆ بەرشلۆنە، کە بریتین لە:

- ناردنی دەستەوارەیەکی دارایی باش، وەک ئەو دەستەوارەیەی، کە پاریس سانت جێرمان ئێستا خستوویەتە سەر مێزەکەی میسی.
- خوان لاپۆرتای سەرۆکی بەرشلۆنە پەیوەندی بە مێسییەوە بکات و وادەیەک بۆ کۆبوونەوەیەکی نێوانیان دیاری بکات ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢١ ڕوویداوە بدات، هەروەها هۆکاری نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە ڕوون بکاتەوە.
- پێویستە بۆ مێسی و باوکی ڕوونی بکەنەوە، کە چۆن میسی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ یاریکردن لە خولی ئیسپانیا، بەبێ ئەوەی یانەکە ڕووبەڕووی کێشەی دارایی ببێتەوە، کە پەیوەندی بە یاری خاوێنەوە هەبێت.
- مەرجێکی دیکەی مێسی هێشتنەوەی گفتوگۆیەکان بە نهێنی، چونکە پێداگری ئاشکرای بەرشلۆنە لەسەر هەبوونی دانوستاندن لەگەڵ مێسی لەوانەیە کاردانەوەی هەبێت، هەروەها میسی هێشتا چەند مانگێکی ماوە لە پاریس بژیت، و لایەنیکەم چوار یاری ماوە، کە لە پارکی شازادەکان و بەرامبەر هاندەرانی یانەکە ئەنجام بدات.



# مۆرینهۆ چارەنووسی خۆی یەکلانەکردۆتەوە

جۆزێ مۆرینهۆ راهێنەری یانەی رۆمای ئیتاڵی جارێکی دیکە لەبارەی چارەنووسی خۆی مشتومڕی دروستکرد پاش ئەوەی ناوی بە یانەی چێڵسی بەسترایەوە.

مۆرینهۆ لەگەڵ یانەی رۆما وەرزێکی باش بەڕێ دەکات یانەکە لە پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی خولی ئیتاڵیایە و لە یۆرۆپالیگ گەیشتە قۆناغی هەشت.

مۆرینهۆ لەبارەی چارەنووسی خۆیەوە لەگەڵ رۆما لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پرسیاری لێکرا ئەو لە وەڵامدا گوتی: من باسی چارەنووسی خۆم لەگەڵ میدیاکان و لەگەڵ هاورێکانمدا ناکەم.

سپێشەڵ وەن زیاتر دەڵێ: سەرۆکی جێبەجێکاری یانەکەمان بەر لە چەند هەفتەیەک گوتی من دەمێنمەوە، بەڵام بۆچوونی ئەوە لەو بابەتەوە، هەمان شت بۆ هەر رۆژنامەوانێکیش راستە، کە لە بارەی هەمان بابەت پرسیار لە من بکات.

مۆرینهۆ زیاتر دەڵێ: لەبارەی گرێبەستەکەمەوە، من جارێ ساڵێکی دیکەم ماوە لەگەڵ رۆما، بەڵام هەندێک جار گرێبەست هەموو شتێک نییە.

لە دوای دوورخستنەوەی گراهام پۆتەر لە یانەی چێڵسی دوای ئەنجامە خراپەکان، مۆرینهۆ بە یەکێک لە بژاردەکانی بۆ مەشقدانی چێڵسی دادەنرێت.

# مانچینی دژی فیفایە

رۆبێرتۆ مانچینی راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا رەخنەی توندی لە بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی گرت بە زیادکردنی ژمارەی هەڵبژاردە بەشدارەکان لە مۆندیالی داهاتوو بۆ ٤٨ هەڵبژاردە.

فیفا بڕیاریداوە لە مۆندیالی ٢٠٢٦دا، کە کەنەدا و ئەمریکا و مەکسیک میوانداری دەکەن، ژمارەی هەڵبژاردە بەشدارەکانی ئەو مۆندیالە بۆ ٤٨ هەڵبژاردە بەرز بکاتەوە فیفا پێیوایە جامی جیهانیی دەبێ زۆرترین هەڵبژاردەی جیهان بەشداری بکەن.

مانچینی دژی بڕیارەکەی فیفا وەستاوە دەڵێ: لە کاتێکدا دەبێ ژمارەی ئەو یارییانە کەم بکەینەوە، کە یاریزانان ئەنجامی دەدەن کەچی بەپێچەوانەوە دێن ژمارەی ئەو یارییانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکەن لە کاتێکدا دەبێ کەمی بکەینەوە تاوەکو یاریزانەکان پشوویەک وەربگرن و هەناسەیان بێتەوە بەر.

مانچینی، کە نازناوی یۆرۆی ٢٠٢٠ی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیادا بەدەستهێناوە زیاتر گوتوویەتی: کاتێک روو لە مۆندیال دەکەین یاریزانەکانمان هەموویان شەکەتن.


مانچینی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا گرێبەستی هەیە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٦ ، کە وادەی بەڕێوەچوونی یارییەکانی مۆندیالە.

فیفا بڕیاریداوە لە مۆندیالی داهاتوودا لەبری ٣٢ هەڵبژاردە، ٤٨ هەڵبژاردە بەشداری بکەن و بەوەش ژمارەی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکە لە ٦٤ یارییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٤ یاری.

بەپێی سیستمی نوێ پەیرەوکراو لە مۆندیالدا هەڵبژاردە بەشدارەکان بەسەر ١٢ کۆمەڵەدا دابەش دەکرێن، هەر کۆمەڵەیەک لە چوار هەڵبژاردە پێکدێت و لە هەر کۆمەڵەیەک یەکەم و دووەم دەگەنە قۆناغی داهاتوو جگە لە هەشت هەڵبژاردە کە باشترین پلەی سێیەم لە کۆمەڵەکانیان بەدەست دەهێنن و بەوەش هەڵبژاردەکان دەگەنە قۆناغی ٣٢ی مۆندیال.

ئەو چوار هەڵبژاردەیەی دەگەنە قۆناغی نیوەی کۆتایی مۆندیال لە بری حەوت یاری، کە پێشتر بەدرێژایی پاڵەوانێتییەکە ئەنجامیان دەدا هەشت یاری ئەنجام دەدەن.








# ڕانیە خەونەکەی کردە ڕاستی

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ڕانیە دوای چەندین ساڵ لە چاوەڕوانیی گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، دواجار توانییان خەونی دەڤەرەکە و هاندەرانی یانەکەیان بکەنە ڕاستی و شان بەشانی یانەی وەرزشیی هەولێر گەیشتنە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، وەرزی داهاتوو ڕانیە دەیەوێت یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بێت و سوپرایزی بۆ یانەکانی دیکەش دەبێت، لە بارەی بەدەستهێنانی پلێتی سەرکەوتن بۆ ڕیزی یانە گەورەکان (مامۆستا هێمن ڕەحمان) ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی ڕانیە لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆشترین هەستمان هەیە، چونکە توانیمان بە جوهد وکاری بەکۆمەڵ و یەکڕیزیی نێوان دەزگاو بەرپرسە وەرزشییەکانی ڕانیە، ئەو ئامانجەی هەمان بوو بە پاڵپشتی هاندەرە دڵسۆزو نمونەییەکان بەدەستی بهێنین، زۆر خۆمان بە حۆشحاڵ دەزانین کە بتوانین دڵی هاندەرانی یانەکەمان خۆش بکەین، ڕۆژێکی مێژووییە بۆ وەرزشی ڕانیە، بێگومان کاری بەردەوام کراوە لە ڕێی ئەنجامدانی دەیان کۆبوونەوە و دانانی پلان و بەرنامە لەم چەند ساڵەدا لەپێناو دروستکردنی ئەو برایەتی و یەکڕیزیەی لە وەرزشی ڕانیەدا هاتووەتەدی، هیوادارم هەموولایەك پارێزگاری لەو برایەتی و تەباییە بکەین لە پێناوی بەردەوامیدان بە سەرکەوتنەکانی یانەی ڕانیە، چونکە خاڵی بەهێزی سەرکەوتنەکانمان ئەو برایەتی و تەباییەیە کە لە وەرزشی ڕانیەدا هاتووەتەدی، بێگومان پێویستە ستافی کارگێڕی بە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ سەرجەم دەزگا وەرزشی و کەسایەتی و دڵسۆزانی یانەکەی لە ئامادەکاری دابێت بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامەیەکی هەنوکەیی و درێژخایەنی زانستی و واقیعی، لەپێناوی هەنگاونانی زیاتر بۆ بەرەوپێشچووی وەرزشی ڕانیە بەگشتی و تۆپی پێی یانەکە بە تایبەتی، نابێت دانیشن بەدیاری سەرکەوتنی یانەکەوە، بەڵکو بۆ دانان و ئامادەکاریی پلان بۆ داهاتوو، ئەمڕۆ درەنگە زوونییە، لەژێر دروشمی پاراستنی دەستکەوتەکان گرنگتر و قورسترن لە بەدەستهێنانیان .

# فێرگەی سۆران بەرنامەی زیاتریان هەیە



لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران فێرگەی تۆپی پێی سۆران ماوەی دوو ساڵە بەردەوامە لە دروستکردنی یاریزانان و پێگەیاندنی یاریزانی ئاست بەرز بۆ داهاتووی شارەکەیان، لە ئێستادا بەرپرسانی فێرگەکە ئامانجی گەورەتریان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی زیاتری وەرزش بکەن لە دەڤەری سۆران، لەم بارەشەوە (مامۆستا گەشە شێرزاد) سەرپەرشتیاری فێرگەی تۆپی پێی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «فێرگەکەمان بەردەوامە و ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە فێرگەکە دامەزراوە، یەکەم فێرگە بووە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و بە فێرگەی دایك ناسراوە، لە بەرنامەماندایە پرۆژەیەکی جوان دروست بکەین کە یاریگە و مەلەوانگە و هۆڵی وەرزشی و هۆڵی ئاسن و چەندین یەکەی وەرزشیی دیکە لە خۆ دەگەرێت، نوسراومان پێشکەش بە شارەوانیی سۆران کردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش یارمەتی دەرببڕن تا کۆمەڵگەیەکی وەرزشیی دروست بکەین، ئامانجمان سوومەندبوونی فێرخوازانی فێرگەکەمانە بە شێوازێکی ستاندارد، چونکە ئێستا کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەبێت لە لایەنی یاریگەوە»، سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانیشیان مامۆستا گەشە شێرزاد گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت هەندێك جار کێشەی زۆرمان بۆدروست دەبێت لە مەشقەکانماندا، جگە لەوەش نەبوونی یاریگە ئەویش ساڵانە کێشەمان بۆ دروست دەکات، پشتیوان بە خودا ئەم ساڵ دەمانەوێت جیاوازتر بین لە ساڵی پار، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی وەرزش لەم دەڤەرە تا بەهرە و توانای گەنجان بەدیار بەخەین، یانەکانی دەڤەرەکەمان زیاتر سوودیان لێ ببینن، لە کۆتاییدا داواکارم لایەنی پەیوەندیدار هاوکارمان بن، چونکە فێرگەکەمان مەڵبەندی دروستکردنی یاریزانانی خۆماڵی و لە کۆتاییدا بووژانەوەی وەرزشە، سوپاسی ڕاهێنەرانی فێرگەکەشمان دەکەین کە بەو هەموو دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن».



# زانکۆی جیهان و براد‌ۆست دابەزین

دوای ئەنجامدانی ١٦ گەڕ لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و کێبڕکێی دوورودرێژ لە خولەکە، دواجار هەردوو یانەی برادۆستی شاری کەرکووك و زانکۆی جیهانی شاری هەولێر دابەزینە ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، هەر چی یانەی گارەی شاری دهۆك بوو هەر زوو بە هۆی گرفتی داراییەوە پاشەکشەی لە خولەکە کرد و، دابەزی بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، بەڵام یانەی برادۆست تاکو بەشێك لە یارییەکانی قۆناغی دووەمیش لە خولەکەدا بەردەوام بوو لە یارییەکانی، ئەمەیش بە هەمان شێوەی یانەی گارە لە یارییەکانی خولەکەدا ئامادەی یارییەکان نەبوو، سەرجەم یارییەکانی قۆناغی دووەمی بە شکست بۆ هەژمار کرا، گرفتی دارایی تەنگی بەم یانەیەش هەڵکیشا و لە ١٦ یاری کە بۆی هەژمار کرا بوو، خاوەنی دوو سەرکەوتن و دوو یەکسان و ١٢ شکست بوو، بە هەشت خاڵ دابەزی بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، هەرچی یانەی زانکۆی جیهانەیش بوو، کە یانەیەکی کارتی تایبەتە و ئەویش نەیتوانی میوانێکی بەهێز بێت لە خولی پلە یەکی ئەمساڵ، لە کۆی ئەنجامدانی ١٦یاری لە خولەکەدا تەنیا سێ یاریی بردەوە و سێ یارییش یەکسان بوو، ١٠یاری دۆڕا و بە کۆکردنەوەی ١٢ خاڵ دابەزی بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، کە پارساڵ لەم خولەدا سەرکەوتوو بوو، لە کۆی ١٦ یاری ١٣ گۆڵی کردبوو و ٢٦گۆڵیشی لێ کرابوو، لە قۆناغی دووەمیش ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی یانەکە ڕیزی یانەکەیان جێهێشت، یانەکەش نەیتوانی گرێ کوێرەی سەرکەوتن بکاتەوە و دواجار ڕازی بوون بە دابەزین بۆ پلە دووی کوردستان.



# زیاد خواردنەوەی ئاو نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن سووک دەکات

ئاو رۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن IBS. بە ڕێنمایی پسپۆران، رۆژانە خواردنەوەی ٢-٣ لیتر ئاو زۆر پێویستە بۆ کەسانی تووشبوو بە گرژبوونی کۆڵۆن. بڕی تەواوی ئاو بالانسی ئۆسمۆتیك Osmotic یان شلە لەناو ریخۆڵەدا هاوسەنگ دەکاتەوە کە هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی ئاوسانی ریخۆڵە یان کۆبوونەوەی گاز و کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن هاوکات لەگەڵ رێگرتن لە ئەگەری قەبزیی پەیوەست بە گرژبوونی کۆڵۆن، هەروەها ئاو پێویستە بۆ خۆپاراستن لە سکچوون. تووشبووان بە گرژبوونی کۆڵۆن دوچاری کەمبوونەوەی شلەی لەش دەبنەوە لەبەر سکچوون، زیاد ئارەقەکردن یان کەم خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی تر، بۆیە خواردنەوەی برێکی باشی ئاو گرنگی زۆری هەیە بۆ رێگرتن لە کەمبوونەوەی شلەی لەش Dehydration. جگە لەمانە، خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو هاندەرە بۆ باشترکردنی فرمانەکانی مێشك و باشترکردنی مەزاج کە رۆڵی هەیە بۆ سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن.

# سک ئێشە پاش فتارکردنەوە هۆکار و چارەسەر



گەلێك کەس ڕاستەوخۆ پاش فتارکردنەوە تووشی ئازاری گەدە و سك دەبنەوە. یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ گەیشتنی بڕێکی زۆری خۆراك بە گەدە لە کاتێکی کەمدا، لەوکاتەی کە گەدە بۆ ماوەی نزیکەی زیاتر لە ١٤ کاتژمێر بە بەتاڵی ماوەتەوە. هۆکارێکی دیکە بریتییە لە خواردنی بڕی زیادی کاربۆهیدرات کە هاندەرە بۆ ئاوسانی گەدە و ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرس لە ئەنجامی کۆبوونەوەی گاز.
خۆپاراستن و چارەسەر: خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو لە ماوەی نێوان ژەمەکانی فتار و پارشێودا بە شێوەی پچڕ پچڕ، کەمکردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە و کاکاو، کەمکردنەوەی چەوری یان خۆراکە چەورەکان، کەمکردنەوەی شیرینی و قەنادی و خۆراکە کاربۆهیدراتییەکانی وەکو نانی سپی و هەویرکاری کە بە ئاردی سپی دروست کرابن، کەمکردنەوەی خۆراکی سوێر و پڕخوێ، کردنەوەی بەربانگ بە خواردنەوەی ئاو ئینجا شۆربا پاشان بەرە بەرە خواردنی ژەمی تەواو بە هێمنی و لەسەرخۆ، هەروەها هاوسەنگکردن و جۆراوجۆرکردنی ژەمی پارشێو، واتە خۆراکی پرۆتینی و کاربۆهیدراتی ئاڵۆزی وەکو پاقلەمەنییەکان لەخۆبگرێت لەگەڵ بڕێکی کەمی خۆراك چەور.

# وشکبوونی پێستی ژێر چاوەکان



پێستی دەوری چاوەکان بەتایبەتی ژێر چاوەکان ناسك و تەنکە بە بەراورد لەگەڵ پێستی بەشەکانی تری لەش، واتە توانای هێشتنەوەی شێداری کەمترە و زیاتر ڕووبەڕووی وشکبوون دەبێتەوە. جگە لە سووتانەوە و نارەحەتی، خورشت، سووربوونەوە، یان هەتا گۆڕانی ڕەنگ، وشکبوونی پێستی ژێر چاوەکان کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر توانای لاستیکیی پێست، ئەمەش هاندەرە بۆ لۆچبوونی پێشوەختە. لەمەش زیاتر، زیاد وشکبوونی پێستی ژێر چاوەکان دەبێتە ئەگەری قڵیشان و هەوکردن. خۆپاراستن: دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی پاککەرەوە و ئاوێتەی جوانکاریی بەهێز یان کەمکردنەوەی بەکارهێنانیان، بەکارهێنانی ئەو جۆرە شێدارکەرەوانەی کە چەوری لەخۆناگرن لەگەڵ پاککەرەوەی سادە کە ڕەنگ و بۆنیان تێدا نییە، پاککردنەوەی هەموو ئاسەوارەکانی ئارایشت پێش کاتی نووستن، دوورکەوتنەوە لە شووشتنی دەموچاو بە ئاوی گەرم و زیاد مەساجکردنی پێستی دەوری چاوەکان، هەروەها گرنگیدان بە خۆراك بەتایبەتی ئەو خۆراکانەی کە ماددە دژەئۆکسانەکان Antioxidants لەخۆدەگرن وەکو سەوزە گەڵا تاریکەکان و میوەی جۆراوجۆر.

# سرکەی سێو بۆ پاراستنی تەندروستیی جگەر




سرکەی سێو Apple cider vinegar، هەرزانە، بێ چەورییە، کالۆری کەم لەخۆدەگرێت، سیفەتی دژەئۆکسان و دژەهەوکردن و دژەبەکتریای هەیە، ترشی ئەسیتیك Acetic acid لەخۆدەگرێت کە سوودی تەندروستی هەیە. ئەمە سەلمێنراوە کە سرکەی سێو سوودی تەندروستیی زۆری بۆ کۆئەندامی هەرس هەیە وەکو: هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك، پاککردنەوەی لەش لە ماددەی زیانبەخش، هەروەها پاراستنی تەندروستیی جگەر بە شێوەی هاندانی سووڕی خوێن لە جگەردا لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی وزە و لابردنی ماددە زیانبەخشەکان کە لە جگەردا کۆدەبنەوە.

سرکەی سێو سوودی تەندروستی تریشی هەیە کە بریتین لە: هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆل لە خوێندا، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی شەکرە. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە سرکەی سێو لەوانەیە هێشتا سوودی تری هەبێت کە بریتین لەمانە: دابەزاندنی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، پاراستنی تەندروستیی دڵ.



# ئایا ڕۆژووگرتن هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن؟

بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستی، ڕۆژووگرتن هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن، هاوکات لەگەڵ دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن و کۆلیستیرۆڵی خوێن. هەروەها پێویستە لەسەر تووشبووانی پەستانی خوێن کە لە مانگی ڕەمەزاندا پەیڕەوی چەند ڕێنماییەکی تایبەت بکەن بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، بۆنموونە: پابەندبوون بە پارێزی خۆراکی تایبەتی بە پەستانی خوێن، وەکو کەمکردنەوەی خوێ و چەوری، بەتایبەتی چەورە تێرەکان، خواردنەوەی هەشت پەرداخ ئاو بەلای کەم لە ماوەی نێوان فتار(بەربانگ) و ژەمی پارشێودا، زیاد خواردنی سەوز ە میوەی جۆراوجۆر لە هەردوو ژەمەکەدا، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە ڕێژەی بەرزی ڕیشاڵ لەخۆدەگرن، کەمکردنەوەی خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای لەگەڵ شلەمەنییە گازدارەکان، دوورکەوتنەوە لە خواردنی مایۆنێز، ترشیات، خۆراکی قوتووبەند، کاتچەپ، هەروەها وەرگرتنی دەرمان لەکاتی خۆیدا بەو خشتەیەی کە دکتۆری نەخۆش بۆ مانگی ڕەمەزان دیاری دەکات، واتە پێویستە لەسەر تووشبووانی پەستانی بەرزی خوێن کە سەردانی دکتۆری تایبەتی خۆیان بکەن بۆ وەرگرتنی ڕێنماییەکان، هەروەها لەکاتی سەرهەڵدانی هەر نیشانەیەك پێویستە بە بێ دواکەوتن سەردانی دکتۆر بکرێت.









# ئەگەر ڤیتامین K لە لەشدا کەم بکات!

زۆربەی ڤیتامین K لە لەشدا لە خۆراکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشەکەی دیکەیش بەکتریای ڕیخۆڵە دروستی دەکات. ڤیتامین K زۆر پێویستە بۆ کرداری دروستی مەیینی خوێن و پاراستنی تەندروستیی ئێسکەکان. ئەم ڤیتامینە کە تەنیا لە چەوریدا دەتوێتەوە، بە بڕی کەم بۆ لەش پێویستە و لە جگەردا خەزن دەکرێت. گەڵا سەوزەکانی وەکو سلق، مەعدەنوس، سپێناغ، هەروەها برۆکۆلی، قەرنابیت، جگەر، لەگەڵ کەپەکی گەنم Wheat bran سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ ڤیتامین K. کەمیی ڤیتامین K لە لەشدا دەبێتە ئەگەری خوێنبەربوون، بەتایبەتی لە ژێر پێستدا لەگەڵ درەنگ وەستان یان مەیینی خوێن لەکاتی برینداربوون یان نەشتەرگەریدا، لە ئافرەتیشدا دەبێتە ئەگەری زیاد ونکردنی خوێن لەکاتی سووڕی مانگانەدا. لە لایەکی دیکە، کەمیی ڤیتامین K هۆکارە بۆ لاوازبوون یان پووکانەوەی ئێسك Osteoporosis. هۆکارە هاندەرەکانی کەمی ڤیتامین K لەشدا: گرفت لە کۆئەندامی هەرس کە دەبێتە ئەگەری بەد هەڵمژینی خۆراك، گیرانی ڕێڕەوی شلەی زراو، بەکارهێنانی دەرمانی دژەژی بۆ ماوەیەکی زۆر، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژەمەیین وەکو وارفارین Warfarin.








# ئایا فریزی دەستکرد زیانی تەندروستی هەیە؟

فریز (چیمەن)ی دەستکرد Artificial grass وەکو جێگرەوەی فریزی سرووشتی بەمەبەستی کارئاسانی بەکاردێت، بەڵام بەڵگەی زانستی لەبەردەستدایە کە لەوانەیە لە ڕووی تەندروستییەوە سەلامەت نەبێت. فریزی دەستکرد لە وردە لاستیك Crumb rubber دروست دەکرێت، ئەو وردە لاستیکەی لە تایەی کۆنی ئۆتۆمبیل کۆدەکرێتەوە کە ماددەی هایدرۆکاربۆنی بۆنداری PAHs تێدایە، هەروەها ئاوێتەی ئۆرگانیی هەڵچوو VOCs و کانزا قورسەکانی وەکو قوڕقوشم، زینك، مەنگەنیز، لەگەڵ ئاسن لەخۆدەگرن. ئەم ماددە کیمیاییانە بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پێست بە فریزی دەستکرد دەچنە ناو لەش، یان لە ڕێگەی ئالوودەبوونی دەستەکانەوە دەگەنە دەم، یانیش لە ڕێگەی هەناسەوە بە هەڵمژینی تۆز و هەڵمی فریزی دەستکرد. لە لایەکی دیکە ئەم وردە لاستیکانە ماددەی ڕێگریکردن یان دواخستنی سووتان لەخۆدەگرن، کە ماددەی ژەهراوین. جگە لەمانە، بەکتریای MRSA زیاتر لە نێو فریزی دەستکرددا گەشە دەکات و لەوانەیە بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە، بەتایبەتی لە مانگە گەرمەکاندا.







## کۆنترۆڵی جۆکەر بۆ هەموو ئامێرێک

ئامێرەکانی ماڵەوە ئەوەندە زۆرن و بۆ هەرکام لەو ئامێرانەش کۆنترۆڵی تایبەت هەیە، وەك کۆنترۆڵی تیڤی، سەحن، سپلێت، لە هەندێك شوێن پەردە، سپیکەر..تاد. جار هەیە لێت تێکدەچێ و نازانی کام کۆنترۆڵ هی کام ئامێرە. چەندە باش دەبوو بۆ گشت ئامێرەکان تەنیا یەك کۆنترۆڵ هەبا. تەکنەلۆژیا ناوەستێ و بیری لەوەش کردۆتەوە. کۆنترۆڵی Ovomote کە بێ وایەرە، بۆ هەموو ئامێرەکانی ماڵەوە دەبێت. کۆنترۆڵەکە شاشەیەکی لەمسی هەیەو پێویستی بە کۆدی تایبەت بەر هەر ئامێرێك نییە، لەسەر شاشەکە ئامێرەکان دیارن و پەنجە لەسەر هەرکامیان دابنێی ئەویان کۆنترۆڵ دەکەی.

## کۆمپیوتەرێکی بچووک ش

کۆمپیوتەری جۆری Higole PC Gole 1 Pro کۆمپیوتەرێکی بچووکە، هەر بەقەد مۆبایلێکی ئاسایی دەبێت. قەبارەکەی ٥,٥ ئینجە. مۆنیتۆری لەگەڵ خۆیدایە و جگە لەوەش دەکرێت مۆنیتۆری دیکەشی بۆ دابندرێت. لەگەڵ ئەوەیدا بچووکە لەبواری تواناوە لە ریزی کۆمپیوتەرە مەزنەکان دێت. سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە. هەروەها یەکەی لێکدانەوەی واتە CPU لە جۆری Celeron



## ماوسێکی زیرەک و ت

ئەوەی کار بە کۆمپیوتەر بکا دەزانێت ماوس واتە مشکۆکە، ئامرازێکی گرنگی کۆمپیوتەرە و وەك شاکلیلی کردنەوەی هەموو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێ. ماوس کارئاسانییەکی زۆر دەکا و پێویستی بە باسکردن نییە. بەڵام ماوسی زیرەك چییە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە. ماوسی زیرەك جیا لەوەی وەك ماوسێکی ئاسایی کار دەکا، بەڵام زۆربەی ئەرکەکانی کیبۆردیش جێبەجێ دەکا.

ماوسی جۆری DOCA یەکێکە لە ماوسە زیرەکەکان، گشت لابرەکان (شۆرکات) و کردنەوەی پرۆگرامەکان بەو ماوسە ئەنجام دەدرێ. پێویست ناکات بە دوای پرۆگرامێك لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا بگەرێی، بە کلیك کردن لەسەر ئایکۆنی پرۆگرامەکە لەسەر



## ـــــــاشەکەی لەگەڵ خۆیدایە

ی ئەنتەڵە. خێراییەکەی ٢,٧ گێگاهێرتزە. رامەکەی ٨ گیگابایتـە و میمۆری واتە شـوێنی هەڵگرتنی داتاکانـی ١٢٨ گیگابایتـە لـە جۆری SSDیـە.

سیستـەمی پەیوەنـدی وای-فـای ٦ و بلوتوسـی ٥ی لەسـەرە. جگە لەوەی شاشـەی خۆی لەگەڵدایە لە تەلەڤزیۆنە زیرەکەکانیش پەیوەند دەدرێ و بە کوالیتی 4K نیشان دەدا. سـپیکەرێکی بەهێـزی هەیـە و کۆمپیوتەرەکـە چونکـە فـەن واتـە پانکەی نییە زۆر بێدەنگە.



## پاوەربانکی هیتەر

لـە کاتـی زسـتان و سـەرمادا پێویسـت دەکات پەنجەکانـت گـەرم بکەیـەوە، ئەگینـا دەتـەزن! بـە فـوو لێکـردن گـەرم نابنـەوە. لەکاتێکـی وادا بیـر لـە زۆپـا یـا هیتەرێکـی کارەبایـی دەکەیـەوە. هیتەرێـك پـڕ بـە پەنجەکانـت بێـت.

هیتـەری جـۆری Union 5s بچووکـە بەقـەد، مۆبایلێـك هـەروەك لـە کۆتایی ناوەکـەی دەردەکەوێت تەنیا بە پێنج چرکە پەنجەکانت گەرم دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەیـدا کە هیتەرە پاوەربانکە و دەتوانێت مۆبایلەکەت بـۆ شـەحن بکاتەوە. چـوار پلە گـەرمـی هەیە. پلەی یەکـەم بەکارهێنـەر دەتوانێـت تا ١٥ کاتژمێر سـوودی لێوەربگیرێـت. پلـەی دووەم دەتوانێـت ١١ کاتژمێـر و هەروەهـا پلـەی سـێیەم دەتوانێت ٨ کاتژمێـر و پلـەی چوارەم ٦ کاتژمێر دەخایەنێ.



## ـــــــایبەتمەندییەکانی

شاشـەی ماوسـەکە پرۆگرامەکـە دەکرێتـەوە. لەگەڵ گشـت سیستەمەکان دەگونجێت. دەکرێت لەیەك کاتدا پێنـج کۆمپیوتەر سـوودی لێوەربگرن و هەرکام داتای تایبەت بە خۆیان هەبێ.

لـە ژێـرەوەی شاشـەی ماوسـەکە دوو دوگمـە هـەن، ئەگـەر دایبگـری هەسـتەوەری شاشـەکە لـە چالاکی دەکـەوێ و وەك ماوسێکی ئاسایی لێدێت. ماوسـەکە بـۆ پرۆگرامـە گرافیکـی و ڤیدیۆییـەکان گرنگـی تایبەتـی هەیـە و زیاتریـش بـۆ ئـەوان بەرهـەم هاتـووە. ماوسـەکە پێویسـتی بـە شـەحنکردنەوە نییـە، تەنیـا بـەو پـادەی لـە ژێـر ماوسـەکە دادەنرێت بەبێ وایـەر شـەحن دەبێتـەوە.

# پرۆگرامی تایبەت بە وێنەکێشان

سەدان پرۆگرام هەن تایبەت بە دەستکاریکردنی وێنەی فۆتۆگرافی، بەڵام ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە نیگارکێشانەوە بە بەراورد بە پرۆگرامی فۆتۆگرافی کەمن. یەکێك لە پرۆگرامە دەستەبژێرەکانی ئەو بوارە، پرۆگرامی Painterە. کە بەرهەمی کۆمپانیای corel. ئەم پرۆگرامە لە ریزی باشترین پرۆگرامەکان دێت و وەك ئەوە وایە هونەرمەندێك تابلۆیەکی هونەری بخولقێنێ. لەو پرۆگرامەدا سەدان برۆش و ئێفێکت هەیە کە بەکارهێنەری پرۆگرام بۆ هیچ شتێك دانامێنێ و دەستی ئاوالآیە. پرۆگرامەکە لەگەڵ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەگونجێت و تابلۆکان بە ئاسانی لە فۆتۆشۆپدا دەستکاری دەکرێن. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- چوارچێوەیەکی ئاسان و بەکارهێنانی بۆ کەسانی ناشارەزاش زۆر سەخت نییە.
- تێکەڵاوکردنی رەنگەکان بۆ ئەوەی رەنگی دڵخواز بەدەستی بێنی.
- سەدان ئێفێکی بە سوود و ناوازە.
- برۆش سێ رەهەندی و جۆراوجۆر.
- پشتیوانی کردن لە زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە.
- گونجان لەگەڵ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی و چەندین تایبەتمەندی دیکە.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەرێزێك دەپرسێت، پێموایە جیمێلەکەم هاك کراوە، چۆن بزانم دەستکاری جیمێلەکەم کراوە؟** بەرێز بە زۆر هۆکار دەزانی کە جیمێلەکەت هاك کراوە، کە جیمێلەکەشت هاك بکرێ، بێگومان هەژمارەکانی دیکە کە بە جیمێل بەستراونەتەوە هاك دەکرێن. بۆ زانینی هاکی جیمێل: گۆڕینی پاسۆرد، بەبێ ئەوەی خۆت گۆڕیبت. ئاگادارکردنەوەکەت لەلایەن خودی جیمێلەوە کە باسی گۆڕینی پاسۆرد دەکات. سەیری بەشی Last account activity بکە بزانە جگە لە ئامێرەکانی خۆت چەند ئامێرێکی دیکەش بە جیمێلەکەوتەوە پەیوەند دراون. هاتنی لەخۆوەی چەندین ئیمێلی نەناسراو.. بۆ ئەوەی کێشەت بۆ نەیەتە پێش، پاسۆردێکی بەهێز دابنێ و جار جارە هەم پاسۆردەکە بگۆڕە.

## ئۆتۆمبیلە کۆنەکان دەکات بە ئۆتۆمبیلی زیرەک

ئامێرێکی بچووکە بە OtoZen ناسراوە، لە سەر سوکانی ئۆتۆمبیل یان لەسەر داشبۆردەکەی دادەنرێ. زۆر بە گوێیە و ئەوەی خاوەنەکەی پێی بڵێ بۆی جێبەجێ دەکا. لە راستیدا ئۆتۆمبیلە کۆنەکان دەکاتە ئۆتۆمبیلی زیرەك. هاوڕێیەکی باشی شۆفیرە و لە زۆر هەڵە دەیگێڕێتەوەو زۆر کارئاسانی بۆ دەکا. زۆربەی پێکدادانەکان بەهۆی کەمتەرخەمی شۆفێریەوە ئەویش جا بە شتێکەوە دەخافڵێ، وەك وەڵامدانەوەی پەیوەندی و خوێندنەوەی پەیامەکان و یان گەڕان بە دوای گۆڕانییەکدا. OtoZen بە تەنیا هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکا. کاتێکیش هەست بەوە دەکا زۆر خێرا دەڕۆیی دەست دەکا بە لێدانی زەنگی هۆشیارکردنەوە. پاش هەر گەشتێکیش راپۆرتێك لەسەر گەشتەکەت بڵاودەکاتەوەو بەپێی چۆنییەتی راپۆرتەکە نمرەت پێدەدا.

بەهۆی ئەو ئامێرەوە بچووکەوە دەتوانی پەیوەندی بە سیستەمی دەنگی ئەلکسای گوگڵ و سێری ئەپڵەوە بگری و تا وەڵامدەرەوەت بن. جگە لەوەش دەتوانی هەر بەهۆی ئەو ئامێرەوە کۆنترۆڵی ئامێرە زیرەکەکانی ماڵەوە بکەی. بۆ ئەوانەی لە شوێنێك چاوەدێریت دەکەن و تۆ بە نیازی بچی بۆ لایان، یان بگەڕێوە ماڵەوە، ئامێری ناوبراو بە نزیك کەوتنەوەیان زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ بەرێ دەکا.





## سپیکەر و پاوەربانک پێکەوە

ئامێرە دیجیتالیەکان هەروا دێن زیاتر دەبن، بوونی ئەو هەموو ئامێرە ماڵەوە قەرەباڵغ دەکەن. بیر لە ڕێگا چارەی ئەمەش کراوە و ئێستا چەند ئامێرێك پێکەوە لەپاڵ یەك دەخەن، وەك پاوەربانکی جۆری TYLT Blockparty کە هەم وێستگەیەکی گەڕۆکی شەحنکردنەوەیە و هەم سپیکەرێکی بەهێزی دژە تەڕبوونیشە. باتری پاوەربانکەکە بیست هەزار میلی ئەمپێرە و لەیە کاتدا دەکرێت چوار ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە. بڵندگۆکەی دەکرێت بە جیاش لێبکرێتەوە. کێشی پاوەربانکەکە بە بڵندگۆکەوە کیلۆیەك زیاترە. هێزی پاوەربانکەکە ئەوەیە کە دەکرێت مۆبایلێك شەش جار شەحن بکاتەوە، یان دەکرێت لەیەك کاتدا ٤ مۆبایل شەحن بکاتەوە.

شوێنی کێبڵی ACیشی هەیە و دەکرێت وەك وێستگەیەکی کارەبایی بۆ گەشت و گوزار بۆ هەڵکردنی گلۆپ سوودی لێوەربگیردرێت.



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندن پرۆگرامەکانی پاش فۆرمات

کاتێك کۆمپیوتەرەکەت بەهەر هۆیەك بێت فۆرمات دەکەیەوە، هەندێك پرۆگرام هەن کە پرۆگرامی سەرەکین و زۆر پێویستن لە کۆمپیوتەردا، وەك وێبگەڕەکانی گوگڵ کرۆم و فایر فۆکس و ئێدج...تاد، هەروەها ئەو پرۆگرامانەی بۆ میدیا و سەیرکردنی فیلم و وێنە و گوێگرتن لە مۆسیقا...تاد. ئەم پرۆگرامانە دەبێت یەکە یەکە دابەزێنە سەر کۆمپوتەرەکەت. ماڵپەڕی https://ninite.com/ کارئاسانییەکی زۆری کردووە، کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە لیستێك لەو پرۆگرامە پێویستانە داندران، دەتوانی کام پرۆگرامت پێویست بوو، دەستنیشان بکەی و پاشان هەموویان پێکەوە دابەزێنی. خزمەتگوزارییەکە بە خۆڕاییە و هەروەها پرۆگرامەکانیش کێشەی ڤایرۆس و تێکچوونیان نییە.




## پرینتەرێکی سێ دەوری بچووک و خێرا

پرینتەری سێ دەوری 3D هەرچەندە ئەوەندە لەناو جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا جێنەکەوتووە، بەڵام سوودێکی زۆری لێوەردەگیردرێت. هۆکاری ئەوەی کە نەکراوە سوود لە پرینتەرە 3D یەکا وەربگیرێ ئەوەیە تێچوویەکی زۆریان دەوێت و جارێ کورد گوتەنی لە کڕین نایەن. قەبارەی پرینتەرەکانیش جیاوازن بەگشتی گەورەن. بەڵام پرینتەری جۆری AstroFab هەم کێشی کەمە و هەم توانایيەکی زۆر. شاشەیەکی شەش ئینجی لەسەرە بۆ کارئاسانی. چرکە بە چرکە چۆنییەتی ڕەوتی کارەکە نیشان دەدات. پرینتەرەکە چوار ڕەنگی هەیە، شین و سەوز و نارنجی و زەرد. پرینتەری ناوبراو دەتوانێت هەر شتێك پرێنت بکا و بۆ کاروباری پیشەسازی و دروستکردنی هەندێك کەلوپەلی ماڵەوە گرنگی خۆی هەیە.

# لە ڕەمەزاندا چۆن پارێزگاری لە جوانی و نەرمیی قژت دەکەیت

هەندێك لە پسپۆڕان دەڵێن، پێویستە خانمان ڕۆژانە قژیان بشۆن، کە ئەوەش ئەرکێکی زۆرە و ماندووبوونی دەوێت، بەهۆی ئەوەی ئافرەتان لەو مانگەدا ماندوون و کاری ماڵەوەیان زۆرە، دەتوانن شووشتنی قژیان کەمتر بکەنەوە بۆ هەفتەی دووجار، چەند ڕێنماییەکیان دەربارەی جۆری قژ داوە کە بریتیین لە، ئەوانەی کە قژیان ڕەق و دڕە پێویستە دوو ڕۆژ جارێك قژیان بشۆن لەگەڵ شانەکردنی بەهێز، تا دەگەیتە ڕەگی مووەکان، ئەو شامپۆیانەش بەکار بهێنن کە ماددەی چەورییان تێدایە. ئەوەی قژی لوولە، پێویستە سێ تا چوار جار لە هەفتەیەکدا بشۆردرێت، هەروەها ئەو جۆرە شامپۆیانە بەکار بهێنرێت کە دەوڵەمەندە بە ڕۆنی گوێزی هیندی. سەبارەت بەوانەی کە قژیان خاوە، کە خەونی هەموو ئافرەتێکە، پێویستە ڕۆژێك نا ڕۆژێك پرچیان بشۆن، هەروەها شامپۆ و بەلسەمی سادە بەکار بهێنن، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژانە جارێك شانەی بکەن. پێویستە بزانیت کە قژت چەورە یان نا، بۆ ئەوانەی قژیان چەورە، پێویستە ڕۆژانە قژت بشۆیت، هەروەها شامپۆی پڕ لە نەعناع و کالیتۆس و ڕۆنی داری چای بەکار بهێنن، لە کۆتاییدا ئەوەی قژی بۆیە کردووە، دەتوانێت بەپێی جۆری بۆیەکە بیشوات، کە زیاتر دوو جارە لە هەفتەیەکدا، بۆ ئەوەی ڕەنگەکەی نەڕوات و ون نەبێت.



# دیاری و خەڵات لە ڕەمەزاندا پێشکەش بکە



ڕەمەزان، مانگی خێر و بەرەکەت و خۆشییە، کە پێویستە لەگەڵ ئەو مانگەدا جگە لە بەڕۆژووبوون و خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە، هەروەها پێویستە دڵێکی ئارام و هەستێکی خۆشت هەبێت، لە هاوکاری و یارمەتیدانی کەسانی کەمدەرامەت، چ بە خواردن بێت یان هاوکاریی ماددی و پێدانی کەرەستە، کەموکورتی نەکەیت، سەرەتا لە کەسانی دەوروبەری خۆتەوە دەست پێبکە، بزانە کامەی پێویستی بە هاوکارییە، پاشان دراوسێ و دواتر کەسانی دوورتر، دوای ئەوە هەوڵی پێشکەشکردنی دیاری و خەڵاتی جۆراوجۆر بە کەسانی ئاسایی بدە، بە تایبەت ئەوانەی کە خۆشەویستن و هاوبەشی ژیان و ئەندامانی ماڵ و هاوڕێ و کەسانی شایستەن، بۆیە ئەو مانگە بکەنە مانگی لێبوردن و خۆشی و بەختەوەری، بە دیاری و خەڵاتی جوان دڵی یەکتر شاد بکەنەوە، یان ئەوانەی پێشتر کێشە و گرفتیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، هەوڵ بدەن ڕۆژانە بەر لە بەربانگ خواردنی زیاتر بکەن بنێرن بۆ دراوسێ یان ئەوانەی ژیانیان باش نییە، هەروەها ئەگەر پارەی زیاد لە توانای خۆت هەبوو، بەو کەسانەی بدە کە پێویستیانە، هەروەها کەسێکی بەرزبە و دیاریی جۆراوجۆر ببەخشە، سەرەتا جوانترین دیاری بریتییە لە قورئانی پیرۆز، کە دەتوانیت پێشکەشی مزگەوت و خەڵکی بکەیت، دواتر تەسبیح و ملوانکە و دەسبەندی جۆراوجۆر کە گوزارشت لە ئایین و مانگی ڕەمەزاند دەکات، هەروەها کتێب و نامێلکە و کارتی جوان پێشکەش بکەن، بۆنوبەرامیش لە بیر مەکە کە جوانترین دیارییە لەم مانگەدا، کەلوپەلەکانیش دەکرێنە دیاری و خەڵات، دەتوانیت وردە خشڵ و کەرەستەی جوانکارییش بە دیاری بە کەسێك بدەیت، جلوبەرگ وەك ڕەفتە و یان جلی دیکەی تایبەت، هەروەها ئەو جلانەی خۆت کە بۆت ناگونجێت، بیبەخشە.



# چەند ڕێنماییەک بۆ پارێزگاری لە جوانیت لە کاتی بەرۆژووبووندا

ڕۆژووگرتن پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەخاتە سەر جەستە، بەوپێیەی کە ماوەیەکی زۆر بێ خواردن و خۆراك و ئاو دەمێنێتەوە، بەمەش جەستەت لە وشك بوون نزیك دەبێتەوە، ڕەنگە پێستت ئەزیەت بدات و هەروەها هەندێ کاریگەریی لەسەر بێتاقەتی و ماندووبوونیشت بکات، بۆیە ڕێنمایی پسپۆڕانی جوانکاری لە کاتی بەڕۆژووبووندا دەبێتە جێگەی پارێزگاری لە جوانیت، بەم چەشنەی خوارەوە، سەرەتا پێویستە ڕۆژانە پێستت پاك بکەیتەوە، بەتایبەت شەوان بەر لە نووستن، هەروەها بەکارهێنانی کرێم و کەرەستەی تەڕکردنی پێست لە کاتی بەڕۆژووبووندا، تاوەکو قەرەبووی کەمبوونی ئاو لە پێستدا بکاتەوە، ڕۆژانە لە دوای بەربانگەوە تاوەکو پارشێو، پێویستە ئاو بخۆیتەوە، بۆ ئەوەی بۆنی دەمت خۆش بێت، پێویستە لە کاتی پارشێودا خەیار و چای سەوز و پرتەقاڵ و میوە بخۆیت، هەروەها ددانیشت بشۆیت لە دوای پارشێودا، گرنگی بە سەوزەکان لە کاتی خواردن بدە، هەروەها شیرینەمەنی کەم بکەرەوە، هەفتەی جارێك خۆت بشۆ، ئەگەر زۆر پێویست بوو، بیکە بە دووجار، تاوەکو قەرەبووی وشکیی پێستت بکاتەوە، خەوێکی باش بکە کە ڕۆژانە لە هەشت کاتژمێر کەمتر نەبێت، ماکیاژیش بە سادەیی بکە بۆ کاتی دەرچوون و دەوام.




# مەترسیدارترین درەخت


درەختی مانچینێل (Hippomane mancinella) بە یەکێك لە ژەهراویترین درەختەکانی جیهان پۆلێن دەکرێت، تەنیا دەستلێدانی تیغەکەی دەبێتە هۆی سووتانی دەستت و خواردنی میوەکانی دەتکوژێت، ئەگەر هەوڵی سووتاندنی بدەیت دوکەڵەکەی کوێرت دەکات، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر لە کاتی بارانبارینیدا لە ژێر ئەم دارە ڕاوەستابیت و بارانەکە بەسەر پێستتدا ببارێت، ئەوە دەبێتە هۆی سووتانی توندی پێستت، مانچینێل بە شێوەیەکی سرووشتی لە وڵاتانی کاریبی و ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکا و باهاماس لە مەکسیك و ئەمریکای ناوەڕاست و باکووری ئەمریکای باشوور دەبینرێت.

# باران و باخچەی دەستکرد



چەند ساڵێك لەمەوبەر وڵاتانی کەنداو بەهۆی ئەوەی لە بیابیان نزیکن و پلەی گەرما بەرزە و کەشێکی گەرمیان هەیە، نەبوونی باران و گەرما هەراسانی کردبوون، ئەمەش وای کردووە خەڵکی ئەو شوێنە حەز بە باران بکەن، کە وڵاتانی کەنداو بیرۆکەی دروستکردنی باخچەیەکی دەستکردیان هێنایە کایەوە، کە تیایدا باران ببارێت و دەریاچەیەکی بچووك و حەوزی گەورەی ماسییش لە خۆ بگرێت، تەنانەت کەناری تایبەت بە خۆی هەبێت هاوشێوەی ئەو وڵاتانەی کە بارانی زۆریا تێدا دەبارێت، ئەو باخچەیە لە نێو هۆتێلێکی تازەدا دروست کراوە بە ناوی (ڕۆز مۆنت ئەند ڕیزەیدنسز)، دروستکردنی ئەو هۆتێلە بە بڕی یەك ملیار درهەمی ئیماراتی تەواو دەبێت، ڕووبەری دەگاتە (١٣) هەزار مەتر دووجا، لە دوو تاوەڕی هاوشێوە و لە (٥٣) نهۆم پێك دێت، باخچەکە دەکەوێتە ژێرەوەی تاوەرەکان کە لە پێنج هۆڵ و نهۆم پێك دێت، بارانبارینیش بەپێی وەرزەکان دەبێت، لە سەرەتای وەرزی زستان باران دبارێت تا کۆتایی وەرزی بەهار، ئەو بیرۆکەیە لەوەوە هاتووە کە زۆربەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی وڵاتانی کەنداو دەکەن، حەزیان لەو کەشوهەوایەیە.








# جوانترین مزگەوتەکانی کوردستان و جیهان

ئەندازە و باڵەخانەی جوانترین مزگەوتەکانی جیهان بە جوانترین شێوە دانراون، لە کوردستانیش تا ئێستا مزگەوتی جەلیل خەیات بە جوانترین مزگەوت دادەنرێت، هەروەها لە جیهاندا چەندین مزگەوتی دیکە هەن لەوانە: مزگەوتی (پوترا) لە مالیزیا بە یەکێك لەجوانترین مزگەوتەکانی جیهانە، لەسەر دەریاچەی (پوترا) دروست کراوە و جێگەی (١٥) هەزار کەس دەبێتەوە، لە ساڵی (١٩٩٩) دروست کراوە. مزگەوتی کریستاڵ لە مالیزیا کە مزگەوتێکە لە کریستاڵ دروست کراوە و هەموو هۆکارەکانی تەکنەلۆژیای سەردەمی تێدایە، وەك ئەنتەرنێت کە بەهۆیەوە ئەو کەسانەی دێنە مزگەوتەکە دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی قورئان بخوێنن، ئەم مزگەوتە بە دووەم گەورەترین مزگەوتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دادەنرێت و شوێنی زیاتر لە ١٥ هەزار کەس دەبێتەوە. مزگەوتی شیانی مەزن لە چین، بە جوانترین مزگەوتی جیهان دادەنرێت، بەگوێرەی هونەری بیناسازیی چینی دروست کراوە، کە نە گومەزی تێدایە نە شوێنی بانگدان، ئەم مزگەوتە بە نەخش و ئایەتی ئیسلامی ڕازێندراوەتەوە. مزگەوتی فەیسەڵ پاشا لە پاکستان: ئەم مزگەوتە دەکەوێتە ئیسلام ئابادی پایتەخت لە نێوان چەند شاخ و بەرزاییەکی زۆر جواندایە، لە شێوەی چارۆگەیەك دروست کراوە کە گومەزی نییە، هۆڵی نوێژکردنەکەی شوێنی ١٠ هەزار کەس دەبێتەوە، هەروەها گۆڕەپانە دەرەکییەکانی شوێنی ١٥ هەزار کەس دەبێتەوە، ئەم مزگەوتە چوا منارەی هەیە و بڕی تێچوونی ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە. مزگەوتی شوشەیی لە ئەڵمانیا: بەشێوەی پیتی لامی لاتینییە و دیوارەکانی لە جامی ڕوون دروست کراون، پێشەوەی مزگەوتەکە لە جامی شین و سپییە، هەروەها شاشە لە دەرەوەی مزگەوتەکە دانراوە کە کاتی نوێژی تێدایە و شاشەی ئەلیکترۆنییش لە ناوەوەی مزگەوتەکەدا هەیە، تا شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن نیشانی موسوڵمانان بدات. مزگەوتی شین لە تورکیا: پێی دەگوترێت مزگەوتی (سوڵتان ئەحمەد) بە یەکێك لە شوێنە گرنگەکانی هونەری بیناسازیی ئیسلامی دادەنرێت و حەوت شوێنی بانگدانی تێدایە.







## کاریکاتێر

کاریکاتێرکە باس لە کاریگەریی جەنگ لەسەر خەڵکی سیڤیل دەکات، لە کاریکاتێرەکەدا ئافرەتێکی بەتەمەن دیەوێت بە تیرۆك لوولەی تانکێك بشکێنێت.




## دیمەنە سەیرەکان

ساڵی ١٩٤٥چەند منداڵێکی ڕووسی لۆگۆی نیشتیمانیی ئەمریکییەکانیان لە تەختە دروست کرد و دایانە دەستی باڵوێزی ئەمریکا لە ڕووسیا، باڵوێزی ئەمریکا بەخۆشحاڵی و ڕێزەوە لێی وەرگرتن، وەك هیوایەك بۆ دروست بوونی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان هەردوو وڵاتدا، پاش ٧ ساڵ ئەمریکییەکان بە ڕێکەوت بۆیان دەرکەوت لەناو لۆگۆکەدا ئامێری سیخووڕیی هەیە و هەر قسەیەك لە باڵوێزخانەکا دەکرێت، دەیگوازێتەوە بۆ ڕوسەکان.

# ناشیرنترین و ناحەزترین گیاندار

جوانی پێوەرێکە بۆ دڵخوازی و خواستن، بە تایبەت لە گیاندارانـدا کە ئەوانەی شێوە و ڕواڵەتێکی جوانیان هەیە، هەمیشە داواکراو و بەرچاون، لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (وۆندەر لیست) ناشیرینترین و ناشایستەترین ئاژەڵان و گیانداران بڵاوکراوەتەوە، کە لە لیستێکدا (١٠) ناشیرینترین گیاندارییان دەستنیشان کردووە، ناشیرینەکانیش ئەوانەن: مەیموونی برۆبۆسیس، بەرازی وەحشیی ئەفریقی، سەگی چینی، بازی تورکی، پیرە لووت ئەستێرە، ئایای، ماسیی مۆنگ، شەمشەمەکوێرەی شێوەی ئەسپ، ماسیی (خەفاش)، ماسیی دڵۆپە.







## یاسا

**حیجزی ئۆتۆمبێلی تەکسی**

ئایا دەکرێت ئۆتۆمبیلی تەکسی حجزی بخرێتە سەر و بفرۆشێت لە لایەن دائرەی جێبەجێکردن؟، بەپێی یاسای جێبەجێکردن ئۆتۆمبیلی تەکسی بە سەرچاوەی داهاتی قەرزار دادەنرێت، بۆیە ناکرێت حجزی بخرێتە سەر و بفرۆشریت (القرارات التمیزیة) ئەگەر کەسی خاوەن تەکسی پەکەوتە بوو، دەکرێت ئۆتۆمبێلی تاکسیەکەی لە دائرەی جێبەجێکردن بفرۆشرێت، لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگەی هاتوچۆ کەسی پەککەوتە ناتوانێت کاری تەکسی بکات.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

چاوەڕێ مەکە کارەکان بە ئاسانی بە دەستتەوە بێت، پێویستت بە خۆماندوکردن هەیە، ئەم ماوەیە زیاتر چاوت لەسەر چالاکییەکانی خۆشەویستەکەت بێت، پێویستی بە هاوکاریی تۆ هەیە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەهۆی سەرکەوتنەکانتەوە خێزانەکەت شانازیت پێوە دەکەن، ئەمرۆ ڕۆژێك دەبێت بە خواستی خۆت، کاتەکانت لە چەند چالاکییەکی چێژبەخشدا بەسەر دەبەیت، تەندروستییەکی باشت هەیە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێك گرفتی تەندروستی ببیتەوە، وەکو کۆکە و قورگ ئێشە، هەربۆیە ئاگاداری خۆت بە، لە ڕووی پیشەییەوە سەرکەوتنت نزیکە، تەنیا بەپرسیارییەتیی ئەو کارانە لە ئەستۆ بگرە کە ئەنجامی دەدەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەندێك کەسی نوێ دێنە ژیانتەوە و شێوازی ژیانت گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، مەترسە لەوەی پلانەکانت جێبەجێ بکەیت، ئەم ماوەیە چانسی زیاتر دێتە بەردەمت، تەندروستیت جێگیرە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستە گۆڕانکاری لە سیستمی خۆراکیتدا ئەنجام بدەیت، لە ڕووی پیشەییەوە ئەگەر پلانت هەیە هەنگاوی جیاواز بنێیت، پێویستە خۆت ماندوو بکەیت و چاوەڕێی هاوکاریی کەسانی دیکە نەکەیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لە ڕووی پیشەییەوە چەند پێشنیازێکی جیاوازت بۆ دەکرێت، هەوڵ بدە بە وردی بیریان لێ بکەیتەوە و پاشان بڕیاریان لەبارەوە بدە، تەندروستییەکی باشت هەیە، تەنیا هەوڵ بدە دوور بکەویتەوە لە خواردنی چەوری و شیرینی.

بۆ زانیاریت

## ماددەی The botulinum toxin type H

دەگوترێت کە یۆرانیۆم و پلۆتۆنیۆم، بەهێزترین و کاریگەرترین ماددەن لەسەر زەویدا، بەڵام ڕاستییەکە ماددەی بوتولینم جۆری H، بە مەترسیدارترین ماددەی جیهان دادەنرێت، تەنیا گرامێك لە ماددەی بوتولینوم جۆری H، توانای کوشتنی زیاتر لە یەك ملیۆن کەسی هەیە و، فڕێدانی گالۆنێك لەم ماددەیە بۆ ناو دەریا بەسە بۆ کوشتنی هەموو جۆرە زیندەوەرەکانی دەریا.



## فیلم




### جیابوونەوەی ڕاستەقینە
### TRUE SPIRIT

فیلمێکی کۆمەڵایەتی و سەرکێشییە، لە وڵاتی ئوستralیا بەرهەم هاتووە، باس لە کچە هەرزەکارێك دەکات کە پلان دادەنێت بۆ ئەوەی ببێتە گەنجترین دەریاوان، کە بە تەنیا گەشت بە هەموو جیهاندا بکات، ئەوەش خەونی منداڵییەتی و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا جێبەجێی دەکات، هەر لە میانی گەشتەکەیدا تووشی چەندین دەردەسەری و حاڵەتی ترسناك دەبێتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٩ خولەکە، لە دەرهێنانی داننی ڕۆهیمان، لە نووسینی ڤیرۆنیکا جێنیت، لە نواندنی تیگان کرۆفت، ئانا پاکوین، کلیف هێرتس، تۆد لاسانسی، ئەلێس تات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بە یارمەتی خێزانەکەت دەتوانیت کێشە سۆزدارییەکانت چارەسەر بکەیت، بە تەواوی پشتگیریت دەکەن و ڕێگری دەکەن لەوەی زیانت پێ بگات بەهۆی کێشەکانەوە، چێژ لە کاتەکانت ببینە، ڕەنگە لە چەند ڕۆژی داهاتوو زیاتر سەرقاڵ بیت و کاتت نەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەواڵێکی خۆش دەبیستیت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروونت جێدەهێڵێت، ئەمڕۆ خواردنەکانت بە سووکەژەم بێت و دوور بکەوەرەوە لە ژەمی قورس، دەنا زیان بە گەدەت دەگەیەنێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەگەر پلانی گەشتت هەیە، وریای خۆت بە، ڕەنگە بکەویتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، بە باشی خۆتی بۆ ئامادە بکە، ڕاهێنانی وەرزشی و سیستمی خۆراکی دیاریکراو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی جەستەیەکی تەندروستت هەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتی ئەوە نییە خۆت سەرقاڵی کێشەی کەسانی دیکە بکەیت و ئەرکەکانی خۆت پشتگوێ بخەیت، لە ڕووی پیشەییەوە سەرەتا لەو کارانەوە دەست پێبکە کە گرنگن، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت ماندوو بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕەنگە ئەو چانسەت نەبێت ڕووبەڕوو خێزانەکەت ببینیت و کاتیان لەگەڵدا بەسەر ببەیت، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر کات لەگەڵ هاوڕێکانت بەسەر ببەیت، گۆڕانکاری لە سیستمی خۆراکیدا سوود بە تەندروستیت دەگەیەنێت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بەربەستەکان ببیتەوە، خۆت سەرقاڵ مەکە بەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کاتی دێنە ناو ژیانتەوە، باشترە بایەخ بە کەسە گرنگەکانی ژیانت بدەیت.




## پەند و وتە


ئەلیس ستۆکیس پاوڵ ئەندامی کۆمەڵەی ئایینی ئەمریکی و فیمینیست، چالاکوانی مافی مرۆڤ، لە ساڵی ١٨٨٥ لە شاری نیوجێرسی لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی یەکسانی دەڵێت: کارێکی بڕوا پێ نەکراوە، کە جیهانێك دەبینم یەکسانیی تیایدا بەدی ناکرێت، ئافرەتان بە درێژایی مێژوو لە زۆربەی بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیدا فەرامۆش کراون.



## یاریی وێنە


لەم وێنەیەدا کە دیمەنێکی سرووشتییە، ڕوخسارێك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بیدۆزیتەوە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly April 10, 2023 Issue,No.1360


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626